


ئینتمای نەتەوەیی و هەستی نیشتمانپەروەری
دووفاکتەری گرنگ بۆ بوونیادی ئاینده



عەدەسەی چاو و گرفتەکانی



پرچی درێژی کوڕان لاسایکردنەوەیە یان بۆ سەرنجڕاکێشانی کچانە؟



نزار سەلامی: خۆی بە
ئەکتەری شانۆ دانانێت



لاسایی ئەو خانمە مەکەن!



جوانا مەلاح: جەماوەر
هەمیشە شتی نوێی دەوێ

■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فوئاد سـدیق
Editor-in-Chief
Fuad Sideeq
fuadsdeeq@hotmail.com
☎ ٠٦٦ ٢٢٣٢٣٨٥
☎ ٠٦٦٢٢٣٠٣٠٠

■ جێگری سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Deputy Editor-in-Chief
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Farhadmohmad@gulan_media.com
تەلەفون: ٢٢٣١٥٢٧

■ بەڕێوەبەری نووسین
شوان تاڤینگ
Managing Editors
Shuwan A. Mihemmad
taving@myway.com

■ بەڕێوەبەری هونەری
Art Manager
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ و دیزاین
لوقمان ڕەشیدی

■ بەڕێوەبەری پەیوەندیەکان
ساڵح عومەر قادر
Relation`s Manager
Mobil 0750 456 7070
salih_omer2003@yahoo.com

■ فایلەکان
شەماڵ نووری: ئابووری
خەلیل بلەیی: هونەری
هاوژین عومەر: کۆمەڵایەتی
مەهدی حاجی ساڵح: ڕەنگاوڕەنگ
سەنگەر شنۆیی: IT
ئەحمەد عەزیز: وەرزش

■ ناوونیشان: هەولێر - شەقامی ٤٠ مەتری
تەنیشت مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی (پ.د.ك)

# حزبەئیسلامیەکانی کوردستان لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی گرنگدان



سالار عوسمان

ئەمسـال سـالێکی گرنگـە لەژیانـی سیاسـیی کوردستاندا، گرنگییەکەشی بەپلەی یەکەم لەهەڵبژاردنەکان دەوسەرچاوەدەگرێت، هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و پەرلەمانی کوردسـتان و ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردسـتان و کەرکوکیـش دەگەڵیدا، هەمدیس هەرلەو ساڵەدا پارتی دیموکراتی کوردستان کونگرەی خۆی دەبەستێت و لەوانەیە یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش کۆنگرە ببەسـتێت، بەبڕوای چاودێرانی سیاسی ئەمساڵ ساڵێکی گەرم دەبێت، سـاڵی یەکلاکردنەوەی کۆمەڵێک پرسـی سیاسـی دەبێت، هەندێ لەچاودێرانی سیاسی وای بۆدەچن کەساڵی یەکلاکردنەوەی کێشەکانی نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستانیشـە، کەمن لەمەیاندا هاوڕانیم، چونکە پێموایە کێشەهەڵواسراوەکانی نێوان بەغداو هەرێمی کوردستان لەوە قوڵترن کەئەمسـاڵ بەیەکجاری یەکلا بکرێنەوە، بەتایبەت پرسی کەرکوک کەپرسێکی فرە ئاڵۆزە!.

سەبارەت بەکوردسـتان - کەپتر قسەی ئێمەش هەر لەو بازنەدایە- سـاڵێکی گرنگە، هەربۆیە حزبەسیاسـییەکانی کوردستان لەخۆئامادەکردندان، بەتایبەت پارتی دیموکراتی کوردسـتان و یەکێتی نیشتمانی کوردسـتان، بەحوکمی ئەوەی لەنێو دەسەڵاتدان.

هەر لە ئێسـتاوە خەریکە روخسار و رومای هەڵمەتیکی گەورەی ریکلامکردنی سیاسـی وحزبی وەدیار دەکەوێت، ئەوەی لەو ماوەیەدابۆتە مایەی قسەلێکردن و گفتوگۆی نێو خەڵک، هەڵوێسـتی حزبەکانی دەرەوەی پارتی و یەکێتییە کـە بە چوارحزبەکە ناودەبرێن و لەنێو ئەو باسانەشـدا زێتر باس لەهەردوو حزبی (یەکگرتـوو و کۆمەڵ)دەکریت کە ئایا دەچنە نێولیسـتی هاوپەیمانی کوردسـتان، یان وەک خۆیان لێرەو لەوێ بانگەشـەی بۆدەکەن بەلیستی سەربەخۆ دادەبەزن!؟ !..

دیارە بۆحزبە ئیسلامییەسیاسـییەکانی کوردسـتانیش ساڵی ٢٠٠٩ سـاڵێکی گرنگە وئەوانیش دەبێ بەدەفتەری حیساباتی سیاسیی خۆیاندا بچنەوە، چونکە نە خەڵک و نە قاعیدەی خۆشیان لێیان قبوول ناکەن لەلایەک ئۆپۆزسیۆن بن و لەلایەکی تر نانی دەسەڵات بخۆن!..

بەبڕوای من سـاڵی ٢٠٠٩ بۆ حزبە ئیسـلامیەکانیش سـاڵی هەڵسـەنگاندن و لەمەحەک دانە!.. واباشـەحزبە سیاسییە ئیسـلامییەکانی کوردسـتان چیتر بەدوورەنگی جیاواز، بـەدوو ریتمی جیاواز کارنەکەن وهەوڵ بدەن خۆیان بدۆزنەوە!.. مەبەسـتم لەخۆدۆزینەوە ناسـینەوەوی قەبارەی سیاسیی خۆیانە، چونکە لەناسینەوەی قەبارەی سرووشتیی خۆیاندا دەتوانن باشـتر خۆیان ببینن و لەو وەهمەش دەرچن کەپێیانوایە خەڵکیکی زۆر لەگەڵیاندایەو دەنگیان بۆدەدەن!.. قسەیەک لەنێو خەڵکی کوردسـتانداهەیە کە زۆر راستە، ئەویش نادروسـتیی رێـژەی ئەودەنگەیـە کە(یەکگتووی ئیسـلامی) لە هەڵبژاردنی رابردووی پەرلەمانی کوردستان هێنـای، چونکە ئەم دەنگە هەربەتەنیا دەنگی (یەکگرتوو) نەبوو بەڵکو دەنگی (یەکگرتوو و کۆمەڵ و بزوتنەوە و نەهزە و یەکبوون و هەموو ئیسلامیە سیاسییەکانی کوردستان بوو، دیارە ئەم قەناعەتەش بەڵگەی لەپشـتە، ئەمسـاڵ دەبێ حزبە ئیسـلامیەکانی کوردستان واز لەقسەی بریقەداری ئیعلامی و دروشـمی بێ کارو گەمەکردن بە سـۆزی خەڵک بهێنن و بەکردەیی بێنە نێو پرۆسەی هەڵبژاردنەوە و بەلیستی سەربەخۆدابەزن و پشکداریی لە هەڵبژاردندا بکەن تا بۆخۆیان و قەواعیدی خۆشیان و هەمدیس بۆخەڵکیش روون بێتەوە کە ئەوان چەندن و لەچ قەبارەیەکدان و خاوەنی چەند دەنگن!.بێگومان هەنگاوێکی لەم چەشـنە ئەگەر بیکەن و دواترلێی پاشگەز نەبنەوە ، بەرلەهەموو لایەنێک خزمەتێکە بۆخۆیان، چونکە وەک پێشـتر باسـمان کرد هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەو ناسینەوەی قەبارەی سرووشتیی خۆیان!..

دڵنیام حزبەسیاسـییە ئیسلامییەکانی کوردستان دەنگیان هەیەو خاوەن قەبارەن، بەڵام چ دەنگ وقەبارەیەک؟!..ئا ئەمە پرسـیارە گرنگەکەیە!.. دەبێ ئەمساڵ حزبە ئیسلامییەکان جورئـەت بکـەن و ئەم پرسـیارە وەڵام بدەنـەوە ، چونکە تائێسـتا ئەم قەبارەیە بەتەواوی و بەروونی ئاشکرا نەبووە،جا لەوپێناوەدا ،.. لەپێناو ئاشـکراکردنی قەبارەی راستەقینەی ئیسـلامی سیاسی لەکوردسـتان کەبەشـێکە لە واقیعی سیاسیی کوردستان پێویستە هەموو لایەک، بەتایبەت حزبە ئیسلامییەکان سـینگفراوان بن چونکە قسەکردن شتێکەو چونەسەر سندوقی دانگدان شتێکی تر!!..

کاتی ئەوەهاتووە حزبەئیسلامییەکانی کوردستان خۆ لەم تاقیکردنەوەیە بدەن و بەرگەی ئەنجامەکانیشی بگرن!



سامی شۆرش

# دایەلۆگی کوردی تورکی:
# هەنگاوێک بۆ پێشەوە

بڕیارە لە ١٥ و ١٦ ی ئەم مانگەدا، دایەلۆگێکی رۆشنبیریی راستەوخۆ لە نێوان دوو دەستە لە رۆشنبیرو ئەکادیمی و رۆژنامەنووسانی کوردستان و تورکیا لە هەولێری پایتەخت بەڕێوە بچێت، هاتنەکایەی ئەو دایەلۆگە نیشانەیەکی گرنگە بۆ چەندین راستی:

یەکەم، هەر دوو کۆمەڵگای کورد و تورك لە ماوەی ساڵی رابردوودا، ئەگەرچی زۆر تەگەرەو ناخۆشی و ئاڵۆزیشیان هاتۆتە پێش، بەڵام ئەوەندە گۆڕانی بنەڕەتیان بە خۆیانەوە دیوە کە ئیتر دوای هەشتا ساڵ دابڕان و دژایەتی و رقەبەرایەتی، هەست بەوە کراوە کە ئیتر زەمینەی هەر دوو کۆمەڵگا لە بارە بۆ بەئەنجام گەیاندنی دایەلۆگێکی راستەوخۆی لەو بابەتە.

دووەم، بنەماکانی هاتنەکایەی ئەو دایەلۆگە هەر تەنیا رۆشنبیری و ئیعتیباری نییە، بەڵکو لە بنەڕەتدا سیاسیشە. هۆیەکەیش ئەوەیە کە دایەلۆگی لەو بابەتە مەحاڵە بێتە ئاراوە ئەگەر زەمینەیەکی سیاسی لە بار، چ لە تورکیاو چ لە کوردستان، رێخۆشکەر نەبێت بۆ ئەو هاتنە ئارایە.

سێیەم، راستە، بە شێوەیەکی راستەوخۆ هیچ کام لە بونیادە سیاسییەکانی کوردستان و تورکیا رۆڵی راستەوخۆیان لە هاتنە کایەو بەڕێوە چوونی دایەلۆگەکە نییە، بەڵام ناکرێت لەو بوارەدا هەوڵ و کۆششی هەر دوو سەرکردە: جەنابی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عیراق کاك نێچیرەڤان بارزانی و جەنابی سەرۆك وەزیرانی تورکیا رەجەب تەییب ئۆردوگان لە بیر بکەین. ئەم دوو کەڵە سیاسییە نوێخوازو رچەشکێنە، هەر یەکەی لە باری خۆیەوەو، هەر یەکەی بە پێی دەرفەتی بەردەستی، کەشوهەوایەکی ئەوتۆیان لە فەزای پەیوەندییەکان و لە مەودای ناوچەکەدا دروست کردووە کە ئیتر هاتنە کایەی دایالۆگێکی سەردەمیانە لە نێوان هەر دوو میللەتی کوردو تورك، کارێکی پێویست و قبوڵ کراوو گرنگ بێت.

لە راستیدا، چ لە ئەنقەرەو چ لە هەولێر، دوو تاقی کردنەوەی دەستپێشکەریانە لە بواری دیموکراسی و بینای ئابووری و رۆشنبیری و سیاسیدا لە گەشە کردن و بەرەو پێشەوە چوون: ئەم دوو سەرکردەیە لە گەشەپێدان و بەرەو پێش بردن و سەرکردایەتی کردن و بەرنامە بۆ دارشتنی هەردوو تاقی کردنەوەکەدا رۆڵی سەرەکیان هەیە.

بە هەر حاڵ، دایەلۆگ زمانی سەردەمیانەی ئەمرۆیە. رێگەیەکی ئاسان و بێ تەکلیفە. زمانێکی ئەوتۆی وایە کە نەك چارەسەری کێشە قورسەکان دەکات بە بێ ئەوەی روو بکرێتە چەك و توندوتیژی و خوێن رشتن و ماڵوێرانی، بەڵکو توانستی هەیە بینای ئابووری و سیاسیش لە نێوان میللەتاندا پتەوتر بکرێت و تەکانێکی گەورە بە هاوکاری و بوژانەوەی ناوچەیی و کردنەوەی ئاسۆکانی لێبوردەیی و فرەخوازیش لە فەزای نێوان میللەتاندا بدرێت.

بێگومان یەك لە سەروەریەکانی کورد لە ماوەی پانزە شانزە ساڵی رابردوودا ئەوەیە کە لەگەڵ خەملانی دەستکەوتەکانی، زۆر زوو رووی کردۆتە بواری دیموکراسی و دایەلۆگ. هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بووە کەشوهەوایەکی بێ گەردو تۆزو گیروگرفت باڵ بەسەر ناوچەکەدا بکێشێت و سیستەمە سیاسیە کۆنەکەی ناوچەکە بگۆڕدرێت بە سیستەمێکی تازەی گونجاو لەگەڵ کەشوهەوای ئەمرۆی سیاسەت و ئابووری لە جیهاندا. بۆیە، دەبینین، کێڤی باوەڕو متمانە بە تاقی کردنەوەی دیموکراسیی کوردستان لە تەواوی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی و جیهانیش بە رادەیەکی بەرچاو خەریکی بەرز بوونەوەیە، خەریکە ئەم مەسەلەیە نەك هەر دۆستان، بگرە نەیارانی دوێنێش دەگرێتەوە.

لەم بوارەدا ئەگەر باس لە دایەلۆگی کوردی تورکی نەکەین، ئەوا دەتوانین هێما بۆ چەند دیاردەیەکی گرنگی دیکە بکەین وەك سەردانە سەرکەوتووەکەی جەنابی سەرۆکی کوردستان هێژا مەسعود بارزانی بۆ کوێت و قەتەر. هاتنی وەزیری دەرەوەی ئێران بۆ کوردستان. ئەم زیارەتانە لە دوا ئەنجام دا بە سەرکەوتنی بەرچاو بۆ دیپلۆماسی کوردی دەژمێردرێن. بەڵام لە هەمان کاتدا هێمان بۆ ئەو راستیەی کە دەڵێت: کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا خەریکە متمانەیەکی زۆر پەیدا دەکات. ئەمەش لە کاتێکدا، لە هەندێك ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست خەریکە خوێن دەگاتە چۆکان بە هۆی نەبوونی زمانی دایەلۆگ لە نێوان پێکهاتەکانی ئەو ناوچانە.

بە هەر حاڵ، کەس چاوەڕێی ئەوە لە دایەلۆگی کوردی تورکی ناکات کە چارەسەری کێشە سیاسیەکانی نێوان هەولێرو ئەنقەر بکات. ئەو کێشانەی لە ماوەی چەندین ساڵدا دروست بوون. بۆیە کۆبونەوەیەك و دایەلۆگێك چارەسەریان ناکات.

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

لەگەڵ ئەوەش، هەموو لایەك ئەم دایەلۆگە بە هەنگاوێكی گەورە دەزانن لە بواری خەملاندنی تێگەیشتنێكی هاوبەش لە نێوان كوردو تورك بۆ هێنانە كایەی چارەسەركردنێكی گونجاو بۆ كێشەكانی ناوچەكە. ئەوەی زۆرتر هیوایەكە فراوانتر دەكات ئەوەیە كە مەبەست لەم دایەلۆگە ئاڵۆزتر كردنی ناوچەكەو دنەدانی شەڕو ناكۆكی نیە، بەڵكو مەبەست ئەوەیە بە هەموو لایەك تێگەیشتنێكی ئەوتۆ دروست بكرێت كە ئیتر بە ئاشتەوایی كێشەكانی چارەسەر بكرێن.

وا چاوەڕوان دەكرێت، كۆمەڵێك بابەت و تەوەری گرنگ لە هەر دوو رۆژی ئەو دایەلۆگەدا باس بكرێت. وا چاوەڕوان دەكرێت ئاشنایەتی و پەیوەندیەكی توندوتۆڵ لە رێگەی ئەو دایەلۆگەوە لە نێوان رۆشنبیرانی كوردو تورك دابمەزرێت. وا چاوەڕوان دەكرێت، كۆمەڵێك راو بۆچوونی رۆشنبیری و سیاسی و ئەكادیمی كە گرنگیەكی زۆر تایبەتیان هەیە لە ناو مەودای پەیوەندیەكانی كوردو تورك، لەو دایەلۆگەدا، باس بكرێت. بۆیە ئەگەرچی كاتی دایەلۆگەكە لە دوو رۆژ تێپەڕ ناكات، بەڵام دوور نیە مەودای كارتێكردن و رەنگدانەوەكانی زۆر زیاتر بێت لەو ماوە زەمەنیە.

ئەوەی راستی بێت، بیرۆكەی ئەو دایەلۆگە دەگەڕێتەوە بۆ پێش سێ ساڵ، ئەوسا بەرنامەیەكی وا هەبوو كە ئەم دایەلۆگە هەر لە هەولێری پایتەخت بەڕێوە بچێت، بەڵام بە هۆی نەگونجانی كەشوهەوای سیاسی لەو كاتەدا نەكرا دایەلۆگەكە جێبەجێ بكرێت. تا ئەوە بوو لەم ماوەیەدا كەشوهەوایەكی زۆر تازەو گەرموگوڕ هاتە پێشەوە. لە ناو توركیادا پڕۆسەی گۆڕان لە سیاسەتەكانی ئەنقەرە، بە هۆی حزبی عەدالەت و تەنمیە، مەودایەكی زۆر باش چووە پێش. ئەنقەرە، كەوتە هەوای ئەوەی ئیتر بگەڕێتەوە ناو فەزا رۆژهەڵاتیەكەی خۆی و ناكۆكییەكانی لە ناوچەكەو لە ناوەخۆیدا بە سیاسەت چارەسەر بكات، هەروەها لە ناو حكومەتی ئۆردوگانیشدا رایەك زاڵ بوو كە دەبێت ئەنقەرە بە گەرمی بكەوێتە كوژاندنەوەی ئەو ئاگرو ناكۆكیانەی لەگەڵ دەوروپشت هەیەتی. بۆیە، ئاسایی بوو لەو نێوانەدا چەندین هیوا بە تازە بوونەوەی پەیوەندی لە نێون كوردو توركیا دروست بێت، بە تایبەتی ئەنقەرە بە ئاشكرا هێمای بۆ ئەوە دەكرد كە چەك و شەڕ شێوازە گونجاوەكەی چارەسەری كێشەی كورد پێك ناهێنێت. ئەم كەشوهەوایانە، وایان كرد هەولێرو ئەنقەرە، بە چاك بزانن دایەلۆگێكی لەو بابەتە دروست بێت تا تەكانێكی تازە بەو هیوایە بدات.

بێگومان، ئەو هەموو گەشبینیە، مانای وا نیە كە ئیتر هیچ كۆسپ و تەگەرەیەك لە رێگە نەماوە. بگرە، دایەلۆگ خۆی لە خۆیدا مانای ئەوەیە كە هێشتا كۆسپ ماوە. بەڵام لەمەو دوا ئەو كۆسپانە بە شێوازی توندوتیژ چارەسەر ناكرێن، بەڵكو بە شێوازی دایەلۆگ و بە هاوكاریی ئابووری و بازرگانی چارەسەر دەكرێن. لێرەدا رەنگە وا چاك بێت ئاوڕ لەوە بدەینەوە كە چۆن ئەو تەگەرانە نەك هەر بە شێوازی سیاسی بەڵكو بە شێوازێكی سیاسیی پڕ متمانە دابین بكەین.

پێم وایە، یەك لەو شێوازانە ئەوەیە ئاسۆی پەیوەندییەكان ئەنقەرەو هەولێر لە بواری ئەمنی رزگار بكرێت. واتە ناوەڕۆكێكی سیاسی پڕ بە پێستی خۆی پێ بدرێت. مەفهومی ئاسایشی سنوور كە تا ماوەیەك پێش ئێستا تاكە ئامانجی ئەنقەرە بوو، دەبێت گۆڕانێكی بنەڕەتی بە سەر دا بێت و ئیتر تەنیا پابەندی ئەو مەفهومە نەبێت. پەیوەندی لە نێوان كوردستانی عێراق و توركیا، پڕۆسەیەكی گەورەترە لە ئاسایش، بگرە سیاسەت و ئابووری و بازرگانی و رۆشنبیری و دیپلۆماسیش دەگرێتەوە. پەرەپێدانی هاوكاری لەو بوارانەدا، مەفهومی ئاسایش فراوانترو تۆكمەتر دەكات.

لایەنێكی دیكە ئەوەیە كە لە ماوەی هەشتا ساڵی رابردوو، میدیاو سیاسەت بە تەواوەتی تابلۆی كوردی لە ناو تورك و تابلۆی توركی لە ناو كورد بە شێوەیەكی ترسناك شێواند. ئەمڕۆ ئەگەر بمانەوێت زەمینەیەكی لەبار بۆ پەیوەندیەكانی دوارۆژ دابمەزرێنین، ئەوا دەبێت، هەر دوو لا، لە ناو بونیادی رۆشنبیری و رۆژنامەوانی و میدیایی خۆیان دا كار بۆ ئەوە بكەن كە چۆن زهنیەتی كۆمەڵگا دەگۆڕن و چۆن رەنگی ئاسایی بۆ تابلۆكانیان دەگێڕنەوە. ئەم كارە، رۆڵێكی گەورەی دەبێت لە بواری دروست كردنەوەی متمانەو خۆشەویستی و گیانی هاوتەبایی لە نێوان هەر دوو میللەتدا.

لایەنێكی دیكە ئەوەیە ئیتر زەمینە بۆ پەیوەندیەكی راستەوخۆ خۆش بكرێت لە نێوان توركیاو كوردستانی عیراق. راستە كورد بەشێكی گرنگی عێراقە. بەڵام لە هەمان كاتدا دەستووری هەمیشەیی عێراق تایبەتمەندی كوردستان دەپارێزێت و دانی پێدادەنێت. بۆیە، هەر خۆش بوونێكی هاوكاری و پەیوەندی راستەوخۆ لە نێوان هەولێرو ئەنقەرە، خزمەتێكی گەورە بە عێراقیش دەگەیەنێت بە تایبەتی لە بواری سیاسی و ئابووری و بازرگانیدا.

لایەنی چوارەمی ئەو شێوازانە ئەوەیە كە هەر دوو لا رێزێكی تایبەتی لە ئیرادەو خواست و مافەكانی دراوسێتیی یەكتری بگرن و دەست لە كاروباری ناوەخۆی لایەكەی تر وەرنەدەن. لە رابردوودا، ئەم جۆرە دەست وەردانانە زیانێكی زۆری بە پەیوەندی و بەرژەوەندییە هاوبەشەكان گەیاندوە.

بە هەر حاڵ، ئاسۆیەكی تازە لەبەردەم كوردستان و توركیایە. هاوكاری كردن و پەیوەندی بەهێز لە نێوان كوردو تورك، زەمینەیەكی لەبار بۆ سەقامگیری و گەشە كردن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خۆش دەكات. بۆیە، دایەلۆگی كوردی تركی پەنجەرەیەكی گەورە بەسەر ئەو پەیوەندییە بەهێزو ئەو گەشەكردنەی دیموكراسی دەكاتەوە.

●●●

**هەموو لایەک ئەم دایەلۆگە بە هەنگاوێکی گەورە دەزانن لە بواری خەملاندنی تێگەیشتنێکی هاوبەش لە نێوان کوردو تورک بۆ هێنانە کایەی چارەسەرکردنێکی گونجاو بۆ کێشەکانی ناوچەکە**

●●●

# لە هەڵبژاردنی پارێزگاکاندا سەلمێنرا کە کورد و شیعە و سوننە هەریەک لەناوچەکەی خۆیدا سەردارە



**فەیسەڵ دەباغ**
**تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ**

ئەو دیدە ناتەواوەی کە میدیاکانی رۆژئاواو هەندێ لە سیاسەتکارانی عێراق کردوویانەتە پێوەر و لەشیکردنەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا پشتی پێ دەبەستن، بەڕاستی جێی سەرنجە، دیاریشە ئەو سیاسەتکارانە ئەو جۆرە شیکردنەوەیان پێ خۆش بێ، بۆیە دەستیان داوەتە هەڵمەتێك کەگوایە مالیکی لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا سەرکەوتوو بووە، بۆیە هەقی خۆیەتی دەست بەسەر هەموو دەسەڵاتی سیاسیدا بگرێ، ئەوانەی ئەو جۆرە شیکردنەوانە دەکەن خۆیان بە هەڵە دەبەن و، هەڵەی گەورەشیان لەوەدایە کاتێ دەڵێن ئەم هەڵبژاردنانە نیشانەیەکن کە مالیکی لە هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا، کە بڕیار وایە لەکۆتایی ئەمساڵ بەڕێوەبچێت، بە هەمان شێوە بەسەر دژەکانی خۆیدا زاڵ دەبێت و هەمان ئەنجامیش وە دەست دێنێ.

لەوانەیە خوێنەر ئەو پرسیارە بکات و بڵێ: باشە بۆ ئەو بابەتە ئەوەندە سەرنج راکێشە؟ خۆ مالیکی بە کردەوە لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا بردیەوەو پێش دەچێ هەمان ئەنجام لە هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا وەدەست بێنێ؟ کەواتە کورت بینیەکە لە کوێی ئەنجامە راگەیاندراوەکەیەو؟ هەڵەی شیکەرەوە رۆژئاواییەکان و هەندێ لەسیاسەتکارە عێراقییەکانیش لەکوێ دایە؟

وەڵامی ئەو چەند پرسیارە خۆی لە خوێندنەوەیەکی وردی دەستووری عێراق و یاسای هەڵبژاردن دەبینێتەوە، دەستوور و یاسای هەڵبژاردن بەشێویەك دارێژراون کە بەهیچ شێوەیەك رێ نادەن یەك کەس یان یەك لایەن لە هەر هەڵبژاردنێکی عێراقیدا دەربچێ.

عێراقی نوێ بەشێوەیەکی ئیئتیلافی حوکم دەکرێ و بەپێی دەستوور و سیستەمە هەڵبژاردنەکەشی رێ بەلایەنێك نادرێ بەشێوەیەکی رەها حوکم بکات.

مالیکی ئێستا مەجبورە هاوپەیمانی لەگەڵ چەندلایەنێکی دیکە بکات، وەك ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی و لیستی ئەلعێراقییە و ..تاد، تا بتوانێ حکومەتە مەحەلییەکان پێك بهێنێ و زامنی کاریگەرێتییەکەی بکات، ئەگینا پێکهێنانی ئەو حکومەتانە تەگەرەیان دەخرێتە پێش، هەتا ئەگەر پێکیش بهێندرێن ئەوا بێ سوود دەبن و ئەو لایەنانەی کە دژی دەبن دەتوانن زۆر بەئاسانی بڕیارەکانی پەك بخەن، ئەمیش بە پشت بەستن بەسیستەمی دەنگدان کە بۆ تێپەڕاندنی ئەو بڕیارانە پێویست بەرێژەیەکی دەنگ هەیە،بۆیە پێویستە لەسەر مالیکی گشت لایەنە سەرەکییەکان لەخۆی رازی بکات، بۆ ئەوەی بتوانێ کاری ئەو ئەنجوومەنانە بەشێوەیەکی کاریگەر بەڕێوە ببات، بەتایبەتی لەو پارێزگایانەی کە دەنگێکی باشی هێناوە، نەك لەو پارێزگایانەی کە دەنگەکانی تیا لاوازە.

بڕیارە مەحەلییەکە لەو پارێزگایانەدا تەنها بۆ مالیکی نییە، بەڵکو بۆ لایەنەکانی دیکەشە .

کەواتە ئێمە لەبەردەم سەرکەوتنێکی مەعنەوی هێزێکی سەرەکی داین، نەك سەرکەوتنێکی فیعلی کە میدیاکانی رۆژئاواو هەندێ لەسیاسەتکارانی عێراق بانگەشەی بۆ دەکەن.

سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقیش،ئەوا هەتا ئەگەر مالیکی ئەو ئەنجامەی وەدەستهێنا کە لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا هێناویەتی ، ناتوانێ حکومەتەکەی خۆی بەبێ رەزامەندی لایەنە کاریگەرەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی عێراق پێك بهێنێ.

لەعێراقدا سێ پێکهاتەی سەرەکی هەن کە بریتین لە شیعەو کورد و سوننە، بەڕێوەبردنی وڵاتیش پێویستی بە یەکخستنی ئیرادەی ئەو سێ پێکهاتەیە هەیە.

ئەگەر سەیری ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پارێزگاکان بکەین دەبینین نە لایەنێکی شیعی توانیویەتی دەنگ لەناوچە سوننە نشینەکان بێنێ و نە لایەنێکی سوننەش توانیویەتی دەنگ لەناوچە شیعە نشینەکان بێنێ.

کەواتە هەریەکەو لەناوچەی خۆیدا دەنگی هێناوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش کەس نەیتوانیوە ئەو دەنگە رەهایە بێنێ هەتا لەناوچە نشینەکەی خۆشیدا، ئەمە بێجگە لە کورد کە توانیویەتی لە زۆربەی ئەو شوێنانەی کە ناکۆکیان لەسەرە ئەو دەنگە رەهایە بێنێ کە ئەمەیش ئەوپەڕی سەرکەوتنەو هەقی خۆشیەتی لافی ئەو سەرکەوتنە لێ بدات.

کە مالیکی و لایەنەکەی نەتوانن لەناوچەکانی خۆیاندا ئەو دەنگە رەهایە بێنن و نەتوانن بەتەنیا ئەنجوومەنی پارێزگایەك، بە بەغدای پایتەختیشەوە پێك بهێنن، ئیتر چۆن دەتوانن بەهەمان ئەو ئەنجامە حکومەتی داهاتوو پێك بهێنن؟

ئەگەر بێتو بەدیدێکی بابەتیانە سەیری ئاراستەی ئەو هێزانە بکەین کە بەرامبەر بەمالیکی هەیانە، بۆمان بەدیار دەکەوێ کە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی بەسەرۆکایەتی عەبدولعەزیز ئەلحەکیم بەهیچ شێوەیەك رازی نابێ مالیکی سەرۆکایەتی حکومەتە نوێیەکە بکات، چونکە ململانێی هەڵبژاردن لەنێو لایەنەکانی شیعیدا گەیشتۆتە ئەو پەڕی رادەی خۆی.

دوورخستنەوەی خەڵکانێك کە سەربە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامین لەسەرکردایەتی ئەمنی وڵات و هەروا ئەو شاڵاوەی

# نێچیرڤان بارزانی و ئەردۆگان

# مۆدێلێک بۆحوکمڕانیی

ڕەنگە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاڵۆزترین و پڕ کێشەترین ناوچەی جیهان بێت کە تا ئێستاش گرفتەکانی زۆرن و بێ چارەسەر ماون،پشکی ئەو ئاڵۆزی و گرفتە زۆرانەش هەندێکی بەر کوردستان کەوتوون، بۆیە کارێکی سانا نییە، لە کوردستان بتوانرێ حوکمڕانێتییەك بەڕێوە بچێ کە نیشتمان بەرەو ئاسوودەیی و بونیادنانەوە ببات، لە کاتێکدا لە دوای ڕاپەڕینەوە حوکمڕانیکردنی کوردستان جۆرێك بووە لە قەیران، لە ناتەبایی و....هتد

بوونی نێچیرڤان بارزانی بە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دواتریش ئەو هەنگاوانەی بۆ پیادەکردنی حوکمڕانێتییەکەی نای، ئاسۆیەکی نوێی بۆ خەڵکی کوردستان کردەوە ئەوەی سەلماند ئەگەر سەرکردەی بە توانا هەبێت با بارودۆخەکانیش دژوار بن، مێژووی خەباتی گەلان ئەوەمان پێ دەڵێت سەرکردە دەتوانێت واقیعی تاڵ بگۆڕێت . نموونەش کۆریای باشوورو تایوان و سەنگافوورەو...هتد. نێچیرڤان بارزانی ڕێك ئەو سەرکردەیە بوو کە توانی لە پیادەکردنی یەکگرتنەوەی حکومەت زۆر سەرکەوتوو بێت و ئەو شڵەژانە دەروونیەی بە سیمای هەر تاکێکی کوردستانەوە دیاربوو نەیهێڵێت.کرانەوەیەکی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەوتۆیشی بۆ کوردستان فەراهەمکردووە، کە زۆر حەکیمانەیە، چونکە تایوان بە پشتگیری توندی ئەمریکاو ڕۆژئاواوە توانی ئەو کرانەوەیە بکات ئەویش لەبەر دژایەتیکردنی چین و ژاپۆن، بەڵام ئەوەی کوردستان لەسەر حیسابی هیچ وڵاتێك نییە.

ئەوەی بەدیدەکرێ لە تورکیاش ڕەجەب تەیب ئەردۆگان، جیا لە حوکمڕانەکانی پێش خۆی توانی تورکیا لە پەیوەندییە هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکاندا بباتە قۆناخێکی ترەوە،ئەردۆگان بوو پێوەندی خۆی لەگەڵ ئێران و سوریاو وڵاتانی عەرەبی بەرەو باشتر برد، ئەوە نێچیرڤان بارزانییە پێوەندی خراپی (١٨) ساڵەی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەباتە قۆناخێکی ترەوە، ئەردۆگان بوو هەستی بەوە کرد لە ئەنجامی هەر قەیرانێکی سیاسی ناوەخۆدا، سوپا هەمیشە لە ئامادەباشیدایەو سەدان ملیۆن دۆلار دەخاتە قورگی خۆیەوە، کە لە بنەڕەتدا قەیرانەکەش بە سوپا نەك هەر چارەسەرناکرێ، بەڵکو قووڵتری دەکاتەوە.ئەو جورئەتەی ئەردۆگان بۆ وڵاتێکی وەك تورکیا کە سوپا خۆی بە پارێزەری عەلمانییەت دەزانێ، ئاسان نییە، لێرەش ئەوە نێچیرڤان بارزانی یە،نایەوێ لە بچووکترین قەیرانیشدا لەشکر جوولە بکات و، لە جیاتی لەشکر دیپلۆماسیەت کاری خۆی دەکات، نێچیرڤان بارزانی ئەزموونی تاڵی شەڕی چەشتووە، بۆیە نایەوێ جارێکی دیکە بەرەو ئاگر مل بنێین، بەڵکو لە جیاتی بەهێزکردنی لەشکرو سووپا، بنەماکانی بەهێزکردنی هزرو عەقڵ بە زەروورتر دەزانێ،ئەو خەرجییەی سووپاو لەشکر دەبیات ئەو لە ئاوەدانکردنەوەو بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووری وڵات بەکاریدەهێنێت، لە پرۆسەی پەروەردە خەرجیدەکات، ئەردۆگان یەکێکە لەو سەرکردانەی تورکیا کە عەدالەتی کۆمەڵایەتی تا ڕادەیەکی بەرچاو پاراستووە کەمترین گەندەڵیش لە حکومەتەکەی ئەودا هەیە، نێچیرڤان بارزانیش هەوڵی داوە، خۆی ببێتە نوێنەری هەژارەکان و تا ئێستا باشترین حوکمڕانی لە سەردەمی ئەودابووە، ڕەنگە کەموکورتی لە حکومەتەکەیدا هەبێت، بەڵام کەموکورتی لە حوکمڕانێتییەکەیدا نابینرێ، ئا لێرەیە دەبێت جیاوازی لە نێوان حکومەتەکەی نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ حوکمڕانێتییەکەی بکەین، چونکە حوکمڕانێتییەکە پەیوەندی بە خودی نێچیرڤان بارزانییەوە هەیە، بەڵام حکومەتەکەی ئەوەیە کە هەر وەزیرەو لەسەر خواستی لایەنێکەوە هاتوون و مەرج نییە کابینەکە دەربڕی خواستی نێچیرڤان بن، بۆیە کاتێك ڕەخنە دەگرین، پێویستە ئەوە لێکجیا بکەینەوە کە ڕەخنە لە حکومەتەکەیە یاخود لە حوکمڕانێتییەکەیە.

نابێت ئەوەش بشارینەوە نێچیرڤان بارزانی لە ماوەیەکی زۆر کەمدا توانیویەتی ئابووری وڵات لە سفرەوە بۆ قۆناخێکی باش گەشە پێبدات، کە خۆی لە گرێبەستی نەوت وکرانەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا دەبینێتەوە، بە شێوەیەك تا ئێستاش بەغدا گرفتی گەورە دروستدەکات لەبەردەم ئەو گرێبەستانەدا،کە ئابووری وڵاتیش گەشەی کرد، چینی ناوەند دروست دەبێت و پەرەپێدانی مرۆیی کاری خۆی دەکات . کۆریای باشوورو سەنگافورەش سەرەتا بونیادنانەوەیان لە پەروەردەو گەشەپێدانی ئابوورییەوە دەستپێکرد ماوەیەکی زۆری ویست تا بووە ئەو وڵاتەی کە دەیبینین، بەڵام نێچیرڤان بارزانی دەیەوێ لە هەموو بوارەکانی ژیان، بە بووژانەوەی ژێرخانی ئابووری (بە مانا فراوانەکەی ) تا دەگاتە هەموو کایەکانی دیکە، گرنگی پێبدات و بیباتە قۆناخێکی ترەوە، تا ژێرخانی ئابووریش بەهێزنەکرێ، بنەمای ئابووری کوردستان هەر بە لەرزۆکی دەمینێتەوە .بۆیە نێچیرڤان بارزانی دەیەوێ گرنگی بە کشتوکاڵ بدرێ تا بە زوویی ئەو قۆناخە بۆ گەیشتن بە قۆناخی پیشەسازی بگوازێتەوە، ئا لێرەدایە پەرەپێدانی مرۆیی کاری خۆی دەکات.سەرمایەداری کورد لە پەنای نێچیرڤانەوە جورئەت دەکەن سەرمایەکانیان بخەنە گەڕ، کە پێشتر نموونەی نەبووە.

نێچیرڤان بارزانی و ئەردۆگان دوو مۆدێلی حوکمڕانی زۆر زیندوو زۆر پێویستن لە ناوچەکە، بەردەوامبوونی هەردووکیان لە حوکمڕانی دەتوانن توندوتیژی لە هەموو بوارەکانی سەربازی و کۆمەڵایەتی(توندو تیژی کۆمەڵایەتی هەرلە کوردستاندا ئاوا زەقە لە تورکیا تا ڕادەیەکی باش چارەسەریانکردووە) بەرەو پووکانەوە ببەن، پەیوەندییە هەرێمییەکان کە سەهۆڵبەند ئاسایە بیتوێننەوە، قەیرانی ئابووری بە کۆتا بێنن، دەتوانن زۆر شت بکەن کە پێشتر لە مێژووی ئەم دوو وڵاتە نەکراوە،هەردووکیان بەرامبەر هەندێ تەحەدی پێدادەگرن، کە لە بەرژەوەندی ستراتیژی نیشتمانییانە، بەڵام ئازارێکی شیرین بۆ خۆیان دروستدەکەن.ئەوەی نێچیرڤان لە ئەردۆگان جیا دەکاتەوە ، یەکەمیان بڕوای بە عەلمانییەت هەیە ، لێ دووەمیان ئیسلامییەکی میانڕەوە.

ئەوەی نێچیرڤان بارزانی کردوویەتی سەرەتایەکی زۆر ئومێد بەخشن، بەڵام لە هەموو بارێکدا ئەو سەرۆکە پێویستی بە کات هەیە تا پلان وهیواکانی خۆی تەواو جێبەجێدەکات.بەڵام ئاخۆ ململانێی حزبایەتی لە کوردستاندا گەیشتۆتە ئەو قۆناخەی وەك ئەوەی کە لە ناو حکومەتدا کاڵ بۆتەوە؟ ڕەنگە وەڵامی ئەم پرسیارە لەدوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەستمان بکەوێت.



فوئاد سدیق

**لەعێراقدا سێ پێکهاتەی سەرەکی هەن کە بریتین لە شیعەو کورد و سوننە، بەڕێوەبردنی وڵاتیش پێویستی بە یەکخستنی ئیرادەی ئەو سێ پێکهاتەیە هەیە**

**کە مالیکی و لایەنەکەی نەتوانن لەناوچەکانی خۆیاندا ئەو دەنگە رەهایە بێنن و نەتوانن بەتەنیا ئەنجوومەنی پارێزگایەک، بە بەغدای پایتەختیشەوە پێک بهێنن، ئیتر چۆن دەتوانن بەهەمان ئەو ئەنجامە حکومەتی داهاتوو پێک بهێنن؟**

**هاوپەیمانیکردن لەگەڵ مالیکیدا چ لەلایەن ئەنجوومەنی باڵا یان لیستی ئەلعێراقییە و حزبی ئیسلامی و لیستەکەی ساڵح ئەلموتلەگەوە بێ، ئەوا هەروەکو خۆ کوشتنێکی سیاسی وایە**

کە سامی ئەلعەسکەری راوێژکاری مالیکی کردبوویە سەر عادل عەبدولمەهدی جێگری ئەلحەکیم و جێگری سەرۆك کۆمار و شتی تر ئاماژەیەکن کە ئەنجوومەنی باڵا بەهیچ شێوەیەك رازی نابێ مالیکی سەرۆکایەتی حکومەتی داهاتووی عێراق بکات، ئەمە بێجگە لە هەندێ هەڵسوکەوتی چەسپاوی مالیکی سەبارەت بە مەرکەزیەتی عێراق و ئەنجوومەنەکانی ئیسناد کە هەردووکیان رێگرن لەبەردەم بەرنامەکانی داهاتووی ئەنجوومەنی باڵا و، رۆژ لەدوای رۆژیش ململانێیەکەی نێوان هەردوولا توندتر دەبێتەوە.

دوا بەیاننامەی ئەندامانی ئەنجوومەنی شورای حزبی دەعوە،کە هەر لەدوای هەڵبژاردنی پارێزگاکان دەرچووە بەڵگەیەکی زیندووە، کە ئەو ململانێیە ئاراستەیەکی دیکەی دەبێ، بەتایبەتی پاش پێداگری ئەنجوومەنی شورا لەسەر هێنانە کایەی حکومەتێکی بەهێزی مەرکەزی، کە ئەم دیدەش جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ دیدی ئەنجوومەنی باڵا کە پێداگیری لەسەر پێکهێنانی فیدرالییەتی ناوەڕاست و باشوور و دانی رۆڵێکی میحوەری لە رێڕەوی سیاسی و ئیداری وڵاتدا بە دەسەڵاتە مەحەلییەکان دەکات.

راستە دەستووری عێراق لە دەقێکیدا ئاماژەی بە سیستەمی فیدراڵی دەکات، بەبێ ئەوەی وردەکاری ئەو فیدراڵییەتە و سنووری دەسەڵاتەکانمان بداتێ و، راستیشە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ناتوانێ لەو دەقە لابدات، بەڵام حەساسییەتی خۆی بەرامبەر بە فیدراڵی قەت نەشاردۆتەوە.

هەر ئەو بەیاننامەیە مەسەلەی یەکێتی خاکی عێراق و هێزی حکومەتی مەرکەزی وەك بنچینەیەك دادەنێ بۆ ئەنجامدانی هاوپەیمانی لەگەڵ لیستە سەرکەوتووەکاندا.

بۆ نموونە سەرۆك وەزیرانی پێشوو د. ئیبراهیم ئەلجەعفەری بە تەئکیدەوە هەر هاوپەیمانییەك رەفزدەکات کە ببێتە هۆی مانەوەی مالیکی لە دەسەڵاتدا، ئەویش بەهۆی ئەو ململانێیەی کە لە نێوان ئەو دوو کەسەدا هەیە، خۆ کودەتایەکەی مالیکیمان لە بیرە کە دژ بە جەعفەری ئەنجامی دا و توانی بەهۆیەوە جەعفەری هەم لە سەرۆکایەتی حکومەت و هەم لەسەرۆکایەتی حزبی دەعوە لابدات.

سەبارەت بە هاوپەیمانی کوردستانیش، ئەوا ناکۆکی نێوان خۆی و مالیکی هەر زۆر قووڵە و گەیشتۆتە ئەو رادەیەی کە هەردوو لا هیچ متمانە و هیوایەکیان بە بەیەکتری نەمێنێ.

ئەیاد عەلاویش سەرۆکی لیستی ئەلعێراقییە هەر وەکو هاوپەیمانی کوردستانی و بەو هەموو بڵند بینیە شەرعییەی خۆی بە وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆك وەزیران کە هەندێ لایەن بە تاکە ئەلتەرناتیڤی دادەنێن بۆ قۆناخی داهاتوو، ئەویش بە تەئکیدەوە نابێتە هاوپەیمانی مالیکی، چونکە عەلاوی مالیکی بە تەگەرەیەکی گەورە دادەنێ لە بە جێهێنانی ئەو بڵند بینیە سیاسییەی خۆی و گەڕانەوەی بۆ کورسی حوکم، بەتایبەتی ئەوە بۆ چەند ساڵێك دەچێ مالیکی پەراوێزی خستووە و ئەو هەڵوێستەی عەلاویش لەگەڵ هەڵوێستەکەی ساڵح ئەلموتڵەگ یەکە، کە ئەویش بە هەمان شێوە و چەند ساڵێکە لەلایەن مالیکیەوە پەراوێز خراوە و ئارەزووی ئەوەی هەیە کە رۆڵێکی کاریگەری هەبێ لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا،بە تەئکیدەوە ئەویش بڕوای بە کەسێك نەماوە کە ساڵانێکە پەراوێزی خستووە.

عەلاوی لە لێدوانێکیدا ئەوەی راگەیاند کە لیستەکەی ئامادەیە لەگەڵ ئەو هێز و لایەنانە هاوپەیمانی بکات کە خەباتێکی هاوبەشیان دژ بە رژێمی پێشوو هەبووە ، بەتایبەتی لایەنە میانڕەوەکان، مەبەستیش لێرە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی و هاوپەیمانی کوردستانییەو هەروا هاوپەیمانی کردنی (حزبی ئیسلامی و هاوپەیمانەکەی کۆنگرەی ئەهلی عێراق) کە پێگەکەی بەرامبەر بە سەحوات و گەڕانەوەی بەهێزی عەلمانییەکان پاشەکشەی کردووە، بەتایبەتی بەرامبەر ئەیاد عەلاوی و ساڵح موتلەگ، هەتا ئەگەر هاوپەیمانی لەگەڵ مالیکیدا بکات ئەوا ناتوانێ ببێتە ژمارەیەکی قورسی لە هاوکێشەی پێکهێنانی حکومەتدا.

ئێستا کێشەیەکی زۆر لە نێوان ئەو دوو لایەنە سوننیە و حزبی دەعوە هەیە لەسەر پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران، حزبی دەعوە بە هیچ شێوەیەك نایەوێ پاڵێوراوی حزبی ئیسلامی پۆستی سەرۆکی ئەو ئەنجوومەنە وەرگرێ، هەتا کار گەیشتۆتە ئەو رادەیەی کە بەرەی تەوافوق داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران و هەڵبژاردنی پێش وەختە بکات و لەمەشدا هاوپەیمانی کوردستانی پشتگیری لەم دیدەی بەرەی تەوافوق دەکات، پێی وایە حزبی دەعوە و مالیکی کە نایانەوێ ئەو پاڵێوراوەی حزبی ئیسلامی پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران وەرگرێ هەر بۆ ئەوەیە ئەو دەزگا تەشریعییەی سەرۆکێکی بەهێزی نەبێ و ئەنجوومەن وەك ئامێرێك بەدەست حکومەتەوە بێ هەر وەك ئەوەی کەلەسەردەمی دیکتاتۆرییەتی سەددام حوسێندا بوو، لێرەدا نابێ رەوتی سەدر لە بیر بکەین کە لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا تووشی گورزێکی کوشندە بوو، کاتێ دەنگدەرانی بۆ بەرژەوەندی مالیکی لێی دوورکەوتنەوە کە لەوانەیە ئەم وێنەیە لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانیشدا دووبارە ببێتەوە، ئەو رەوتە ئێستا روڵێکی لاوازە و دەیەوێ بەهۆی مەرجەعییەتی سیستانیەوە و هەروا هاوپەیمانیکردن لەگەڵ مالیکیدا پێگەکەی لەو لاوازییە رزگاربکات.

بە کورتی هاوپەیمانیکردن لەگەڵ مالیکیدا چ لەلایەن ئەنجوومەنی باڵا یان لیستی ئەلعێراقییە و حزبی ئیسلامی و لیستەکەی ساڵح ئەلموتلەگەوە بێ، ئەوا هەروەکو خۆ کوشتنێکی سیاسی وایە، راستە جیاوازی نێوان ئەو لایەنانەو مالیکی هەر زۆر زۆرە، بەڵام لە سیاسەتدا هەندێ جار باز لەسەر پرەنسیپەکان دەدرێ، بۆیە دەبێ چاوەڕوانی هەر ئەگەرێك بکەین، بە دووریشی نازانین ئەگەر ئەو هێز و لایەنانە هاوپەیمانی لەگەڵدا مالیکیدا نەکەن ئەوا ئەو پیاوە بە هاوپەیمانییە لاوازەکانی زیاتر لە زەرەر نزیکتر دەبێتەوە نەك لە پاراستنی ئەو پێگەیەی کە هەیەتی.



# هەڵسەنگاندنێکی حکومڕانی و دیموکراسی لە کوردستان

## حکومڕانی سەرکەوتوو و حکومڕانی فاشیل چۆن لەیەک جیا دەکەینەوە؟

> **کە باسی هەڵسەنگاندنی حکومڕانی لە هەرێمی کوردستان دەکەین، دەبێت لەسەر ئەو ئەگەرانە کاربکەین کە هاوشێوەی وڵاتی خۆمانە و زیاد لەمەش بەراوردکردنی تایبەتمەندییەکانی وڵاتی خۆمان لەگەڵ تایبەتمەندی ئەو ئەگەرەی کاری لەسەر دەکەین، لەم قۆناخەدا هیچ کەسێک نییە تەنانەت یەکێتی ئەورپا و ناتۆش کە سەرپەرشتی کاری بونیادی دیموکراسی بوون لە بۆسنە و کۆسۆڤۆی کرد هەڵەی زۆر گەورەیان کردووە**

> **ساڵی ١٩٩٦ دوای ئەنجامدانی یەکەم هەڵبژاردن لە بۆسنە ریچارد هۆلبرۆک ی تووشی شۆک کرد، چونکە ئاکامی هەڵبژاردنەکە بۆسنەی نەک هەر بەرەو دیموکراتی نەدەبرد، بە ڵکو زۆر پێچەوانەی ئەو ئامانجە بوو کە لە پێناویدا هەڵبژاردن کرابوو**

> **ئەوە کەموکورتی نیە بڵێین پێش کابینەی پێنجەم پارتی ویەکێتی نەیاندەتوانی پێکەوە حکومڕانی بکەن، راستە پێشتریش هەوڵی دیکەی پارتی و یەکێتی هەبووە،بۆ حکومەتی هاوبەش وفیفتی - فیفتی، بەڵام هەموو ئاکامی فیفتی - فیفتیمان بینی، نەک نەبووە بنەما بۆ کاری هاوبەش و حکومڕانی هاوبەش، بە ڵکو بووە بنەما بۆ حکومرانی دوو ئیدارەیی سلێمانی و هەولێر لە کوردستاندا**

ئەگەر بمانەوێت هەڵسەنگاندێك بۆ حکومەتی خۆمان بکەین دەبێت لە کوێوە دەســت پێبکەین و چــۆن چوارچێوەیەك دیاری بکەین بۆ ئەوەی بتوانیین بە شــێوەیەکی زانستیانە هەڵوەستە لەسەر پرۆسەی بەڕێوەبردنی حکومڕانی لە کوردستاندا بکەین؟بۆ ئەم هەڵسەنگاندنە باشــتر وایە پشت بە کام ئەزموونی جیهانی دەبەستین و حکومەتی خۆمان لەگەڵ کام حکومەتــی دیکەی جیهانیی بەراورد بکەین؟ باشە کاتێك باسی حکومڕانی باش وخراپ لە قۆناخێکی راگوزەری وڵاتێکی دوای دیکتاتۆری و پێکهاتنەوەی دوای شــەڕی ناوخۆ دەکەیــن، دەتوانین ئــەو تەحەدی و ناکۆکییانــە (التناقضات) ی رووبەڕووی ئەو قۆناخە دەبنەوە دەسنیشــان بکەین و ئامادەباشیمان تێدایە بۆ رووبەڕوونەوەی تەحەدییەکان بۆ هاوکاریکردنی حکومەت و بۆ رێکخستنەوەی هاودژیەکان تایبەتمەندی قۆناخەکە لەبەر چاو بگرین؟ ئایــا ئەوەمان لەبەر چاو گرتــووە، ئێمە بێ ئەوەی هیچ پاشخانێکی حکومڕانیمان هەبێت و بێ ئەوەی کولتووری تەقلیدی دیموکراســی و لیبرالیزمی دەستووری لە کۆمەڵگەی ئێمە بوونی هەبێت، بەرەو حکومڕانی ســەرکەوتوو و دیموکراتی و لیبرالیزمی دەســتووری پێ هەڵدەگرین؟ ئایا جێبەجێکردنی رێککەوتنی پارتی ویەکێتی بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی پێشووی هەولێرو سلێمانی و هەروەها جێبەجێکردنی رێککەوتنی ســتراتیژی بۆ هێنانە ئارای دەستاودەســتکردنی ئاشتیانەی دەســەڵات لە هەرێمی کوردستاندا هەنگاوی یەکەمە بۆ بونیادی دیموکراســی لە کوردستاندا؟، یان ئەسڵەن ئەم سەرەتایە دەستپێکێکی هەڵەیە و پێویستە ئەم دەستپێکە هەڵبوەشــێتەوەو، دەســتپێکیکی جیاواز بگیرێتە بەر؟ کاتێك باسی دیــاردەی گەندەڵــی و هەوڵەکان بۆ کەمکردنــەوەی گەندەڵی لە کاروباری حکومەت دەکەین، ئایا دەتوانیین راشکاوانە ئەو هۆکارانە دەستنیشــان بکەین کە هۆکاری گەندەڵین وچارەسەرکردنیشــیان پێویســتی بە کات و بەرنامەیەکی سیســتیماتیك هەیە؟ تا ئێستا ئەو حاڵەتە بەڕاشــکاوی دەستنیشــانکراوە، کە گەلێك جار تەبایی و یەکرِیــزی هاوپەیمانی کوردســتانی و جێبەجێکردنی لە پێناوی رێککەوتنی نێوان پارتی ویەکێتی چاو لە زۆر شــت پۆشراوە؟ ئایا دەتوانین راشکاوانە باسی چۆنیەتی پێکهێنانی کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردســتان بکەین و لە خۆمان بپرســین بۆچی ژمارەی وەزارەتەکانی ئەم کابینەیە تا ئەو رادەیە زۆرە؟ لە خۆمان پرســیوە چۆن ئەم باردۆخە چارەســەر دەکرێــت و چۆن زەمینەی کارکردنی حکومــەت بۆ پیادەکردنی حکومڕانی بــاش بونیاد دەنرێت؟ کەی لەخۆمان پرســیوە، چ جۆرە حکومڕانییەکمان دەوێت؟ ئایا دەزانین بۆ ئەوەی حکومڕانــی باش پیادە بکرێــت ئەرکەکانمان بەرامبەر مافەکانمان چین؟ئایا تاچەند پشتگیریمان لە هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە بۆ بونیادی حکومرانی باش و کولتووری دیموکراســی و لیبرالیزمی دەســتووریی لە هەرێمی کوردستاندا؟ ئەمانەو زۆر پرســیاری دیکە پێویستیان بە هەڵوەستە لەسەر کردن هەیە، پێویستیان بە بەدواداچوون وقسە لەسەرکردن هەیە، پێویستیان بەوەیــە میللــەت تێکــرا لــە وردەکاری و رەهەندەکانی چەمکی بونیــادی حکومڕانی و پیادەکردنی حکومڕانی و حکومڕانی باش و خراپ ئاگاداربێتەوە و لە پرۆسەکەشــدا چالاکانە بەشــدار بێت، بۆئەوەی هەر کەســێك و لایەنێك نەتوانێ بە ســووك و سانایی و بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی ئازادییەکانی کوردســتان مۆنۆپۆڵ نەکات و ئەوەی بەدەستیشــمان هێناوە لە دەستمان بچێت. بشزانین ئەو حکومەتەی لە کوردســتان لە ئارادایــە بۆچی رۆژانە بەردی تێدەگیرێ، چیبکەین باشترە.

ئەم پرســیارانە گرنگن بۆ چوونە ناو باسێکی گرنگ و هەستیار، کە باسی هەڵسەنگاندنی حکومەتێکە کە ئێستاش لە هەلومەرجێکی زۆر تایبەتی ناوخۆیی، هەرێمی، نێودەوڵەتی هەنگاو بەرەو پێشەوە هەڵدەگرێت و هەوڵدەدات رێگەی زانســتیانە بۆ چارەســەرکردنی کێشــەکانی کوردســتان بگرێت، بۆیە گوڵان لەم بەدواداچوونەی هەوڵیــداوە کە هــاوکات لەگەڵ هەڵســەنگاندنی بــۆ چۆنیەتی حکومڕانی لە کوردستان، نموونەی کۆمەڵێك ئەزموونی سەرکەوتووی پەرەپێدانی ئابووری لەچەندین وڵاتی سەرکەوتوو دەخاتە بەردەستی خوێنەرانی و بێباکانە لاپەرەیەك بۆ گفتوگۆکردنی چەند باســێکی گرنگ هەڵدادەتەوە، کە بە داخــەوە لەم هەموو گۆڤارو رۆژنامەو بڵاوکراوانەی کە لە کوردستان دەردەچن، لایەکیان لەم پرسە گرنگە نەکردۆتەوەو پێشتر ئەو لاپەڕانە هەڵنەدراونەتەوە، واتا گوڵان دەچێتە ناو باسێکەوە پێشتر لەسەر ئاستی کوردستان باسیش کرابێ راگوزەر بەســەریدا تێپەریون، بۆیە گوڵان چەند مەسەلەیەك لێکجیادەکاتەوە کەپێشــتر تێکەڵی یەکدی کراون، یان بۆ مەبەستی سیاسیی خۆی لێ بێئاگا کراوە.

## ئەولەویەتەکانی حکومەت و هەنگاوەکان بەرەو حکومڕانی باش چین؟

ئێمە پێمان خۆش بێت یان نە، بمانەوێت یان نەمانەوێت، کاتێك باسی حکومەت و حکومڕانی دەکەیــن، دەبێت چەمکەکان وەك خۆیان و وردەکاریەکان بەراســت و دروستی لە میللەتی خۆمان نەشارینەوە، واتە گرنگترین خاڵ کە تیایدا دەســت بە جیاکردنەوەی چەمکەکان دەکەین، دەبێت هەمــوو جیاکردنەوەکانمان قبــوڵ بێت و ئامادەش بین بەشــداری لەسەرخســتنی بکەین، ئەمە نابێت بەو شێوەیە بێت ئەم بەشــەی پرۆســەکە لەبەرژەوەندی منە پشتگیری دەکەم و ئەو بەشەی دژی بەرژەوەندیەکانم بێت لەدژی رادەوەستم، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی بونیادی دیموکراســی و لیبرالیزمی دەستووری سەفقەیەکە لێکجیاناکرێتەوە، ئاســتەنگەکانی رووبــەرووی دەبێتەوە تەحدی و هاودژیە (التناقضات)، بەڵام هەمووی لە پێناوی یەك ئامانجە کە هەموومان لەسەری رێکدەکەوین.

مێژووی ئەزموونە سەرکەوتووەکانی دیموکراسی چەند پەندێکی بۆ مرۆڤایەتی دروستکردووە لەوانە:

١- گەورەتریــن پەند کە لە مێژووی بونیادی دیموکراســی فێری دەبیــن، ئەو پەندەیــە ئەزموونی هیچ وڵاتێك دەقــاودەق لە هیچ وڵاتێکــی دیکە دووبارەناکرێتەوە و دووبارەش بکرێتەوە ســەرکەوتن بەدەســت ناهێنێت، مێژووی نزیــك پێمان دەڵێت ئــەو هەوڵانەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە تەیموری رۆژهەڵات سەرکەوتنی بەدەستهێنا لە کۆسۆڤۆ سەرکەوتنی بەدەســت نەهێنا، دووبارەکردنەوەی هەوڵە ســەرکەوتووەکانی ماك ئارسەر لە ژاپۆن، لە عێراق شکستی هێنا، کەواتە ئەوەی لە مێژووی دیموکراسی فێری دەبین لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی سیاسی، جیوپۆلیتیك، رەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو وڵاتەیە کە باســی لێوە دەکەین، ئەم مێژووەیە پێمان دەڵێت نابێت بە

نەزانی بونیادی دیموکراسی و حکومڕانی باش هەڵبسەنگێنین، لەبەر ئەوەی کارەسات بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

٢- مێژووی دیموکراسی پێمان دەڵێت، لە دوای شەڕی دووەمی جیهانەوە دەتوانین بە مۆدێلی دیموکراتی رۆژئاوایی (ئەورپای رۆژئاوا + ئەمریکا وکەنەدا) بڵێین دیموکراتی تەواو، لەبەر ئەوەی هەتا دوای کۆتایی هاتنی شەری دووەمی جیهانیش واتە پێش ١٩٥٠ هەموو کەسێك لە دیموکراتی رۆژئاوا مافی دەنگدانی نەبووە، بەڵام ١٠٠ساڵ پێش ئەم بەرواره زۆربەی دەوڵەتانی ئەورووپای رۆژئاوا و باکووری ئەمریکا خاوەنی دەستووری لیبرالی بوون.ئەم مێژووە پێمان دەڵێت لەسەر بنەمای دەستووری لیبرالیی دەتوانین بونیادی دیموکراتیەکی سەرکەوتوو بنێین، بەڵام لەسەر بنەمای دیموکراتی ناتوانین دەستووری لیبرالی بونیاد بنێین، هەربۆیە ئەو دەوڵەتانەی هەوڵ بۆ بونیادی لیبرالیزمی دەستووری دەنێن، لەوانەیە نیمچە دیموکراتی بن، بەڵام خاوەنی حکومڕانی باشن، ئەورپای رۆژئاوا و ئەمریکای باکوور پێش ساڵانی ١٩٥٠ی سەدەی رابردوو خاوەنی حکومڕانی باش بوون، توانیبوویان چەندین هەنگاوی گرنگ وەك (جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، جیاکردنەوەی ئایین و سیاسەت، بروابوون بە مافی موڵکداریێتی و پاراستنی مافی موڵکداریێتی، سەربەخۆیی دادگا، ئازادی رادەربرین، چالاکی سیاسیی هەڵبگرن، بەڵام حکومڕانیەکە هەڵبژێردراوی دەنگدانی گشتی نەبوو، دەستەبژێری حکومڕان پاڵێوراوی کەمینە بوون، نەك زۆرینەی گەل، هەر ئەمەش وایکردبوو، لەسەدەی نۆزدەهەمدا پارتی سیاسیی وەك دیاردەیەکی بێزراو سەیربکرێت نەك فاکتەرێك بۆ بونیادی دیموکراسی، بەڵام جۆری ئەو حکومڕانییەی کە پیادە دەکرا حکومڕانی باش بوو، بەڵام هەر ئەم مێژووە فێرمان دەکات حکومڕانی باشیش باجی دەوێت و دەبێت میللەت و پارتە سیاسیەکانیش ئامادەباشی ئەو باجدانەیان هەبێت.

٣- مێژووی دیموکراسی پێمان دەڵێت سەرکەوتنی بەشێك لە دەوڵەتانی ئەورووپای ناوەراست وەك پۆڵەندا، رۆمانیا، هەنگاریا، ..هتد، لە قۆناخی راگواستن بەرەو دیموکراسی، شکستی دەوڵەتانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو لە قۆناخی راگواستن، هۆکارەکەی ئەوەنییە لە پۆڵەندا هەڵبژاردنی ئازاد کراوە و لە کازاخستان و قیرغیستان هەڵبژاردنی ئازاد ئەنجام نەدراوە، نەخێر لە هەردوولادا هەڵبژاردنی ئازاد ئەنجامدراوە، بەڵام ئەو کولتوورەی کە پێیدەڵێت لیبرالیزمی دەستووریی لە ئەورووپای ناوەراست بوونی هەبووە، لە دەوڵەتانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بوونی نەبووە.

٤- کەواتە مێژووی دیموکراسی لایەنێکی شاراوەی دیکەمان بۆ دەردەخات، ئەویش ئەوەیە بونیادی دیموکراتیەت دوو بناخەی هەیە، یەکەمیان بناخەی یۆنانە کە جەخت لەسەر ئازادی تاك دەکاتەوە، دووەمیان بناخەی رۆمانە کە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ئەم ئازادییە بە پیادەکردنی سەروەریی یاسا دەپارێزرێت.

ئەگەر لەبەر رۆشنایی ئەم مێژووە ئامانجەکانمان دەستنیشان بکەین، بێگومان ئێمەش هەمان ئامانجمان هەیە کە بریتییە لە (ئازادی تاك، مافی موڵکداریێتی، ئازادی رادەربرین، میدیای ئازاد، ئازادی کۆڕ وکۆبوونەوە، ئازادی چالاکی سیاسی)هێڵە گشتیەکان بۆ زامنکردنی ئەم ئامانجانە دەتوانین بڵێین تارادەیەکی زۆر وەکوو یەکە، وەك بریتیە لە هەڵبژاردنی ئازاد، دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات، جیاکردنەوەی هەر٣ دەسەڵاتەکە لەیەکتری، سەروەری یاسا، جیاوازییەکە لەوەدایە چۆن ئەم ئەرکانە بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە رێکدەخرێن و ئایا دوو دەوڵەت لەم جیهانەدا هەن وەك یەك بەیەك رێبازو بەیەك هەنگاو ئەم ئەرکانەیان جێبەجێ کردبێت، کەواتە لێرەوە کە باسی هەڵسەنگاندنی حکومڕانی لە هەرێمی کوردستان دەکەین، دەبێت لەسەر ئەو ئەگەرانە کاربکەین کە هاوشێوەی وڵاتی خۆمانە و زیاد لەمەش بەراوردکردنی تایبەتمەندییەکانی وڵاتی خۆمان لەگەڵ تایبەتمەندی ئەو ئەگەرەی کاری لەسەر دەکەین، لەم قۆناخەدا هیچ کەسێك نییە تەنانەت یەکێتی ئەورپا و ناتۆش کە سەرپەرشتی کاری بونیادی دیموکراسی بوون لە بۆسنە و کۆسۆڤۆی کرد هەڵەی زۆر گەورەیان کردووە، تەنانەت لە ساڵی ١٩٩٦ دوای ئەنجامدانی یەکەم هەڵبژاردن لە بۆسنە ریچارد هۆلبرۆك ی تووشی شۆك کرد، چونکە ئاکامی هەڵبژاردنەکە بۆسنەی نەك هەر بەرەو دیموکراتی نەدەبرد، بە ڵکو زۆر پێچەوانەی ئەو ئامانجە بوو کە لە پێناویدا هەڵبژاردن کرابوو، لە عێراقی دوای رووخانی رژێمی دیکتاتۆری (کەبەداخەوە هەندێك کەس هێندە خۆی بێ ئاگا دەکات و بە پێشکەوتووتر لە ئەزموونی هەرێمی کوردستان بە رای گشتی کوردستانی دەفرۆشێتەوە)دەبینین بەرهەمی ٢ هەڵبژاردن ئەوەیە، لەیەکەمیان لیستی هاوبەندی شیعە زۆرینەی رەها بوو، لە هەڵبژاردنی دووەمیشدا حزبی دەعوەی ئیسلامی لەپێش هەموو لیستەکانی دیکەوە بوو، بە ئاشکراو بێ هیچ شاردنەوەیەکیش د.مالکی بانگێشە بۆ گەڕانەوەی حکومەتی مەرکەزی و هەمووارکردنی ئەو دەستوورەدەکات، کەنەك هەر عێراقیەکان بەڵکو هاوپەیمانانیش ئومێدی ئەوەیان بەو دەستوورە بوو کەوەك دەستوورێکی لیبرالی ببێتە بنەما بۆ بونیادی دیموکراتی لە عێراقدا، سەیرکەن لە کوردستان خەڵك هەیە خۆی وەك تۆژەری ستراتیژی پێناسە دەکات، گەڕانەوە بۆ سەنترالیزم و هەمووارکردنی دەستووری لیبرالی بە باشتر لە دیموکراتیەتی کوردستان پێناسە دەکات، هەر بۆیە کاتی ئەوە هاتووە ئامانجی هاوبەشی ئەم قۆناخەی میللەتەکەمان راشکاوانە باسبکەین وئامانجی تایبەتی هەر کەس و لایەنێکیش، ئەوجا هەر ناوێکیان لە خۆیان نابێت، ئیسلامی، ریفۆرم..هتد.

## بونیادنانەوەی دەوڵەت و پیادەکردنی حکومڕانی لە قۆناخی دوای شەری ناوخۆ و رووخاندنی دیکتاتۆریەتدا

ئێمە یەکەم نەتەوە نیین دوای شەری ناوخۆ و رووخانی رژێمێکی دیکتاتۆری هەنگاو بەرەو بونیادی دیموکراسی و حکومڕانی باش و لیبرالیزمی دەستووری دەنێین، بەڵام یەکەم نەتەوەین وەك رای گشتی و پارتە سیاسیەکان بە پارتە دەسەڵاتدارەکان و ئەوانەش کە خۆیان بە ئۆپۆزیسیۆن دەزانن، تایبەتمەندی باردۆخی خۆمان لەبەر چاو نەگرین و ئەولەویەتی هەنگاوەکانمان بە دروستی پۆلین نەکەین، ئێمە ناتوانین هەقیقەت و تایبەتمەندیەکانی ئەم قۆناخە لەمیللەتی خۆمان بشارینەوە و داوای بەشداری و هاوکاریکردنی زیاتریشیان لێبکەین، ئێمە ناتوانین دروست بین و پێش بکەوین، ئەگەر فەزای ئازادییەکانی کوردستان بکەینە تاکتیك بۆ ستراتیژیەتێکی حزبی، یان خەوی تاکە کەسێك کە بەرنامەی دیکتاتۆریەت ئامادە دەکات

**ئەو سەرکەوتنەی نێچیرڤان بارزانی لە جێبەجێکردنی رێککەوتنی پارتی و یەکێتی بۆ هەڵسوراندنی حکومەتی کوردستان بەدەستی هێناوە، لەدوای راپەرینەوە سەرکەوتنێکی بێ وێنەیە**

**بێ وێنەیی سەرکەوتنەکەی نێچرڤان بارزانیش لە جێبەجێکردنی ئەم رێککەوتنە لەوەدایە، رێککەوتنی ساڵی ٢٠٠٥ی پارتی و یەکێتی بۆ ئیستحقاقی هەڵبژاردنی هاوپەیمانی کوردستان لەسەر ئاستی عێراق وکوردستان لەوەدایە، ئەمە یەکەمین رێککەوتنی نێوان پارتی و یەکێتیە، کەبەبێ میانگیری نێودەوڵەتی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت**

**نێچیرڤان بارزانی بە شێوەیەکی پراکتیکی فێری کردین، ئاشتی وسەقامگیری بناخەی پێشکەوتن و پەرەپێدانی ئابووری و هەنگاو هەڵگرتنە بۆ بونیادی دیموکراسی راستەقینە، لە دوای راپەرینەوە ئەو قسەیە زۆر گوتراوەو تەنزیراتی بۆ کراوە کە ئاشتی ویەکریزی ماڵی کورد بناخەی پێشکەوتنە، بەڵام کەس پێش نێچیرڤان بارزانی نەیتوانیوە، دابینکردنی ئەم ئاشتی وسەقامگیریە و پاراستنی لەسەرانسەری کوردستاندا بکاتە واقیع**



و لەبەرگی دیموکراتیدا دەیخاتە بازاڕەکانی کوردستانەوە، سەرمان لێ تێکبدات، ناکرێت کەرەستەکانی هەڵسەنگاندنی حکومەت و حکومڕانی لەخەڵك بشارینەوەو خۆمان بکەین بەدەمڕاست و حکومەتێکی سەرکەوتوو وەك حکومەتێکی فاشیل پیشانی خەڵك بدەین، بۆیە دەبێت لە خاڵی گەوهەریەوە دەستپێبکەین یەکەم پرسیارمان ئەوەبێت، ئایا ئەرکەکانی ئەم حکومەتەی ئێستای کوردستان چین؟ تاچەند لە راپەراندنی ئەو ئەرکانە سەرکەووتوو بووە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە ناچار دەبین هەندێك بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای دەستپێکی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە بەڕێککەوتنی پارتی ویەکێتی و بە ئیستحقاقی هەڵبژاردنی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی عێراق و کوردستاندا، پۆستی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سپێردراوە و سەرکەوتنی لە ٢ساڵی یەکەمی کابینەی پێنجەمیشدا وایکرد جارێکی دیکە بە پێویست بزانرێت ئەم پۆستە بۆ نێچیرڤان بارزانی تازە بکرێتەوە، بەڕێز مام جەلال لە هاوینەهەواری سەلاحەدین و لە کۆنگرەیەکی هاوبەشی رۆژنامەوانی لەگەڵ سەرۆك بارزانی و لەوەڵامی پرسیاری رۆژنامەنووسێکدا کە ئاراستەی سەرۆك بارزانی کرا، ئایا پارتی ئامادەیە پۆستی سەرۆکی حکومەت بداتەوە بەیەکێتی؟ بەڕێز مام جەلال گوتی: دەبێت ئەو پرسیارە لەمن بکرێت، بەڵی پارتی ئامادەیە، بەڵام ئێمە بە پێویستی دەزانین بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لەو پۆستەدا بمێنێتەوە. ئەمە دانپێدانانی بەڕێز مام جەلال بوو وەك سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە سەرکەوتوویی رۆڵی بەڕێز نێچرڤان بارزانی لە سەرۆکایەتیکردنی کابینەی پێنجەمدا کە کابینەی یەکگرتنەوەی ئیدارەی سلێمانی و هەولێرە.کەواتە ئەو ئەرکەی کە پارتی ویەکێتی لەم قۆناخە لەسەری رێککەوتوون و، رەنگدانەوەی خواستی هەموو خەڵکی کوردستانیشە نێچرڤان بارزانی بەسەرکەوتوویی ئەنجامیداوە، دەکرێت راشکاوانە ئاماژەی پێبکەین:

• ئەوە کەموکورتی نییە دان بەوەدا بنێین، ئێمە لەسەر ئاسەواری شەری ناوخۆوە هەنگاومان بۆ کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ یەکخستنەوەی ئیدارەی سلێمانی وهەولێر هەڵگرتووە، ئەمەش واتە ئەرکی هەرە سەرەکی ئەم حکومەتە جێبەجێکردنی رێککەوتنی پارتی ویەکێتی بووە، ئامانجی ئەم رێککەوتنەش:

١- یەکبەندیکردنەوەی جومگە لیکترازاوەکان بووە، واتە زەمینەیەك دروست بکرێت وەك گۆڕەپانێکی مەشق و راهێنان بۆ ئەوەی پارتی ویەکێتی بتوانن پێکەوە کاربکەن، حکومڕانی بکەن، ئەوە کەموکورتی نیە بڵێین پێش کابینەی پێنجەم پارتی ویەکێتی نەیاندەتوانی پێکەوە حکومڕانی بکەن، راستە پێشتریش هەوڵی دیکەی پارتی و یەکێتی هەبووە، بۆ حکومەتی هاوبەش وفیفتی – فیفتی، بەڵام هەموو ئاکامی فیفتی – فیفتیمان بینی، نەك نەبووە بنەما بۆ کاری هاوبەش و حکومڕانی هاوبەش، بەڵکو بووە بنەما بۆ حکومڕانی دوو ئیدارەیی سلێمانی و هەولێر لە کوردستاندا.بەڵام نێچیرڤان بارزانی توانی ئەم یەکبەندیکردنەوەیەی پارتی ویەکێتی بەوحسابەی دووهێزە سەرەکیەکەی کوردستانن، هەروەها یەکبەندیکردنەوەی جومگەی پارتە سیاسیەکان و نەتەوەکانی دیکەی کوردستانیش وەك ماڵێکی کوردستان بکاتە واقیع لە کوردستاندا، پێشتر واقیعی کوردستان بەو شێوەیە بوو، ئەگەر پارتێکی سیاسیی لە ئیدارەی سلێمانی بەشدار بوایە لە ئیدارەی هەلێر نەدەبوو بەشدار بێت وبە پێچەوانەشەوە، کەواتە ئەو سەرکەوتنەی نێچیرڤان بارزانی لە جێبەجێکردنی رێککەوتنی پارتی و یەکێتی بۆ هەڵسوڕاندنی حکومەتی کوردستان بەدەستی هێناوە، لەدوای راپەرینەوە سەرکەوتنێکی بێ وێنەیە، بێ وێنەیی سەرکەوتنەکەی نێچرڤان بارزانیش لە جێبەجێکردنی ئەم رێککەوتنە لەوەدایە، رێککەوتنی ساڵی ٢٠٠٥ی پارتی و یەکێتی بۆ ئیستحقاقی هەڵبژاردنی هاوپەیمانی کوردستان لەسەر ئاستی عێراق وکوردستان لەوەدایە، ئەمە یەکەمین رێککەوتنی نێوان پارتی ویەکێتیە، کەبەبێ میانگیری نێودەوڵەتی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، سەرکەوتنەکەش بەو ئاستە بێت کە هەردوولا پارتی و یەکێتی گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە رێککەوتنەکە بکرێت بە رێکەوتنی ستراتیژی و بۆ دوو خولی دیکەی هەڵبژاردنیش ئەم ئەزموونەی نێچیرڤان بارزانی دووبارە بکرێتەوە.

٢- نێچیرڤان بارزانی بە شێوەیەکی پراکتیکی فێری کردین، ئاشتی و

---

**نێچیرڤان بارزانی پێش هەموو کەس بەڕای گشتی کوردستانی راگەیاند جیاوازی نێوان پارتی ویەکێتی وەک جیاوازی نێوان بیبسی کۆلا و کۆکا کۆلا وایە، هەردوو خاوەنی ئامانجی هاوبەش و مێژووی هاوبەشن و دەکرێت پێکەوە ئایندەی کوردستان بونیاد بنێن**

**حکومەتی ئەردۆگان کە بە باشترین حکومەتی تورکیا دادەنرێت لەهەشتاکانەوە تا ئێستا، نەیتوانی راگشتی تورکیا بگەیەنێتە قەناعەت کە هێزەکانی ئەمریکا بێنە تورکیا و، ئەمە لەگەڵ ئەوەی هاوپەیمانی تورکیا وئەمریکا تەمەنی لە پەنجا ساڵ زیاترە و هەموو بینیشمان حکومەتی تورکیا چۆن باجێکی ئەو هەڵسوکەوتەی دا**




سـەقامگیری بناخەی پێشکەوتن و پەرەپێدانی ئابووری و هەنگاو هەڵگرتنە بۆ بونیادی دیموکراسی راستەقینە، لە دوای راپەرینەوە ئەو قسەیە زۆر گوتراوەو تەنزیراتی بۆ کراوە کە ئاشتی ویەکڕیزی ماڵی کورد بناخەی پێشکەوتنە، بەڵام کەس پێش نێچیرڤان بارزانی نەیتوانیوە، دابینکردنی ئەم ئاشتی وسەقامگیریە و پاراستنی لەسەرانسەری کوردستاندا بکاتە واقیع، واتا خۆی هاتە ناو پڕۆسە عەمەلییەکەو جێبەجێکردنیشی خستە ئەستۆی خۆی. راستە پێشتر پارتی توانیویەتی لە ناوچەکانی ئیدارەی هەلێر و، یەکێتی لە ناوچەکانی ئیدارەی سلێمانی جۆرێك لە ئاشتی وسەقامگیری دابینبکەن، بەڵام ئاشتی وسەقامگیری لە چوارچێوەی حکومەتێکی یەکگرتوو لە زاخۆ تا هەڵەبجە، ئەگەر هەشبوبێت ئاشتی وسەقامگیرییەکی شلۆق بووە، بۆیە سەرکەوتنی نێچیرڤان بارزانی لە بواری پاراستنی ئاشتی وسەقامیگریی سەرتاسەری هەرێمی کوردستان نموونەییە.ئەمە ئەوەشمان بیرناباتەوە کە سەرۆك بارزانی و تاڵەبانی هاوکارو یارمەتیدەر بوونە بۆ سەرکەوتنەکە، بەڵام نێچیرڤان بارزانی توانی زۆر زیرەکانە و بوێرانە ئیدارەی ململانێکان بکات، توانی ئەو سەهۆڵبەندەی چووبووە هزری هەر تاکێکی کورد، ئەو سەهۆڵە لە هزری تاکەکان نەهێڵێت. بەبیرهێنانەوەی حاڵەتەکانی سەرەتای دەستپێکی کابینەی پێنجەم ئەگەر بیرهێنانەوەیەکی تاڵیش بێت، بەڵام سوودبەخشە، لە بیرتانە لە ساڵی یەکەمی کابینەی پێنجەمدا هەندێك بڕیاری حکومەت بۆ پشووە نیشتمانییەکانی کوردستان لە هەموو کوردستان وەك یەك پیادە نەدەکرا، لە بیرتانە کە یەکێتی پۆستی سەرۆکی حکومەتی دایەوە بە نێچیرڤان بارزانی تەواوی ئەندامانی کابینەی ئەندامانی خوارەوە و لایەنگرانی یەکێتی چۆن هەڵوێستی سەرکردایەتیەکەی خۆی تەفسیر دەکرد، هەربۆیە نێچیرڤان بارزانی توانی کولتووری بیرکردنەوەی پارتی ویەکێتی لەسەر نەزم و ئیقاعی کۆن بگۆڕێت، ئەم هەنگاوەی نێچیرڤان بارزانی لە شەخسی خۆیەوە دەستی پێکرد و ئازایانە ئەو دیوارە وەهمیەی رووخاند کە ٤٠ ساڵ بوو لە نێو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستاندا دروست بوو بوو، نێچیرڤان بارزانی لەبەر ئەوەی ئامانجی سەرەکی رووخاندنی ئەو دیوارە وەهمیە بوو، پێش هەموو کەس بەڕای گشتی کوردستانی راگەیاند جیاوازی نێوان پارتی ویەکێتی وەك جیاوازی نێوان بیبسی کۆلا و کۆکا کۆلا وایە، هەردوو خاوەنی ئامانجی هاوبەش و مێژووی هاوبەشن و دەکرێت پێکەوە ئایندەی کوردستان بونیاد بنێن، ئەمە ناخی هەر کوردێکی پاك و کوردستانیەکی نیشتمانپەروەر بووە بە درێژایی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردسستان و مێژووی ئەزموونی حکومڕانی کوردستان لە ١٩٩١-٢٠٠٦، دیوارەکە هەر دیوار بوو، هەتا نێچیرڤان بارزانی هەنگاوی جدی بۆ هەڵگرت.

٣- نێچیرڤان بارزانی سەلماندی بونیادی دیموکراسی و پیادەکردنی حکومرانی باش، پێویستی بە دروستبوونی قەوارەیەکی سیاسیی ئەوتۆ هەیە کە بتوانێت لەگەڵ حکومەتی عێراق و دەوڵەتانی دەوربەرو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی مامەڵە بکات، نێیچیرڤان بارزانی سەلماندی خاڵی بەهێزی حکومەت بۆئەمڕۆی جیهانی سەردەم جیاوازە لە دوینێ، ئەمڕۆ ئەو حکومەتە بەهێزە کە شێوازی ئاشتیانە و بە دروستکردنی بەرژەوەندی هاوبەش لەناو دەوڵەتانی دراوسێی و کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتیدا بناسرێت، هەربۆیە نیچیرڤان بارزانی توانی کولتووری شۆڕشگێڕانەو خەباتی چەکداری بۆ کولتووری مەدەنیانەی بونیادی دەوڵەت بگۆڕێت، دانپێدانانی ئەم هەوڵانەش لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەوڵەتانی دراوسێوە دانی پێنراوە، ئێمە لەبەر ئەوەی خاوەنی دەوڵەت وکولتووری حکومڕانی نین، هێندە لەسەر ئەم هەوڵانەی حکومەتی کوردستان هەڵوەستە ناکەین، بۆیە بە پێویستی دەزانین ئاماژە بە چەند نموونەیەك بکەین: (هەموو دەزانین تورکیا بێ رۆژئاوا بەگشتی و ئەمریکا بە تایبەتی ئەو ماسیەیە کە لە ئاو دەردەهێنرێت، بەڵام حکومەتی ئەردۆگان کە بە باشترین حکومەتی تورکیا دادەنرێت لەهەشتاکانەوە تا ئێستا، نەیتوانی راگشتی تورکیا بگەیەنێتە قەناعەت کە هێزەکانی ئەمریکا بێنە تورکیا و، ئەمە لەگەڵ ئەوەی هاوپەیمانی تورکیا وئەمریکا تەمەنی لە پەنجا ساڵ زیاترە و هەموو بینیشمان حکومەتی تورکیا چۆن باجێکی ئەو هەڵسوکەوتەی دا، کۆماری ئیسلامی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ەوە تائێستا نەیتوانیوە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئەمریکا

**نێچیرڤان بارزانی توانی کولتووری بیرکردنەوەی پارتی ویەکێتی لەسەر نەزم و ئیقاعی کۆن بگۆڕێت**

**ئەگەر بەراوردی هەوڵەکانی بەرێز نێچیرڤان بارزانی تەنها لە ئاساییکردنەوەی پەیوەندیەکانی هەرێم لەگەڵ دەوڵەتانی دەوربەر بکەین، دەبینین هەرگیز ئاسییکردنەوەی پەیوەندیەکانی هەرێم و تورکیا لە ئاسایکردنەوەی پەیوەندی نێوان ئەنقەرە و واشنتۆن ئاسانتر نەبووە، لانی کەم ئەمریکا ناڵێت دەوڵەتێک نییە ناوی تورکیا بێت، بەڵام هەتا ماوەیەک پێش ئێستاش حکومەتی تورکیا قەناعەتی وابوو حکومەتێک نییە ناوی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت، جوگرافیایەک نییە ناوی کوردستان بێت، نێچیرڤان بارزانی نەک ئەم هاوکێشەیەی گۆڕی، بەڵکو هاوکێشەیەکی دیکەی دروستکرد ئەگەر تورکیا ئیعتراف بەم هەرێمە نەکات وەک هەرێمێکی فیدرالی لە عێراقدا، تورکیا زەرەر دەکات نەک ئێمە**



**ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ەوە تائێستا نەیتوانیوە پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ ئەمریکا ئاساییبکاتەوە، لەکاتێکدا ئەو بەرژەوەندیە هاوبەشەی لەنێوان ئەمریکا و ئێراندایە، لە بەرژەوەندی زۆربەی دەوڵەتانی رۆژهەڵات و جیهانی عەرەبی وئیسلامی زیاترە**

**ئەوە هەوڵەکانی بەڕێز نێچیرڤان بارزانییە، کۆمپانیا پترۆلەکانی جیهان حساب بۆ هەڕەشەکانی وەزیری نەوتی عێراق ناکەن و ئامادەن بخرێنە لیستی رەشی حکومەتی عێراقەوە**

**قەرزی بانکی هاریکاری نێودەوڵەتی ژاپۆن (جایکا) یە کە بری ٣٠٠ ملیۆن دۆلار بۆ جێبەجێکردنی ئاوی هەڵەبجەو تۆری ئاوی سلێمانی و هەولێرو دهۆک داوەتە حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەم پارەیە تەنها ٨٠٪ی پرۆژەکەی پێ تەواو دەکرێت و بەپێی رێککەوتنی قەرزەکە ٢٠٪کەی کە دەکاتە ٨٠ ملیۆن دۆلار حکومەتی کوردستان دابینی دەکات،لە ئایندەیەکی زۆر نزیکیشدا ئۆفیسی جایکا لە هەولێر بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرۆژە گرنگە لە هەولێر دەکرێتەوە**

ئاسـاییبکاتەوە، لەکاتێکدا ئەو بەرژەوەندییە هاوبەشـەی لەنێوان ئەمریکا و ئێراندایە، لە بەرژەوەندی زۆربەی دەوڵەتانی رۆژهەڵات و جیهانی عەرەبی و ئیسلامی زیاترە، پرسیار ئەوەیە ئایا دەوڵەتی ئێران خۆی نایەوێت لەگەڵ ئەمریکا رێکبکەوێت؟ بێگومان دەڵێین نەخێر لەبەر ئەوەی هەموو هەوڵەکانی بەڕێز محەمەد خاتەمیمان بینی کە دەرەقەتی رای گشـتی ئێران نەدەهات، کۆماری سوریا ئەوە ماوەی زیاتر لە ٤٠ ساڵە لە هەوڵی ئەوەدایە لەسەر کێشەی جۆلان لەگەڵ ئیسـرائیل رێکبکەوێت، بەڵام نەیتوانیوە، پرسـیار ئەوەیە ئایا سوریا نایەوێت ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت؟ بێگومان نەخێر، لەبەر ئەوەی سـوریا لە میسـر نزیکتر نییە بۆ کێشـەی عەرەب ئیسرائیل و هەروەها لە میسریش بەهێزتر نییە هەتا بیر لە چارەسەرێکی جیاواز لە وەرگرتنەوەی سینا بۆ گەڕانەوەی جۆلان بکاتەوە) ئەگەر بەراوردی هەوڵەکانـی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی تەنها لە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ دەوڵەتانی دەوربەر بکەین، دەبینین هەرگیز ئاسییکردنەوەی پەیوەندییەکانی هەرێم و تورکیا لە ئاسـایکردنەوەی پەیوەنـدی نێوان ئەنقەرە و واشـنتۆن ئاسانتر نەبووە، لانی کەم ئەمریکا ناڵێت دەوڵەتێك نییە ناوی تورکیا بێت، بەڵام هەتا ماوەیەك پێش ئێسـتاش حکومەتی تورکیا قەناعەتی وابوو حکومەتێك نییە ناوی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت، جوگرافیایەك نییە ناوی کوردستان بێت، نێچیرڤان بارزانی نەك ئەم هاوکێشـەیەی گۆڕی، بەڵکو هاوکێشـەیەکی دیکەی دروسـتکرد ئەگەر تورکیا ئیعتـراف بەم هەرێمە نەکات وەك هەرێمێکـی فیدرالی لە عێراقـدا، تورکیا زەرەر دەکات نەك ئێمە، بەڵام تورکیا هەتا ئێسـتاش نەیتوانیـوە بە ئەمریکا بڵێت ئەگەر پەیوەندییەکانت ئاسـایی نەکەیتـەوە خۆت زەرەر دەکەیت، بەرامبەر بە ئێرانیش بە هەمان شـێوە، لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیـش ئەوە هەوڵەکانی بەڕێز نێچیرڤان بارزانییە، کۆمپانیا پترۆلەکانی جیهان حساب بۆ هەڕەشەکانی وەزیری نەوتی عێراق ناکەن و ئامادەن بخرێنە لیستی رەشی حکومەتی عێراقەوە، بەڵام کۆنتراکتەکانیان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئیمزای نێچیرڤان بارزانی پێوەیە هەڵناوەشێننەوە، کەواتە نێچیرڤان بارزانی لە بواری دبلۆماتیەت و دروستکردنی بەرژەوەندی هاوبەش لەگەڵ دەوربەر و جیهان فێری کردین دەکرێت دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریش نەبیـت لە جیهاندا، بەڵام وەك قەوارەیەکی سیاسـیی و دەوڵەتی ئەمری واقیع کۆمەڵگەی نێودەوڵەتـی رێزتبگرێت و مامەڵەت لە گەڵـدا بکات، ئـەوە بەرهەمی سـەرکەوتنی دبلۆماتیەتی نێچیرڤـان بارزانی و حکومەتی هەرێمی کوردسـتانە، زۆربەی دەوڵەتانی جیهان کونسولخانەی خۆیان لە هەولێر کردۆتەوە و ئەوە جێگەی شانازیە بۆ کورد و ئەزموونی حکومڕانی کوردستان، کە د.مالکی سەرۆك وەزیرانی عێراق سەری لەم هەوڵانە سورماوە و ماوەیەك پێش ئێستا هەڕەشەی ئەوەی لێدەکردین ئەو کونسڵخانانە لەدەسەڵاتی هەرێم زیاترە.

٤- نێچیرڤـان بارزانـی بۆ یەکەمجار لە مێـژووی حکومڕانی کوردستان، بووە ئەو قەوارە سیاسییەی بانکی نێودەوڵەتی جیهان و بانکی هاریکاری ژاپۆنی و تێکڕای دەوڵەتانی بەخشەر، ئامادەبن وەك دەوڵەتێك کە ئاسـتی سـتاندەری حکومڕانی باشی لەسەر ئاسـتی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو پیادەکردووە و شایستەی ئەوەیە وەك حکومڕانییەکـی باش مامەڵەی لەگـەڵ بکرێت و دەبێت قەرزی درێژخایەنی پێبدرێت، خۆشـبەختانە تازەترین نموونە لە بـوارەدا، قەرزی بانکی هاریـکاری نێودەوڵەتی ژاپۆن (جایکا) یـە کە بری ٣٠٠ ملیۆن دۆلار بۆ جێبەجێکردنی ئاوی هەڵەبجەو تۆری ئاوی سلێمانی و هەولێرو دهۆك داوەتە حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەم پارەیە تەنها ٨٠٪ی پرۆژەکەی پێ تەواو دەکرێت و بەپێـی رێککەوتنی قەرزەکە ٢٠٪کـەی کە دەکاتە ٨٠ ملیۆن دۆلار حکومەتی کوردسـتان دابینی دەکات، لە ئایندەیەکی زۆر نزیکیشـدا ئۆفیسی جایکا لە هەولێر بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرۆژە گرنگە لە هەولێر دەکرێتەوە.

٥- لەمـاوەی حکومڕانـی نێچیرڤان بارزانیدا نەخشـە بۆ ئەوە داڕێژراوە کە بەسـەدان ملیار (١ملیار واتە هەزار ملیۆن) دۆلار سەرمایە بێتە کوردسـتان و بۆ پرۆژەی رێکخستنەوەی ژێرخانی ئابوری کوردسـتان و پەرەپێدانی هەرێمی کوردسـتان و توانای مرۆیی لە کوردستاندا سەرفبکرێن.، هەر تەنها بۆ نموونە پرۆژەی



تارین هێلز کە لەگەڵ کۆمپانیای داماك ئیمزاکراوە بری ٤٥ ملیار دۆلارە، لەگەڵ کۆماری کۆریای باشور رێککەوتنێك بە ١٠ ملیار دۆلار ئیمـزا کراوە تەنها بۆ رێکخسـتەوەی ژێرخانی ئابووری و پڕکردنەوەی خزمەتگوزارییە سەرەکیەکانی هاوڵاتیانی کوردستان و بنەمای ئەم رێککەوتننەش بریتییە لە (نەوت بەرامبەر پرۆژەی خزمەتگوزاری) سـەیرکەن بەدرێژایی مێژووی کوردستان، نەوت هەر مالکاولی لێکەوتۆتەوە، ئـەوە نێچیرڤان بارزانییە چەمکی شـەڕی نەوت دەگۆڕێت بۆ خێرو بەرەکەتی نەوت، ئێمە نەوتمان هەیـە بۆ ئەوەی وڵاتەکەمانی پـێ ئاوەدانبکەینەوە، نەك بیدەین بەچەك و هەڕەشە بۆ وڵاتی خۆمان دروست بکەین.

٦- نێچرڤان بارزانی خواسـتی خەڵکی کوردستانی لە خواستی سـەرەتاییەوە گۆڕی بۆ خواسـتی پێشـکەوتوو، مەبەسـت لە ئاسـتی پێشکەوتووی خواستەکان ئەوەیە، پێشتر خەڵك کە داوای دابینکردنی ئاوی خواردنەوەی دەکـرد عەریزەی دەدا بە تانکەر ئاویان بۆ دابینبکرێت یان لە باشـترین حاڵەتدا بیرێکی ئاویان بۆ لێبدرێت، ئێستا خەڵکی کوردستان گەیاندنی ئاوی خواردنەوە بە تانکەر یان بە هەڵکەندنی بیرێکی ئیرتیوازی نەك بە چارەسـەر نازانێـت، بەڵکـو وەك کەموکورتیەکی خزمەتگوزاری سـەیری دەکات و پۆلێنی دەکات، ئێسـتا نەك هەر خەڵکی شارەکان بەڵکو خەڵکی گوند و شـارۆچکەکانیش داوای پرۆژەی سـتراتیژی گـەورە و تۆڕی ئاوی خواردنەوە دەکـەن و حکومەتیش وەڵامی خواسـتەکانیان دەداتەوە، گەورەترین کێشەی ئەمڕۆی حکومەت ئەوەیە هاوڵاتیان دەیانەوێت پرۆژە سـتراتیژیەکان بۆ دابینکردنی ئاوی خواردنەوە، کارەبا، خزمەتگوزاریە سـەرەکیەکان لە کاتێکی کورتدا تـەواو بن، بەڵام ئاگاداری ئەوەنیـن، کەمترین ماوە بۆ جێەجێکردنی پرۆژەیەکی سـتراتیژی لە ٣-٥ ساڵ کەمتر نییە، ئێسـتا بۆ نموونـە کە خەڵکی هەولێر پـرۆژەی ئاوی ئیفراز بە تەواوکراوی دەبینن و کێشـەی ئاویان نەماوە و شاری سلێمانیش کە لە ماوەیەکی کورتدا ئاکامی هێڵی دووەمی سـلێمانی دوکان دەبینن، دەزانن چارەسەری ریشـەیی کێشەی دابینکردنی ئاوی خواردنەوە کارێکی ئاسان نییە.

## مامەڵەکردنی حکومەتی کوردستان لەگەڵ دیاردەی گەندەڵی و چۆنیەتی چارەسەرکردنی

پێـش ئەوەی بێینە سـەر ئەوەی ئایا چۆن گەندەڵی لە کوردسـتان سـەریهەڵدا و چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکەین؟ پرسیارێك لەو پارتە سیاسیانە دەکەین کە ئەمرۆ خۆیان ناوناوە ئۆپۆزیسیون، پرسیارەکەش ئەوەیە: ئـەو بودجەیەی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان (کابینەی پێنجـەم) لە ماوەی ٣ سـاڵی رابـردوو لە حکومەتـی فیدرالی بەغـدا وەریگرتووە چەندە؟ بەپێی ئـەو ژمارانەی کە لایەنەکان وەك دەسـتکەوتێك دژی حکومەتی کوردسـتان بڵاویدەکەنەوە ساڵی پار بەرزترین ئاسـتی بودجە کە بەر هەرێمی کوردستان کەوتووە نزیکەی ٨ ملیار دۆلار بووە، واتە لە ٣ ساڵی رابردوو نزیکەی ٢٠-٢٢ ملیار دۆلار لەبەغداوە هاتووە بۆ کوردستان، بەپێی لێدوانەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش کە تائێستا هیچ لایەنێکی نەیار و ئۆپۆزسیۆن رەتینەکردۆتـەوە، حکومەت دەڵێت من ئـەم بودجەیە ٪٧٠ی دەدەم بـە مووچەی فەرمانبەران، کەواتە لـەم ٢٠-٢٢ ملیار دۆلارە (ئەم ژمارەیـە نزیکەییە) بری ١٤-١٥ ملیار دۆلاری دەدرێت بەمووچەی فەرمانبەران، ئـەوەی دەمێنێتەوە بڕی ٦-٧ ملیار دۆلارە بۆ هەموو پێداویستیەکانی حکومەت و دابینکردنی سەرجەم خزمەتگوزارییەکان، ساڵی دەکاتە بری ٢-٢,٣٠٠ملیار دۆلار، ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان لەماوەی ٣ ساڵی رابردوو بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری و بونیادنانەوەی ژێر خانی کوردسـتان و هەڵسووڕاندی کاروبارەکان بەدەسـتیەوە بووە ساڵانە بۆ هەموو کوردستان ٢-٢,٣٠٠ ملیار دۆلار بووە، هەربۆیە ئەگەر پشـکی هەولێر لەو پارەیە بۆ یەك سـاڵ ٩٠٠ ملیـۆن دۆلاریش بێت ' ئـەوا تەنها پرۆژەی ئـاوەڕۆی هەولێر کە ئەمسـاڵ کۆنتراکتی بۆ ئیمزا کراوە نزیکـەی ٧٥٠ ملیۆن دۆلارە، ئەمە بەرگریکـردن نییە لە دیـاردەی گەندەڵی بەڵکـو ژمارەیە، گریمان لەماوەی ٣ سـاڵی رابردوو، لەو برە پارەیەی تەرخانکراوە بۆ پرۆژەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆك، بابڵێین سلێمانی و هەولێر بە حوکمی ئەوەی لە هەولێر گەورەترن بۆ ٣ سـاڵ یەکی بڕی ٣ ملیار و دهۆکیـش ٢ملیاری بەرکەوتبێت، لە هەر شـارێکیش بڕی ١٠٠ ملیۆن دۆلار گەندەڵی تێدا کرابێت، ئایا لە کۆی بودجەی ٣ سـاڵی

سەیرکەن بەدرێژایی مێژووی کوردستان، نەوت هەر ماڵکاولی لێکەوتۆتەوە، ئەوە نێچیرڤان بارزانییە چەمکی شەڕی نەوت دەگۆڕێت بۆ خێرو بەرەکەتی نەوت

لەم ٥٠ ملیار دۆلارە ٪٢٣-٢٥ ی بودجەی هەر ٣ سەرۆکایەتی کۆمار و وەزیران و پەرلەمان بووە، تەنها ئەم پارەیە کە بێ حساب ٣ بەرێوەبەری نووسینگەی سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیران وسەرۆکی پەرلەمان سەرفیدەکات و لێپرسینەوەیشی لەسەر نییە،تەنها ئەمەندە ٢ بەرابەری هەموو بودجەی هەرێمی کوردستانە بە مووچەی فەرمانبەرانیشەوە

ساڵی پار لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی عێراق ٣ مانگ پەسەندکردنی بودجەی دواخست تەنها لەبەر ئەوەی تەسفیەی بودجەی ساڵی پێشتر ئامادەبکرێت، ئەوەبوو بانکی مەرکەزی سوتێنراو هەموو دیکۆمێنت و کۆمپیوتەرەکان شکێنران، کە تەنها تەسفیەی بودجە مەزندەکرا چەندین ملیار دۆلاری دزرابێت



دەکاتە ٢٢-٢٠ ملیار دۆلار، (ا)ملیار بە گەندەڵی رۆشــتبێت، واتە رێــژەی گەندەلی ٪٤_٥ تیناپەرێت، کە ئەمە نەك هەر بەرزە بەڵکو مەترسیداریشە، باشە بۆ ئەوانەی خۆیان بە ئۆپۆزیسیۆن دەزانن نایەن باســی ئەوە بکەن بڵێن حکومەتی کوردســتان تــۆ نەك لە ٪٩٥ ی ئەو پارەیەی بۆ خزمەتگوزاری بونیادنانەوە بەدەســتەوە دەمێنێتەوە، ٪ ٨٠ی ســەرفدەکەیت و لە ٪٢٠ت گەندەڵیــە، لە کاتێکدا رێژەی گەندەڵی لە هەموو بارێکدا و چۆن حســاب بکرێت ٪١٠ تێناپەرێت، دەبێت شەفافانە هەوڵبدەیت و بەرنامەی خۆت بخەیتە روو ئەم رێژەیە لە ســاڵی داهاتوو دەبێت کەمتر ببێتەوە، واتە بۆ نموونە ئێســتا ئێمە دەڵێین رێژەی گەندەڵی بۆ نموونە لە ٪١٠ هیە، ئەگەر ساڵی داهاتوو ئەم رێژەیە بوویێتە ٪٨ واتە حکومەت ســەرکەوتنی بەدەست هێناوە، بــەلام ئەگەر زیاتر بوو ئەوا نابێت قبوڵ بکرێت، دیســان دووبارەی دەکەینەوە ئەم شــیکارە بۆ بەرگریکــردن نییە لە گەندەڵی بەڵکو بۆ دەستنیشــانکردن و چارەســەر کردنە، بەڵام بەداخەوە هەندێك دەڵێن گەندەڵی لە حکومەتی بەغدا کەمترە، هەموو کوردێك پێی خۆشــە پێی بڵێیت، ئێمــە دەمانەویت ئایندەی وڵاتەکەمــان وەك یەکێك لە دەوڵەتانی باکووری ئەوروپا (ئەسکەندنافی ) بێت، رێژەی گەندەڵی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چاو وڵاتێکی وەك نەرویج یان سوید ســەد بەرابەرە، بەڵام خۆمان هەڵدەخەڵەتێنین، شــانازی بە گەندەڵی بەغــداوە بکەین، بۆیە **لێرە ناچارین بۆ بەرچــاو روونی ئەوانەی بە بەغدا بەراوردمان دەکەن چەند نموونەیەك باس بکەین:**

١- ســاڵی پار عێــراق خاوەنی بەرزترین بودجــەی دەوڵەت بووە لە مێژووی عێراقــدا و بە نزیکەی زیاتر لە ٥٠ ملیار دۆلار بێجگە لە زیادەی فرۆشــتنی نەوت خەملێنراوە، لــەم ٥٠ ملیار دۆلارە ٪٢٣-٢٥ ی بودجــەی هەر ٣ ســەرۆکایەتی کۆمار و وەزیران و پەرلەمان بووە، تەنها ئەم پارەیە کە بێ حســاب ٣ بەرێوەبەری نووســینگەی سەرۆك کۆمار و ســەرۆك وەزیران وسەرۆکی پەرلەمان سەرفیدەکات و لێپرسینەوەیشــی لەســەر نییە، تەنها ئەمەندە ٢ بەرابەری هەموو بودجەی هەرێمی کوردستانە بە مووچەی فەرمانبەرانیشەوە.

٢- ســاڵی پــار لیژنەی نەزاهــەی پەرلەمانی عێــراق ٣ مانگ پەسەندکردنی بودجەی دواخست تەنها لەبەر ئەوەی تەسفیەی بودجەی ساڵی پێشتر ئامادەبکرێت، ئەوەبوو بانکی مەرکەزی سوتێنراو هەموو دیکۆمینت و کۆمپیوتەرەکان شــکێنران.کە تەنها تەســفیەی بودجە مەزندەکرا چەندین ملیار دۆلاری دزرابێت.

٣- هەر ســاڵی پار بریار بوو وەزیری بازرگانی عێراق بانگهێشــتی پەرلەمان بکرێت، لەســەر ئــەوەی کۆنتراکتی کرینــی خۆراك لە چوارچێوەی لیستی خۆراکی هاوڵاتیان گەندەڵی تیاکراوە و زیاتر لە ملیارێك دۆلار گەندەڵی تیاکرابوو.

٤- راپۆرتی GAO کە بری یارمەتیەکانی ئەمریکا بە زیاتر لە ٣٠ ملیــار دۆلار دەخەملێنێت و ٥ ملیار دۆلار بەتەنها بۆ کەرتی کارەبا تەرخانکرابــوو، دۆلارێکی بۆ کارەبا خەرجنەکراوە و دۆلارێکیشــی نەهاتۆتــە کوردســتان، ئەوانی دیکەش هەمووی پــرۆژەی وەهمی بوون.

٥- دزین و بە قاچاغ فرۆشتنی نەوت لە بەسرا، نەك هەر بە شاحینە و لۆری بەڵکو بە بۆری، بری زیاتر لە ٨ ملیار دۆلار بۆ پەرەپێدانی کێلگە نەوتییەکان تەرخانکراوە لە باشــور و ناوەراســت، ئایا رێژەی بەرهەمهێنانی نەوت چەند بەرز بۆتەوە، ئەم نموونانە کە مشتێکن لە خەروارێــك بۆ ئەوەیە خەڵك خۆڵ لــە چاوی میللەتی خۆی نەکات و بەرژەوەندی حزبی و سیاســیی خۆی نەخاتە ســەروو بەرژەوەندی گشتی و نیشتمانەکەی.

## چۆن مامەڵە لەگەڵ گەندەڵی کراوە

حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو واقیعەی لەبەرچاوە کە بە بودجەی بەغدا کوردســتان ئاوەدان ناکرێتەوە، هەمــوو ئەو بودجەیەی بەغدا دەینێرێت بۆ هەرێمی کوردســتان و ئەوەی لە بودجەیە تەرخاندەکرێت بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردســتان، بە ٢٠ ساڵ پرۆژەیەکی وەك تارین هێلــزی پــێ جێبەجێ ناکرێت و بە ٥٠ ســاڵی دیکەش کێشــەی نیشــەجێی هاوڵاتیانی پێ چارەسەر ناکرێت، بە زمانی ژمارە ئێستا کوردســتان لانی کەم پێویستی بە دروســتکردنی ١٠٠-٢٠٠ هەزار یەکەی نیشــتەجێ هەیە بۆ ئەوەی کێشــەی نیشــتەجێ چارەسەر بکرێت، یەکەیەکی نیشەجێش لەسەر رووبەری ١٠٠ مەتر شایستەی ئەوەبێت خێزانێکی ئاســایی تێیدا بژی بە بــێ زەویەکەی مەتری ٤٠٠$ تێدەچێت، ئەمەش واتە تەنها بۆ ئەوەی کێشــەی نیشتەجێ

هەر ساڵی پار بریار بوو وەزیری بازرگانی عێراق بانگهێشتی پەرلەمان بکرێت، لەسەر ئەوەی کۆنتراکتی کرینی خۆراك لە چوارچێوەی لیستی خۆراکی هاوڵاتیان گەندەڵی تیاکراوە و زیاتر لە ملیارێك دۆلار گەندەڵی تیاکرابوو

راپۆرتی GAO کە بری یارمەتییەکانی ئەمریکا بە زیاتر لە ٣٠ ملیار دۆلار دەخەملێنێت و ٥ ملیار دۆلار بەتەنها بۆ کەرتی کارەبا تەرخانکرابوو، دۆلارێکی بۆ کارەبا خەرجنەکراوە و دۆلارێکیشی نەهاتۆتە کوردستان

دزین و بە قاچاغ فرۆشتنی نەوت لە بەسرا، نەك هەر بە شاحینە و لۆری بەڵکو بە بۆری، بری زیاتر لە ٨ ملیار دۆلار بۆ پەرەپێدانی کێلگە نەوتیەکان تەرخانکراوە لە باشور و ناوەراست، ئایا رێژەی بەرهەمهێنانی نەوت چەند بەرز بۆتەوە

**هەموو ئەو بودجەیەی بەغدا دەینێرێت بۆ هەرێمی کوردستان و ئەوەی لە بودجەیە تەرخاندەکرێت بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، بە ٢٠ ساڵ پرۆژەیەکی وەک تارین هێلزی پێ جێبەجێ ناکرێت و بە ٥٠ ساڵی دیکەش کێشەی نیشەجێی هاوڵاتیانی پێ چارەسەر ناکرێت**



لە کوردستان چارەسەر بکەیت، پێویستت بە نزیکەی ١٠ ملیار دۆلار هەیە واتە بودجەی ٥ ساڵی ئەو پارەیەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بەدەستیەوەیەتی، ئەم بیرکردنەوە لۆژیکیانەیەی نێچیرڤان بارزانی بەوەی نابێت هەر چاوەڕێی بودجە بین و دەبێت خۆمان کاربکەین بۆ ئەوەی بە هەرێگەیەك بێت وڵاتی خۆمان پێش بخەین و ئاوەدانی بکەینەوە، دەرکردنی یاسای وەبەرهێنان و دامەزراندنی دەستەی وەبەرهێنانە لە کوردستان، ئەمە گۆڕینی ئابوورییە لە ئابووری مەرکەزیەوە بۆ ئابووری بازاڕ یان وەك خۆمان پێیدەڵێین ئابووری ئازاد، لەم وەرچەرخانەشدا لە هەموو وڵاتانی جیهان کە بەم پرۆسەیە تێپەریون گەندەڵی نەك هەر دروست بووە، بەڵکو گەندەڵی زۆر زۆر گەورەش دروست بووە و لە مبارەوە تایوان و کۆریا کە دوو نمونەی سەرکەوتوون دیاردە و کارەساتی گەندەڵی زۆر گەورەیان تێدا دەرکەوتووەو لە کەسی یەکەمی دەوڵەتیشەوە بووە، کەواتە وەرچەرخان لە ئابووری مەرکەزیەوە بۆ ئابووری ئازاد وەك حاڵەتی ئەو نەشتەرگەرییەیە کە لە کاتی نەشتەرگەریەکە خوێنی بۆ ئامادەدەکەیت، بۆئەوەی قەرەبووی ئەو خوێنە بکرێتەوە کە لە کاتی نەشتەرگەریەکە لە نەخۆشەکە دەڕوات، بەڵام دەبێت خوێنەکە سنوورداربێت و برینەکەش چارەسەر بکرێت، نەخۆشەکە بکەوێتەوە سەرپێی خۆی، بەڵام ئەگەر بووە نەزیف، ئەوا خوێنەکەش بە فیڕۆ دەچێت و نەخۆشەکەش دەکەوێتە مەترسیەوە.، ئەوەی لەم نموونەیەدا دەمانەوێت موناقەشەی بکەین ئەوەیە نە نەخۆشەکە تووشی نەزیف بووە و نە نەشتەرگەریەکەش کۆتایی هاتووە، راستە خوێن لە لاشەی نەخۆشەکە دەڕوات، بەڵام هەوڵی نوژدارەکان بۆ کەمکردنەوەی خوێنەکە و سەرکەوتنی نەشتەرگەریەکەیە.

**ئەگەر بەم ئاراستەیە سەیری چۆنیەتی مامەڵەکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دیاردەی گەندەڵی لە هەردوو کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی بکەین دەبینین:**

١- لەسەر ئاستی کەرتی گشتی کە حکومەت دەگرێتەوە، ئێستا هەوڵەکان بەو ئاراستەیەن کەدیراسەتی سەرجەم دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت و ئەوەشی لە هەموو شتێك جوانترە ئەوەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیعتراف بەوە دەکات کە هەیکەلی دامەزراوەیی و توانای مرۆیی ئێمە پێویستی بە نوێکردنەوەیە بۆ ئەوەی لە ئاستی شەری دژە تیرۆردا بێت، هەروەها هەیکەلی دامەزراوەکانی حکومەت خۆیان هاندەربن بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵی و ئاستەنگی زیاتر لەبەردەم گەندەڵی و گەندەڵکاران دروست بکەن، هەروەك چۆن لەشەڕی دژە تیرۆردا یەکێك لە هۆکارە هەرەگرنگەکان دروستکردنی ئاستەنگی زیاترە بۆ ئەوەی تیرۆریست نەگاتە شوێنی مەبەست، لە گەندەڵیشدا دەبێت پێش هەموو شتێك ئەنجامدانی گەندەڵی قورس بکەین، ئەمەش جیاوازە لەگەڵ شێوازی حزبێکی دیکتاتۆر یان رژێمێکی شمولی کاتێك دەزانێت دامەزراوەکانی شەری گەندەڵیان پێناکرێت، پەنا دەباتە بەر سزادانی قورسی چەند گەندەڵکارێك و ئەوانی دیکەش بە ئازادی دەسووڕێنەوە، ئەمە لەوانەیە رێگەیەك بێت بۆ رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی، بەڵام رێگەیەکی تەقلیدیە، ئەوەی گرنگە دامەزراوەکان بە جۆرێك بونیادبنرێن کە گەندەڵی تیادا نەکرێت کەئەمەش شێوازێکی سەردەمیانەیە، ئەوەی دڵخۆشیشمان دەکات نێچیرڤان بارزانی رێگەی سەردەمیانەکەی هەڵبژاردووە.

کەرتی تایبەت، بێگومان کەرتی تایبەت لە وڵاتی ئێمە لە قۆناخی دەستپێکدایە، راستە گەشەکردنەکی زۆر خێرایە، بەڵام لەسەر بنەمای بازاڕ کۆنترۆڵ نەکراوە، بۆیە دەبێت بازاڕی کوردستان بەو شێوەیە ئامادەبکەین کە ململانێ و دابەزاندنی نرخ جێگەی قۆرخکردن و هەڵاوسان بگرێتەوە، ئەم لایەنەش هەنگاوی جدی بۆ هەڵگیراوە، ئەوەی جیگەی دڵخۆشیە حکومەت هەتا ئەو کاتەی بازاری کوردستان توانای ململانێی دەبێت خۆی هاندەرێك دەبێت بۆ دروستبوونی ئەو ململانێیە، هەورەك چۆن لە هەولێر هەنگاوی یەکەمی بۆ هەڵگیراوە بە کردنەوەی بازاڕی هەفتانە، ئەم بازاڕی هەفتانەیە کە هەر خودی بازرگانەکان بەشداری تێدا دەکەن و هەمان کەلوپەلی بازاڕ دەفرۆشن، بەڵام نرخی هەرزانترە، ئەو زۆنە ئازادەیە کە ململانێ تەحەکوم بە بازاڕەوە دەکات نەك قۆرخکردن، دەبێتە بازاڕێك بۆئەوەی کۆمەڵێك بازاڕ فێری سیستەمی بازاڕی ئازاد بن و ئەو سیستەمە بگوازنەوە بۆ بازاڕەکانی کوردستان.

**تایوان و کۆریا کە دوونمونەی سەرکەوتوون دیاردە و کارەساتی گەندەڵی زۆر گەورەیان تێدا دەرکەوتووە لە کەسی یەکەمی دەوڵەتیشەوە بووە، کەواتە وەرچەرخان لە ئابووری مەرکەزیەوە بۆ ئابووری ئازاد وەک حاڵەتی ئەو نەشتەرگەرییەیە کە لە کاتی نەشتەرگەریەکە خوێنی بۆ ئامادەدەکەیت**

**دەبێت بازاری کوردستان بەو شێوەیە ئامادەبکەین کە ململانێ و دابەزاندنی نرخ جێگەی قۆرخکردن و هەڵاوسان بگرێتەوە**

**داژین پینگ بۆ گوڵان :**

# دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ئاسیا مۆدێلێکیان بۆ پەرەپێدان گرتەبەر کە لەگەڵ تایبەتمەندی خۆیان بگونجێت

**پرۆفیسۆر داژین پینگ سەرۆکی بەشی حکومەتە لە زانکۆی باشوری فلۆریدا و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە سیاسەتی ئابووری و بزنســی نێودەوڵەتی بە تایبەتی ژاپۆن و چین و بەشـــێوەیەکی گشتیش تیکرای دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ئاسیا، بۆ قسەکردن لەسەر ئەو پێشکەوتنە ئابوورییەی لەو وڵاتانە روویانداوە پرۆفیسۆر داژین بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

**• وڵاتانـــی رۆژهەڵاتـــی ئاســـیا ســـەرکەوتوو بوون لە پەرەپێدانـــی ئابووریدا، هۆکارەکانی بەدەستهێنانی ئەو سەرکەوتنە چین؟**

- دەکرێت لەم رووەوە ئاماژە بە چەند هۆکارێك بکەین، گرنگترینیـــان گرتنەبەری ســـتراتیژییەتێکی راســـت و دروستی گەشـــەپێدانی ئابووری بوو، بـــۆ نموونە جەختیان لەســـەر پرۆسەی هەناردەکـــردن کردەوە، لەبەر ئەوەی بـــازاڕی ناخۆیی بازاڕێکی ســـنوردار و بچوکە، هـــەر ئەمەش وایلێکردن بایەخ بە جـــۆری بەرهەمەکان و بـــە بڕی تێچوونی ئەو بەرهەمانە بدەن، لە لایەکی دیکەوە ئەم وڵاتانە هەڵســـان بە گرنگیدان بـــە پەرەپێدانی کەرتی پەروەردە، هەروەها مۆدیلێکی تایبەتیان گرتەبەر لە پرۆسەی گەشەپێدانی ئابووریدا، مۆدێلێك لەگەڵ هەلومەرج و بەها کەلتوورییەکانییاندا بگونجێت.

**• بەڵام ســـەرکەوتنی ئەم وڵاتانە بەرهەمی دیموکراســـی نەبووە، پرســـیارەکە ئەوەیە، ئایا چـــۆن توانییان لەم روەوە سەرکەوتووبن بێ ئەوەی وڵاتگەلێکی دیموکراسی بن؟**

- لە راستیدا دیموکراســـی ئامانجێکی دوور مەودایە، لە وڵاتانی کۆریای باشوور و تایوان و تەنانەت سەنگافورەشدا سەرەتا ئەولەویەت درا بە پێشخستنی بواری ئابووری نەك دیموکراســـی، لەبەر ئەوەی ئەگەر خەڵـــك و هاوڵاتیانی وڵاتەکە بە دەست هەژاریەوە بناڵێنن ئـــەوا پتر بایەخ بە لایەنی ئابووری دەدەن نەك سیاسی، بەڵام لەگەڵ رەوتی بەرەوپێشچوونی ئابووریدا و لەگەڵ دروستبوونی چینی ناوەڕاست و گەورەبوونی ئەم چینـــەدا، ئەو کاتە دەکرێت پەر بەلایەنی سیاسی بدرێت و هەنگاو بەرەو دیموکراسی هەڵبگیرێت.



**• ئەگەر عێراق خوازیاری ئەوەبێت سوود لە سەرکەوتنی هـــەوڵ و ئەزموونەکانی ئەم وڵاتانە وەربگرێت، ئایا بە چ شـــێوەیەکی دەتوانێت ئەم کارە بکات؟ یاخود ئایا دەتوانێت هەمان ئەزموونی ئەم وڵاتانە دووبارە بکاتەوە؟**

- عێـــراق وڵاتێکە خاوەن بەهاگەلێکی کەلتووری بەهێزە و دەکرێت ئەم بەهایانە بکاتە بناغەیەك بۆ خستنەگەڕی هەوڵ و کۆششەکانی بۆ بنیاتنانی مۆدێلێکی تایبەت بە خۆی لە بواری پەرەپێدان و پێشخستنی ئابووریدا، هەروەها بەهۆی بنیاتنانەوەی ژێرخانی وڵاتەکەی دەتوانێت گەشـــەپێدانی زیاتر بەدەســـت بهێنێت، بە هەمان شێوە بەهۆی کرانەوەی بەسەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، هەروەها یەکێکی دیکە لە لایەنەکان کە تـــا دوا رادە گرنگە، ئەویش بەرزکردنەوە و پەرەپێدانی ئاستی پەروەردەیە.

**• چـــۆن ئەزموونی ســـەنگافورە هەڵدەســـەنگێنێت کە ئـــەم وڵاتەش ســـەرکەوتوبوو لە ئەزموونی پێشخســـتنی**

**ئابوورییەکەدا، ئەگەرچی لە روی سیاسییەوە وڵاتێکی دیموکراتی نەبوو؟**

- ئەزموونی سەنگافورە لەم رووەوە ئەزموونێکی سەرنجراکێشە، لەبەر ئەوەی وڵاتێکە نزیکەی هیچ سەرچاوەیەکی سروشتی نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی گرتنبەری سیاسەت و ستراتیژییەتێکی راست و دروستی پەرەپێدانی ئابوورییەوە کە پتر جەختی لەسەر هەناردەکردن دەکردەوە توانیویتی هەنگاوی گەورە بنێت، هەروەها لەم وڵاتەدا زیاتر لە هەر وڵاتێکی دیکە بایەخ بە بەهێزکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردە دراوە، بە هەمان شێوە خەڵکی ئەم وڵاتە خەڵکانێکن هەوڵ و کۆششی سەخت و جیددیان خستۆتەگەڕ و رۆڵیان هەبووە لەسەرخستنی ئەم پرۆسەیەدا، من پێم وایە ئەم هۆکارانە تەفسیری سەرکەوتنی ئەم وڵاتە دەکەن لە بواری گەشەپێدانی ئابوورییەکەیدا.

**• ئایا پێت وایە وڵاتی سەنگافورە بە هەمان ئاستی ئێستا سەرکەوتوو دەبوو، ئەگەر هاوشان بە پرۆسەی پێشخستنی ئابووری هەوڵەکانی بخستایەتەگەڕ بۆ بنیاتنان و چەسپاندنی دیموکراسی؟**

- هەندێ وڵاتی دیکە بە چەشنی سەنگافورە ئەولەویەتییان دا بە پرۆسەی پەرەپێدانی ئابووری، بەڵام دەبێت هەر وڵاتێك ئەو مۆدێلە بگرێتەبەر کە کاریگەری و کارایی زیاتری هەیە لە کۆمەڵگەدا، دیموکراسیش یەکێکە لەو ئامرازانەی بەکاردەهێنرێت بۆ باشترکردنی ژیانی خەڵك و بۆ جێگیرکردن و چەسپاندنی دادپەروەری لە کۆمەڵگەدا، دیموکراسی خۆی لە خۆیدا خوازراو نییە ئەگەر نەبێتە هۆی هێنانەدی خۆشگوزەرانی و باشترکردنی هەلومەرجی ژیانی هاوڵاتییان.

**• ئایا جیاوازییەکانی پرۆسەی پەرەپێدانی لە هەردوو وڵاتی چین و سەنگافوردا چین، ئەمە لە کاتێکدا رادده و رێژەی گەندەڵی لە چیندا زۆر بەرزترە لە وڵاتی سەنگافورە؟**

- لە راستیدا جیاوازی گەورە بەدی دەکرێت، بۆ نموونە سەنگافورە پتر وڵاتێکی دیموکراتییە بە بەراورد بە چین، هەروەها سەنگافورە زیاتر لە دەوڵەت_شار دەچێت، ئەمە لە کاتێکدا چین وڵاتێکی گەورە و بەربڵاوە، بەڵام خاڵی لێکچونیشیان زۆرە، یاخود بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین دوو مۆدێلی هاوشێوەن، لەبەر ئەوەی هەردوو وڵات بایەخیان بە پەرەپێدانی پەروەردە دا، هەردوو وڵات ستراتیژییەتی هەناردەکردنیان گرتەبەر، واتە لەگەڵ بوونی جیاوازی گەورە لە نێوانیاندا، دەکرێت بڵێین خاڵەکانی لێکچونیان زیاترە لە خاڵەکانی جیاوازی.

**• ئایا چ ئایندەیەکی چاوەڕوانی وڵاتی سەنگافور دەکات، لە کاتێکدا ئاستێکی بەرزی گەشەکردنی ئابووری هەیە لەو وڵاتەدا، بەڵام لە رووی سیاسی و پەرەپێدانی دیموکراسییەوە بە هەمان ئاست گەشەی نەکردووە؟**

- من پێم وایە وڵاتی سەنگافورە لە رووی بنیاتنانی دیموکراسییەوە گەشەی کردووە، من نازانم بۆچی ئێوە سەنگافورە بە وڵاتێکی دیموکراتی نازانن؟ لەلایەکی دیکەوە مەرج نییە تێکڕای وڵاتانی دیکە هەمان ئەزموونی وڵاتانی رۆژئاوای دووبارە بکەنەوە لە بواری پەرەپێدانی ئابووری و سیاسیدا، بەو پێیە من پێموایە سەنگافورە لە رووی پێشخستنی دیموکراسییەوە ئاراستەیەکی راست و دروستی گرتۆتەبەر.

**• دوا وتەت چییە؟**

- من پێم وایە عێراق دەتوانێت سوود لە ئەزموونی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئاسیا وەربگرێت، راسپاردەی من ئەوەیە بایەخ بە پێشخستنی ئابووری بدەن، لەبەر ئەوەی هەر کاتێك ئابووری گەشەی کرد، چارەسەرکردنی گرفتەکانی دیکەش ئاسانتر دەبن، لەبەر ئەوە باشترە لە هەرلایەنێکی دیکە زیاتر گرنگی بە پەرەپێدانی ئابووری بدات، تەنانەت ئەولەویەتی هەبێت بەسەر پرۆسەی بە دیموکراتیکردنەوە، لەبەر ئەوەی بێ بوونی چینی ناوەڕاست کە چینێکی گەورەبێت ناتوانین بناغەیەکی پتەو بۆ دیموکراسی جێگیربکەین.



●●●

**وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئاسیا سەرکەوتوو بوون لە پەرەپێدانی ئابووریدا**

●●●

●●●

**ئەم وڵاتانە هەڵسان بە گرنگیدان بە پەرەپێدانی کەرتی پەروەردە، هەروەها مۆدێلێکی تایبەتیان گرتەبەر لە پرۆسەی گەشەپێدانی ئابووریدا، مۆدێلێك لەگەڵ هەلومەرج و بەها کەلتوورییەکانییاندا بگونجێت**

●●●

●●●

**دیموکراسی ئامانجێکی دوور مەودایە، لە وڵاتانی کۆریای باشوور و تایوان و تەنانەت سەنگافورەشدا سەرەتا ئەولەویەت درا بە پێشخستنی بواری ئابووری نەک دیموکراسی**

●●●

ئاتول کۆل بۆ گوڵان:

# کۆریای باشور کە دەستی بە پەرەپێدان کرد حکومەتەکەی سەربازی بوو بەڵام حکومرانیەکەی باش بوو

**پرۆفیسۆر ئاتول کۆل ئوستادی ئابووری سیاسییە لە زانکۆی پریستۆن و یەکێکە لە تۆژەرە دیارەکانی سەنتەری ورد وڵسۆن و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر دەولەتانی رۆژهەڵات و باشوری ئاسیا، هەروەها لەسەر پەیوەندی نێوان هەژاری و پەرەپێدان و دیموکراتی و پەرەپێدان، هەروەها بایەخێکی گرنگیش بەسەرکەوتنی دیموکراتی لە هیندستان دەدات، بۆ قسەکردن لەسەر پەیوەندی نێوان پەرەپێدان و بووژانەوەی ئابووری لە رۆژهەڵاتی ئاسیا و ترمی ئاستی دیموکراسی، پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر ئاتول کۆل کرد و، بەرێزی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**



***ئەو هۆکارانە چین کە وایکردووە کۆریای باشوور سەرکەوتوو بێت لە بەرەوپێشەوە بردنی ئابووری خۆیدا؟**

-ئەمە پرسیارێکی زۆر ئاڵۆزە، ژمارەیەکی زۆر لێکۆڵینەوەی لە بارەوە نووسراوە، ئارگۆمێنتی من کە لە دوا کتێبمدا بڵاوکراوەتەوە،ئەوە بوو کە سەرکەوتنی ئابووری کۆریای باشوور لەلایەن حکومەتێکی کاریگەرەوە، یان دەوڵەتێکی کاریگەرەوە هاندراوە. دەوڵەتێك کە لە کاتێکدا توند بوو بۆ جڵەوکردنی دانیشتوانی،بەڵام لە هەمان کاتدا تەواو کاریگەر بووە لە دەستخستنە نێو باری ئابووری و بزواندنی کۆمەڵگا لەو دنیا ئابوورییە نەتەوەییەدا. ئەمە وەڵامێکی کورتە کە دەتوانم بیدەمەوە. بەڵام ئەگەر وەڵامێکی زیاتر لەمەت دەوێ ئەوا کتێبەکەم بە ئاسانی لە چەند کتێبخانەیەکی سەرەکی دا دەستەبەر دەبێت.

*** سی ڤی تۆمان لا هەیەو لەبارەی کتێبەکانتەوە دەزانین، بەڵام ئەوەش دەزانیین سەرکەوتنی کۆریای باشوور بەرهەمی دیموکراسی نییە، بە بیروبۆچونی تۆ کۆریای باشوور چۆن توانیویەتی ئەم سەرکەوتنە بەدەست بهێنێت؟**

-راستییەك هەیە، پەیوەندی لە نێوان دیموکراسی و سەرکەوتنی ئابووریدا تەواو لاوازە، کەس بڕیاری ئەوەی نەداوە کە دیموکراسی بە شێوەیەکی پێویست باشە بۆ دنیای ئابووری، لە راستیدا هیچ کەسیش بڕیاری ئەوەی نەداوە کە تۆتالیتاریزم باشە بۆ دنیای ئابووری. کەواتە پەیوەندی جۆری رژێم بە دنیای ئابوورییەوە تەواو لاوازە. کەواتە پێویستە سەیری بارودۆخی کۆریای باشوور بکەیت کە هەر تەنیا ئەوە نییە کە دیموکراسی یان تۆتالیتاریزم یان چ جۆرێك لە تۆتالیتاریزم بوو. کۆریا رۆڵێکی سەربازانەی هەبوو وەك وڵاتانی تری وەك نایجیریا، بەڵام نایجیریا لە ئابووریدا زۆر باش نەبوو. کەواتە پێویستە بچیتە وردەکارییەوە لەوەی کە دەوڵەتی تۆتالیتاری کۆریای باشوور چۆن دامەزراوەو چۆن پەرەی بە توانای سیاسی داوە بۆ بزاوتنی ئابووری.

*** کۆریای باشوور وڵاتێکی کشتوکاڵی دواکەوتوو بوو کە هەمیشە لە ژێر هەڕەشەی دەرەکیدا بوو، بۆیە حکومەتەکەی پەرەپێدانی ئابووری کردە کاری یەکەمی زیاتر لە دیموکراسی و، هەروەها ئازادیش. ئایا پێتوایە کە دوای ئەو سەرکەوتنەی بەدەستی هێناوە دەتوانین بڵێین کە کۆریای باشوور دیموکراتی نەبوو، بەڵام لە حوکمڕانی کردنێکی باشدا سەرکەوتوو بووە؟**

-پێم وایە دەتوانیت بڵێی کە نەك هەر لە حکومڕانیدا باش بووە بەڵکو زۆر توند بوو،زەحمەتکێشانی سەرکوت دەکرد،

سەرمایەدارانی تەقلیدی بەمشێوەیە لە حکومڕانیدا زۆر پۆزەتیڤ بوو، تەنانەت قوتابیانی سەرکووت دەکرد. کەواتە حکومەتێك نەبوو کە لە لایەن خەڵکی کۆریاوە زۆر خۆشبویستریٚ، لە لایەکی ترەوە باش حکومڕانی دەکرد بەوەی کە ئابووری هەڵدەسوڕاندو سیاسەتی گشتی گۆڕی کاتیٚ پێویست بوو. پاڵپەستۆی خستە سەر سەرمایەداران تا بەرهەم بهێنن. گەندەڵی کەمکردەوە بۆ ئاستێکی نزم و دڵنیابووەوە لەوەی کە دەرئەنجامە باشەکانی ئابووری بەدەست هاتوون. کەواتە پێموایە ئەمە گرنگە.

*** ئایا پێت وایە کە ئەگەر کۆریای باشوور لەگەڵ ئەوەدا پەرەی بە ئابووری داوە پەرەی بە دیموکراسیش بدایە بیتوانیایە ئەم سەرکەوتنە بەدەست بێنێت؟**

-بەو بارودۆخە مێژووییەوە لەوانە نەبوو، بەڵام پێموا نییە کە بتوانیت لەمە بازبدەیت و بڵێی دیموکراسی باش نییە بۆ گەشەسەندن، لەبەر ئەوەی سەیری ئەزموونی ئێستای هیندستان بکە، هیندستان زۆر باش دەکات لەژێرسایەی دیموکراسیدا.

*** بەڕێز پرۆفیسۆر، بۆ ئێمە وەکو عێراقی یان عێراق، بە بڕوای تۆ ئایا پێت وایە کە زۆر بە سادەیی گونجاو بێت عێراق ئەزموونی کۆریای باشوور دووبارە بکاتەوە؟**

- پێموایە کە عێراق رێکەوتنێك ببینێتەوە بەرەو جێگیربوون. ئەگەر بیبینێتەوە لە ئاراستەی شتێکدا لە نێوان دیموکراسی تەواو یان تۆتالیتاریزم. کەواتە ئەگەر پێویست بوو پێشبینیەکم هەبێت کە دیموکراسیتییەکی سنووردار بێت کە بەرەو پێشەوە دەچێت، ئەمە هەمووی تاوتوێکردنێکە لەبارەی ١٤٠٠٠٠ سەربازی بیانی کە لەسەر نەوتەکەین. تێناگەم چۆن ئەم پرسیارانە پەیوەستن لە کاتێکدا تۆ لە وڵاتێکی داگیرکراوی.لە بارودۆخی کۆریادا، هێزی چەکداری ئەمەریکی لێبوون، بەڵام ئەمەریکییەکان کۆریەکانیان بەجێهێشت تا ئابووری خۆیان بەڕێوەبەرن هەرچەندی توانیتیان گەشە بکەن، هەرچەندی پشتگیریان کردن لە رووی سیاسییەوە، لە سیاسەتێکی راستەقینەدا ناودەبردریٚ جەنگ شەڕ. بە تەنیا جێیانهێشتن هەرچەندی توانییان گەشەیانکرد، لەبەر ئەوە توانییان پاڵپشتییەکی سیاسی توند بن لە دژی کۆمۆنیزم لە مەیدانەکەدا، ئەمە کۆمەڵێك رۆڵی دا بە کۆریا کە مەشق بکات. دڵنیا نیم کە عێراق ئەم رۆڵەی هەیە تا مەشق لەگەڵ ١٤٠٠٠٠ سەربازدابکات، وا هەست دەکەم پرسیاری گرنگ بن کە بکرێن، بەڵام ئەوە لەبەچاو بگرین کە عێراق لە چ بارودۆخێکی راستەقینەی جەنگ دایە.

*** جیاوازی چییە لە نێوان کۆریاو چین دا لە پرۆسەی بەرەو پێشەوەبردنی ئابووریدا، لە کاتێکدا دەبینین کە ئاستی گەندەڵی لە چین دا بەرزترە وەك لەوەی لە کۆریادا ؟**

-گەندەڵییەکی زۆر لە چین دا هەیە، مۆدێلی چینی بە راستی دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە دەتوانێت بەتەواوی لەگەڵ کەمێك گەندەڵیدا گەشە بکەیت. مۆدێلی چینی لە مۆدێلی کۆری جیاوازە لەوەی کە زیاتر ناوەندگەرایی بێت، بە لای کەمەوە لە بەڕێوەبردنی ئابووریدا، بەڵام حکومەت زۆر ناوەندگەرایە، سیاسەتی ئابووری تەواو ناوەندگەرایە. کەواتە مۆدێلی بنەچەیی حکومەت لەگەڵ بازرگانیدا بەنزیکی هاوکاری دەکەن بۆ بەرهەمهێنانی سەرمایەی هاوبەش کە هەمان شت بوو لە کۆریاو چین. جیاوازی ئەوەیە کە کۆریا بە بەرزی لە سەرەوە بۆ ژێرەوە بەناوەندی دەبێتەوە. لە چین دا هێزی سیاسی تەواو ناوەندییە، بەڵام بەڕێوەبردنی سیاسەتی ئابووری تەواو بە ناوەندی دەبێتەوە بۆ شارەوانی و حکومەتە نێوخۆییەکان. ئەمە جیاوازییەکی گەورەیە.

***بە بڕوای تۆ چ جۆرە جیاوازییەك لە کۆریا پێشبینی دەکرێت مادام دەبینین کە ئاستێکی ئابووری باش و ئاستێکی دیموکراسی نزمی هەیە؟**

-ئێستا دیموکراسی کۆریا تەواو چالاکە، هەروەها لەم دە ساڵەی رابردوودا باش بووە، پەرەسەندنی ئابووری تۆزێك دابەزیوە، بەڵام سەرەڕای هەمووی کۆریای باشوور تەواو باش دەردەکەویٚ لە هەردوو دیموکراسی و گەشەکردندا بووەتە وڵاتێکی مامناوەند لە دەستکەوتدا. رووەو ئەوە دەچێت نزیك ببێتەوە لە وڵاتێکی دەوڵەمەند، کەواتە سەرەڕای هەمووی تەواو پۆزەتیڤ دیارە.

●●●

**پەیوەندی لە نێوان دیموکراسی و سەرکەوتنی ئابووریدا تەواو لاوازە، کەس بڕیاری ئەوەی نەداوە کە دیموکراسی بە شێوەیەکی پێویست باشە بۆ دنیای ئابووری**

●●●

●●●

**مۆدێلی چینی لە مۆدێلی کۆری جیاوازە لەوەی کە زیاتر ناوەندگەرایی بێت، بە لای کەمەوە لە بەڕێوەبردنی ئابووریدا**

●●●



**لاری بۆرمیستەر بۆ گوڵان:**

# پرۆسەی پەرەپێدان لە کۆریای باشوور لە پەنجاکان و شەستەکاندا دەستی پێکرد بەڵام دیموکراتی لە هەشتاکان دەستیپێکرد

...

**لاری برمیستەر ئوستادی سسیۆلوژی و ئەنترۆپۆلۆژییە لە زانکۆی ئۆهایۆ و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر گەشەسەندی ئابووری و باری سیاسیی کۆریا و لەم بوارەشدا بێجگە لەوەی ٢ کتێبی لەسەر چۆنیەتی گەشەسەندنی کۆریای باشور نوسیووە لە هەمانکاتدا چەندین توێژینەوەشی لەسەر پەیوەندی پەرەپێدانی کەرتی ئابووری و پەرەپێدانی توانای مرۆیی لە کۆریا نوسیووە، بۆ هەڵسەنگاندنی ئەزموونی کۆریای باشوور پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر بۆرمیستەر کرد، بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

...



***کەسەیری پێشکەوتنی کۆریای باشوور دەکەین سەرمان سوڕدەمێنێت، بەتایبەتی کە وڵاتێکی هەژاری سەدەی رابردوو، ئێستا ریزبەندی ١٥ و١٦ وڵاتە دەوڵەمەندەکانی جیهانە ئایا ئەمە چۆن دروست بوو؟**

- لێرەدا دەتوانن دوو هۆکار دەستنیشان بکەین، یەکەمیان ئەوەیە وڵاتی کۆریای باشوور تەنانەت لەو کاتانەشدا کە وڵاتێکی هەژار بوو، سەرچاوە و سەرمایەیەکی گەورەی تەرخانکرد بۆ پێشخستنی کەرتی پەروەردە بە تایبەتی لە قۆناغی سەرەتاییدا، واتە پەرەپێدانی سەرمایەی مرۆیی گرنگییەکی گەورەی هەیە، لەم رووەوە پەرەپێدانی قۆناخی سەرەتای و ناوەندیش گرنگیەکی بەرچاویان هەیە. یەکێکی دیکە لە هۆکارەکان ئەوەبوو کە کۆریای باشوور بایەخی بە گرێدانەوەی کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازیدا، ئەگەرچی لە سەرەتادا ئەم وڵاتە لە پێگەیەکدا نەبوو بۆ ئەوەی بە هۆی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانەوە لە بازارە جیهانییەکاندا ململانێ بکات، بەڵام حکومەت چەندین بەرنامەی جێبەجێکردووە بۆ پێشخستن و باشترکردنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی ناوخۆ، کە توانرا ئەو دەستی کرێکارەی لە بواری کشتوکاڵدا کاریان دەکرد ببەسترێنەوە بەو پرۆسەی پەرەپێدانی ئابوورییەی کە لە وڵاتەکەدا هێنرایەدی، ئەمەش گرنگیەکی تەواوی هەیە.

*** ئایا چۆن ئەم وڵاتە توانیوێتی لەم رووەوە سەرکەوتوو بێت بێ ئەوەی وڵاتێکی دیموکراسی بێت؟**

- ئەمە پرسیارێکی سەرنجراکێش و ئاڵۆزیشە لە هەمان کاتدا، لە وڵاتی کۆریای باشووردا، تەنانەت ئەو کاتانەش کە دەسەڵاتێکی تاکرەوی و شمولی حوکمی ئەو وڵاتەی دەکرد، ئەوا هەڵسوڕێنەرانی دەزگای بیرۆکراسی وەك کەسانێکی راستگۆ مانەوە، واتە بەرپرسانی ئەم دەزگایە هەوڵ و کۆششی جیدیان دەکرد بۆ پێشخستنی بواری ئابووری و سەرکەوتنی گەورەشیان بەدەستهێنا. ئەوەی دەبێت ئاماژەی بۆ بکرێت ئەوەیە ئەو کەسانەی دەبوونە بەرپرسی حکومی لەم دەزگایەدا دەبوو ئاستێکی دیاری کراوی پەروەردەیان هەبێت، ئەزموون دەکران و هەندێکشیان لە دەرەوە بڕوانامە و شارەزاییان بەدەست هێنابوو، بە هەمان شێوە خۆیان بەدوور گرتبوو لە بارودۆخە سیاسییەکە، هەر ئەمەش تەفسیری ئەوە دەکات کە لەگەڵ بوونی دیکتاتۆرییەتێکی سەربازی لە حکومدا، بەڵام لە سەرەتاوە و لە بواری پەرەپێدانی ئابووریدا سەرکەوتووبوون. واتە بەرپرسە حکومییەکان بەهۆی پەیوەندییە شەخسییەکانییانەوە پۆستەکانیان بەدەست نەدەهێنا، بەڵکو بە هۆی لێهاتووییانەوە، بە هۆی ئاستی پەروەردەیانەوە

بەدەستیان دەهێنا.

*** ئایا ئەمە تەفسیری ئەوە دەکات کە حکومەتی کۆریای باشوور لە بواری حکومڕانیتی باشدا سەرکەوتوو بوو نەک دیموکراسی؟**

- لە راستیدا نەبوونی دیموکراسی سەرچاوەی سەرهەڵدانی چەند کێشە و گرفتێك بوو لەو وڵاتەدا، بۆ نموونە زۆرێك لە کرێکارەکان لە بارودۆخێکی باشدا نەبوون لەلایەن دەسەڵاتی دیکتاتۆری سەربازی وڵاتەکەوە بە باشی مامەڵەیان لەگەڵدا نەدەکرا، بەڵام زۆرێك لە خەڵکی ئەو وڵاتە قوربانیاندا لە پێناو بەرژەوەندی وڵاتەکەیاندا. من خۆم پشتگیری لە گرتنەبەری رێچکەیەکی سیاسی ناکەم کە دەسەڵاتێکی تاکڕەوی و سەربازی لەخۆبگرێت لە پێناو پەرەپێدانی ئابووریدا، بەڵام سەرەڕای بوونی ئەم دەسەڵاتەش لە کۆریای باشووردا گەشەکردنێکی ئابووری بەرچاو بەدی هێنرا، ئەمە مەسەلەیەکی ئاڵۆزە.

ئێستا هەلومەرجەکان گۆڕاون، پرۆسەی پەرەپێدانی ئابووری لە کۆریای باشووردا لەساڵانی پەنجاکان و شەستەکاندا دەستی پێکرد، ئەو کاتە حکومەتی کۆریا هەڵسا بە پاراستن و پێشخستنی پیشەسازی ناوخۆی تا ئەو رادەیەی توانی لەسەر ئاستی جیهانی ململانێ بکات، بەڵام رەنگە وڵاتێك لە رۆژگاری ئێستادا نەتوانێت بەم شێوەیە بەرهەمی پیشەسازی خۆی بپارێزێت بە هۆی سیستەمی کارکردنی رێکخراوی بازرگانی جیهانییەوە، بەو پێیە رەنگە دووبارەکردنەوەی ئەزموونی کۆریای باشوور لە عێراقدا شتێکی واقیعی نەبێت.

*** ئایا جیاوازییەکانی پرۆسەی پەرەپێدانی لە هەردوو وڵاتی چین و کۆریای باشووردا چین، ئەمە لە کاتێکدا رادە و رێژەی گەندەڵی لە چیندا زۆر بەرزترە لە وڵاتی کۆریای باشووردا؟**

- ئەوە پرسیارێکی قورسە و رەنگە من وەڵامەکەی بە باشی نەزانم لەبەر ئەوەی شارەزای بارودۆخی چین نیم، بەڵام چین وڵاتێکی زۆر گەورەترە لە کۆریای باشوور و چەندین ناوچەی جیاواز لەخۆدەگرێت و سیستەمی سیاسی چین نامەرکەزیترە بە بەراورد بەو سیستەمە سیاسییەی لە کۆریای باشووردا هەبوو، لە راستیدا کۆریای باشوور وڵاتێکی بچوکە، رەنگە ئەمەش وابکات حکومەتی مەرکەزی بتوانێت بگاتە هەموو گۆشە و کەنارێکی وڵاتەکە، بە پێچەوانەی چینەوە، کە رەنگە حکومەت توانای ئەوەی نەبێت لەسەر ئاستی مەحەلی مەسەلەی گەندەڵی کۆنترۆڵ بکات.

***چ ئایندەیەك چاوەڕوانی وڵاتێکی وەك کۆریای باشوور دەکات، لە کاتێکدا وڵاتەکە لە رووی ئابوورییەوە گەشەی کردووە، بەڵام لە رووی سیاسییەوە هەنگاوی بەرەو دیموکراتییەت ناوە؟**

- لە راستیدا لە ساڵانی هەشتاکانەوە پرۆسەی بە دیموکراتیکردن دەستی پێکردووە و ئێستا زۆرێك لە خەڵکی ئەو وڵاتە کۆریای باشوور بە وڵاتێکی دیموکراسی دەزانن، لەبەر ئەوەی ئاڵوگۆڕی ئاشتییانەی دەسەڵاتی تێدا روودەدات و ململانێ هەیە لەسەر بەدەستهێنانی پێگە و پۆستە سیاسییەکان، رۆژنامەی ئازاد هەیە و ئێستا وڵاتێکی کراوەیە لە رووی سیاسییەوە، ئەمەش بێ کەموکورتی نییە و کاتێکی زۆری خایاندووە و هێشتا لەبەرەوپێشچوندایە.

*** ئەگەر شتێکت مابێت بۆ ئێمە و پرسیارمان لێ نەکردبێت؟**

- راسپاردەی من ئەوەیە خاڵە بەهێزەکانی خۆتان دەستنیشان بکەن و ئەم خاڵانەش بەکاربهێنن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانتان و سەرچاوەکانتان بۆ خێر و خۆشی وڵاتەکەتان بخەنەگەڕ، هەروەها گەورەترین سەرمایە لە بواری پێشخستنی پەروەردەدا بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی خەڵکێکی هۆشیار و رۆشنبیر و خوێندەوارتان هەبێت.

●●●
**لە وڵاتی کۆریای باشووردا، تەنانەت ئەو کاتانەش کە دەسەڵاتێکی تاکڕەوی و شمولی حوکمی ئەو وڵاتەی دەکرد، ئەوا هەڵسوڕێنەرانی دەزگای بیرۆکراسی وەک کەسانێکی راستگۆ مانەوە، واتە بەرپرسانی ئەم دەزگایە هەوڵ و کۆششی جیدیان دەکرد بۆ پێشخستنی بواری ئابووری و سەرکەوتنی گەورەشیان بەدەستهێنا**
●●●

●●●
**گەورەترین سەرمایە لە بواری پێشخستنی پەروەردەدا بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی خەڵکێکی هۆشیار و رۆشنبیر و خوێندەوارتان هەبێت**
●●●



## تۆماس جیندلینگ بۆ گوڵان:

# دەکرێت ئەزموونی تایوان دووبارە بکرێتەوە، بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبەرچاوبێت کە توخمی سەرەکی ئەم سەرکەوتنە خستنەگەڕی سەرمایەیەکی گەورە بوو لە بواری پەروەردەدا

**تۆماس جیندلینگ ئوستادی ئابوورییە لە زانکۆی میریلاند و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر بواری پەرەپێدانی ئابوری بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی ئاسیا و دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی، کتێبێکی بە ناونیشانی (ئەوهۆکارانە چین کە بوونە زیادبوونی ئاکەکەس لە کۆستاریکا "Causes of Changing Income Inequality in Costa Rica.") بۆ قسەکردن لەسەر فاکتەرەکانی بووژانەوەی ئابووری لەو وڵاتانە پرۆفیسۆر تۆماس جیندلینگ بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**



***تایوان وڵاتێکی سەربەخۆ نییە، بەڵام لە رووی ئابوورییەوە لە زۆرێك لە وڵاتانی دیکە سەرکەوتووترە، پرسیارەکە ئەوەیە هۆکارەکانی ئەم سەرکەوتنە ئابوورییەی تایوان چین؟**

- بە پێی لێکۆڵینەوەکان چەند هۆکارێك بوونە هۆی ئەو سەرکەوتنە، گرنگترینیان بریتی بوو لە گرتنبەری ستراتیجیەتێکی پەرەپێدان کە پشتی بە هەناردەکردن بەست بوو، بازرگانییەکی تا رادەیەك ئازاد، هاندانی سیاسەتێکی بانقی کە رێژەیەکی تا رادەیەك بەرز سوودی لە خۆ گرتبوو، ئەمەش لە لایەکەوە بووە هۆی هاندانی ئیداعکردنی پارە لە بانقەکاندا، لەلایەکی دیکەوە هانی کۆمپانیاکانی دا بۆ ئەوەی وەبەرهێنان لەو پرۆژانەدا بکەن کە زۆرترین قازانجیان لێدەکرد، هەروەها تەرخانکردنی سەرمایەیەکی گەورە و خستنەگەڕی لە بواری پەرەپێدانی پەروەردەدا.

*** ئەو سەرکەوتنەی بەدەستهێنرا بەرهەمی دیموکراسی نییە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا چۆن حکومڕانی تاکحزبی ئەم دەرئەنجام و سەرکەوتنەی لێدەکەوێتەوە؟**

- لە حاڵەت و ئەزموونی تایواندا، هۆکارەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سەرەڕای ئەوەی حکومڕانێتی تاك حزبی بوو، بەڵام ئەم حزبە حکومڕانە بە چەشنی زۆرێك لە وڵاتانی دیکە دەستێوەردانی لە کەرتی ئابووریی وڵاتەکەدا نەدەکرد، ریشەی ئەم حاڵەتەش بۆ مێژووی ئەو وڵاتە دەگەڕێتەوە کە وڵاتێکی نیمچە سەربەخۆ بوو، راستە بەرپرسانی حزبی فەرمانڕەوا لە کۆچکردووەکان بوون بۆ ئەو وڵاتە، بەڵام داینامیکییەتی ئابووری تایوان لە لایەن خەڵکی ئەسڵی ئەو وڵاتەوە هەڵدەسوڕێنرا.

*** بەڵام ئایا لەو باوەڕەدایت کە تایوان دەیتوانی هاوشان بە سەرکەوتنە ئابوورییەکەی لە بواری پەرەپێدانی دیموکراسیشدا سەرکەوتن بەدەست بهێنایە؟**

- بەڵێ، لە راستیشدا ئەم سەرکەوتنەی بەدەست هێناوە، واتە من پێموایە هاوکات لەگەڵ گەشەپێدانی ئابووریدا ئێستا حکومەتی تایوان پەرە بە کرانەوەی سیاسی و دیموکراتی و فرەیی دەدات، واتە پەرەپێدانی حکومەتێکی دیموکراتی و فرەیی هاوزەمان بوو لەگەڵ گەشەپێدانی

ئابووریدا.

- من پێموایە تایوان لە بەڕێوەبردنی بواری ئابووریدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا لەبەر ئەوەی دەستێوەردانێکی زۆری لەم کەرتەدا نەکرد، هەروەها من لەو باوەڕەدانیم بۆ بەدەستهێنانی بەرەوپێشچوونی ئابووری دەبێت حکومەتێکی نادیموکراتی و تاکڕەومان هەبێت، لە ڕاستیدا نموونەی زۆرێك لەو وڵاتانە هەیە کە دەکرێت ئاماژەیان پێبکرێت ئەو وڵاتانەی سیستمێکی دیموکراتی و نوێنەرایەتیان هەیە و لە ڕووی ئابووریشیەوە سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە.

*** ئایا دەکرێت لە چ ڕوویەوە سوود لە ئەزموونی ئەو وڵاتە وەربگرین؟**

- دەکرێت ئەزموونی تایوان دووبارە بکرێتەوە، یاخود بەلای کەمەوە ئەزموونێکی هاوشێوەی ئەوان، بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبەرچاوبێت کە توخمی سەرەکی لە ئەزموونی تایواندا بریتی بوو لە خستنەگەڕی سەرمایەیەکی گەورە لە بواری پەرەپێدانی کەرتی پەروەردەدا.

***ئایا جیاوازیەکانی پرۆسەی پەرەپێدانی لە هەردوو وڵاتی چین و تایواندا چین، ئەمە لە کاتێکدا ڕاددە و ڕێژەی گەندەڵی لە چیندا زۆر بەرزترە لە وڵاتی چین؟**


- ئەوە ڕاستە ڕێژەی گەندەڵی لە تایواندا نزمترە بە بەراورد بە چین، بەڵام سەرکەوتنی چین لە زۆر ڕووەوە دوویات لە گرنگی ئەو دەرسانە دەکاتەوە کە دەکرێت لە سەرکەوتنی ئەزموونی پرۆسەی پەرەپێدانی تایوانەوە ئاماژەیان پێبکەین، لەبەر ئەوەی سەرکەوتنی چین بە گرتنبەری ئەو سیاسەتە ئابوورییە دەستی پێکرد کە جەختی لەسەر هەناردەکردن دەکردەوە، دوای چەند دەیەیەك لە گۆشەگیربوون و دابڕان. هەروەها بایەخدان و تەرخانکردنی سەرمایە بۆ بواری پەروەردە.

*** هەروەك ئاماژەمان پێکرد تایوان وڵاتێکی کشتوکاڵی بوو، چۆن توانیتی ببێتە وڵاتێکی پیشەسازی، یاخود چۆن توانیتی کشتوکاڵ بکاتە بناغەیەك بۆ ئەو گۆڕانکاری و بەرەوپێشچوونانەی لەو وڵاتەدا هاتنەدی؟**

- لە ڕاستیدا هۆکاری سەرەکی تێپەڕاندنی قۆناغی کشتوکاڵی بەرەو قۆناغی پیشەسازی لە حاڵەتی تایواندا بریتی بوو لە پشت بەستن بە هەناردەکردن، واتە تایوان هەڵسا بە بەرهەمهێنانی ئەو بەرهەم و کەلوپەلانەی کە نرخێکی هەرزانیان هەبوو، هەروەها پێویستی بە دەستێکی کرێکاری زۆر شارەزا نەدەکرد، واتە بۆ گۆڕینی وڵاتەکە لە وڵاتێکی کشتوکاڵییەوە بۆ وڵاتێکی پیشەسازی لە سەرەتادا هەوڵی نەداوە بەرهەمگەلێکی تەکنەلۆجی زۆر پێشکەوتوو دروست بکات، کە پێویستیان بە دەستی کرێکارێکی هەبێت کە ئەزموون و شارەزایەکی چڕوپڕی هەبێت.

*** ئایا هیچ ڕاسپاردەیەکت هەیە بۆ حکومەتی ئێمە لەم ڕووەوە؟**

- من پێموایە دەبێت تەرکیز لە سەر هێنانەدی سەقامگیری بکاتەوە، لەبەر ئەوەی سەقامگیری بۆ وەبەرهێنان گرنگە، هەروەها سەرمایە لە بواری پەرەپێدانی پەروەردەدا بخاتەگەڕ.



●●●

**لە حاڵەت و ئەزموونی تایواندا، سەرەڕای ئەوەی حکومڕانێتی تاک حزبی بوو، بەڵام ئەم حزبە حکومڕانە بە چەشنی زۆرێک لە وڵاتانی دیکە دەستێوەردانی لە کەرتی ئابووریی وڵاتەکەدا نەدەکرد**

●●●

●●●

**لەگەڵ گەشەپێدانی ئابووریدا ئێستا حکومەتی تایوان پەرە بە کرانەوەی سیاسی و دیموکراتی و فرەیی دەدات**

●●●

●●●

**هۆکاری سەرەکی تێپەڕاندنی قۆناغی کشتوکاڵی بەرەو قۆناغی پیشەسازی لە حاڵەتی تایواندا بریتی بوو لە پشت بەستن بە هەناردەکردن**

●●●

**ڤینسنت یوچینگ وانگ بۆ گوڵان:**

# تا ٢٠٤٧ هۆنگ کۆنک و چین یەک وڵات و دوو سیستەمی ئابووری جیاواز دەبن

**پرۆفیسۆر ڤینسنت یوچینگ وانگ ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی ریچمۆند و پسپۆڕ تایبەتمەندە لەسەر ئابووری سیاسیی نێودەوڵەتی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و ئەمەریکای لاتینی و، بە تایبەتیش چین و تایوان،سەبارەت بە پێشکەوتنی تایوان لە چین و پەیوەندی نێوان چین و هۆنك کۆنگ پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر وانگ کردوو بەڕێزی بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

**• وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا سەرکەوتوو بوون لە پەرەپێدانی ئابووریدا، هۆکارەکانی بەدەستهێنانی ئەو سەرکەوتنە چین؟**

- دەتوانین ئەم سەرکەوتنانە بگەڕێنینەوە بۆ سێ هۆکار، یەکەمیان بوونی خەڵکانێك کە کار و کۆششی سەخت و جیدیان دەکرد، ئەمە ڕەنگدانەوەی بەها کولتوورییەکان بوو کە بریتی بوون لە هەڵگرتنی داهات و بایەخدان بە خێزان، ئەمەش سەری کێشا بۆ کەڵەکەبوونی سەرمایە کە بوونی سەرمایەش گرنگییەکی بنەڕەتی هەیە بۆ پەرەپێدان. هۆکاری دووەم ئەوەیە ئەم وڵاتانە ئابوورییەکی کراوەیان هەبوو، واتە یابان و کۆریای باشور و تایوان لەگەڵ وەبەرهێنان و بازرگانی نێودەوڵەتیدا گرێدرابوون، بە چەشنێك ببوونە لایەنێکی سەرەکی لە بازرگانیدا، واتە هەڵدەستان بە هەناردەکردن بۆ بازاڕە جیهانییەکان نەك تەنها بازاڕە ناوخۆییەکان. هۆکاری سێیەم ئەوەیە لە سەردەمی شەڕی سارددا ئەم وڵاتانە بوونە بەشێك لەو هاوپەیمانێتیەی ئەمەریکای سەرکردایەتی دەکرد، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی یارمەتی دارایی لە ئەمەریکاوە وەربگرن، لەبەر ئەوەی ئەمەریکا سەرکەوتنی ئەم وڵاتانەی بە بەرژەوەندی خۆی دەزانی، ئەم وڵاتانەش بە باشی ئەم یارمەتیانەیان بەکارهێنا.

**• بۆچی لەهەندێك وڵاتدا بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و ئەمەریکای لاتینی، ڕۆڵی دەسەڵاتی سەربازی و تاکحزبی ڕەنگدانەوەی ئیجابیانەی لەسەر گەشەسەندنی ئابووری هەبووە ؟**

- سەرمایەداری هاوشان بە چەند فۆرمێکی سیاسی بوونی هەبووە، لەگەڵ دیموکراسییەتی ڕۆژئاواییدا، هەروەها لە سایەی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری سەربازیدا، هەروەك ئەوەی لە وڵاتی چیللی ژێر دەسەڵاتی پینۆشێدا بەدیمان کرد، هەروەها ئەوەی ئێستا لە چیندا بەدی دەکەین کە دیکتاتۆرییەتی تاکحزبی هەیە لەو وڵاتەدا. ئەوەی جێی سەرنجە لە سەرەتادا لە کۆریای باشوور و تایوان حوکمێکی دیکتاتۆری لە ئارادابوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئابووری وڵاتەکە دەستی بەگەشەکردن کرد، بەڵام لەگەڵ بەردەوامبوونی پرۆسەی گەشەکردنی ئابووریدا خەڵکی پتر هۆشیار بوون بە مافە سیاسییەکانییان و دوای بەشداری سیاسییان دەکرد، هەروەها سەرهەڵدانی چینی ناوەڕاست هۆکارێك بو بۆ سەرکەوتنی قۆناغی ئینتیقالی بەرەو دیموکراسی، حاڵی حازر کۆریای باشوور و تایوان ئازادترین وڵاتی دیموکراسیین لە ئاسیادا، کەچی سەنگافورە دەسەڵاتێکی تاکرەو حوکمی دەکات، بەڵام تاکڕەو بە چەشنی چین یان روسیا نا.



**• ئایا پێت وایە وڵاتی سەنگافورە یان کۆریای باشوور بە هەمان ئاستی ئێستا سەرکەوتوو دەبوون، ئەگەر هاوشان بە پرۆسەی پێشخستنی ئابووری هەوڵەکانی بخستایەتەگەڕ بۆ بنیاتنان و چەسپاندنی دیموکراسی؟**

- ئەوان لە سەرەتادا دەستیان بە پرۆسەی گەشەپێدانی ئابووری کرد، لەبەر ئەوەی دەبێت سەرەتا بناغەیەکی پتەوی ئابووریت هەبێت و ئاستی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتییان بەرزبکەیتەوە بۆ ئەوەی خەڵکی پشتگیری لە حکومەت بکەن. دواتر سەرهەڵدانی چینی ناوەڕاست درێژەکێشانی حوکمێکی تاکڕەوی لە مەودای دووردا دەکاتە شتێکی نامومکین.

**• بۆچی تایوان سەرکەوتوبووە لە پەرەپێدانی ئابووری و دیموکراسیدا بە پێچەوانەوەی وڵاتی چینەوە؟**

- هۆکارەکــە ئەوەبوو کە لە چیندا پارتی کۆمۆنیســتی تێکڕای دەسەڵاتە سیاسـییە و لایەنە ئابوورییەکانی قۆرخکردبوو، بەڵام لە دوای ســاڵی ١٩٧٨وە کاتێك چین بڕیاری کرانــەوەی ئابووریدا وورده وورده لەم بوارەدا ســەرکەوت، بە چەشنێك حاڵی حازر پارتی کۆمۆنیستی تەنیا دەسەڵاتە سیاسییەکانی کۆنترۆڵ کردووە.

**• هۆنگ کۆنگ بەشـێکە لە چین، بــەڵام لە رووی ئابوورییەوە لێکجیــاوازن، ئایا پێشــبینی دەکرێــت تا چەند ئــەم بارودۆخە درێژەبکێشێت؟**

- حاڵەتی هۆنگ کۆنگ جیاوازە، لەبەر ئەوەی لە ژێر دەسەڵاتی بەریتانییەکاندا بوو، بۆ ماوەی ١٥٦ ســاڵ کۆلۆنییەکی بەریتانیا بوو، بەریتانییەکان سیســتەمی ســەرمایەدارییان لەو وڵاتەدا پیادە کــرد، بەڵام لە چیندا سیســتەمی سۆشیالیســتی پیادە دەکرێت. چین ڕێگاچــارەی یەك وڵات و دوو سیســتەمی گرتەبەر کە بۆ ماوەی پەنجا ســاڵ ئەم حاڵەتــە بەردەوام دەبێت، واتە تا ســاڵی ٢٠٤٧ کە هۆنگ کۆنگ سیستەمی سەرمایەدای پەیڕەوبکات و چینیش سیســتەمی سۆشیالیستی، چین بەڵێنی پابەندبوونی داوە بەم وادەیەوە، لەبەر ئەوەی لە ڕاگەیاندنی هاوبەشــی نێوان چین و بەریتانیادا هاتووە و لە لای نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵگیراوە و بۆتە پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی.

**• ئایا جیاوازییەکانی پرۆســەی پەرەپێدانی لە هەردوو وڵاتی چین و ســەنگافوردا چین، ئەمە لە کاتێکدا رادە و ڕێژەی گەندەڵی لە چیندا زۆر بەرزترە لە وڵاتی سەنگافورە؟**

- سەرەتا چین وڵاتێکی زۆر گەورەیە و سەنگافورە وڵاتێکی بچوکە، ڕەنگە ئەوەی لە ســەنگافورەدا ســەرکەوتن بەدەست بهێنێت مەرج نییە لە چینیشــدا بە هەمان شێوە سەرکەوتوبێت، دواتر چینییەکان بایەخێکــی زۆر بە مۆدێلی ســەنگافورە دەدەن، لەبەر ئەوەی ئەم مۆدێلە تێکەڵەیەك لە ئابوورییەکی ســەمایەداری، سیاســەتێکی تاکڕەوانە و دەزگایەکی بیرۆکراسی کارا و خاوێنی لە خۆ گرتووە. لە ســەنگافور کارمەندەکانی دەزگا حکومییەکان موچەیەکی زۆر وەردەگــرن، ئەمەش بە پێی ئەو گریمانەیەیە کە ئەگەر موچەیەکی زۆرت بۆ کارمەندەکان بڕیوە ئەوا پەنا بۆ گەندەڵی نابەن، لەلایەکی دیکەوە یاســاکانی ســەنگافورە سزای ســەخت لەخۆدەگرن دژی گەندەڵــکاران. ئەمە لە کاتێکدا لە چین هەر بەرپرســێك دەتوانێت دەسەڵاتەکەی بۆ کۆکردنەوەی سەرمایە و داهات بەکاربهێنێت و لە چەند بۆنەیەکی کەمدا هەندێ لە بەرپرسان دەستگیردەکرێن یان سزا دەدرێن، بەڵام گەندەڵی لە خودی سیستەمەکەدایە لە چین.

**• ئایــا چ ئایندەیــەك چاوەڕوانی وڵاتی ســەنگافور دەکات، لە کاتێکدا ئاســتێکی بەرزی گەشەکردنی ئابووری هەیە لەو وڵاتەدا، بەڵام لە رووی سیاسی و پەرەپێدانی دیموکراسییەوە بە هەمان ئاست گەشەی نەکردووە؟**

- لە ڕاســتیدا ســەنگافورە حاڵەتێکــی تایبەتییە، ســەنگافورە وڵاتێکی بچوکە و ڕەنگە هیچ وڵاتێکی دیکە نەتوانێت دەقا و دەق ئەزموونی سەنگافورە دووبارە بکاتەوە، لەبەر ئەوە وڵاتێکی بچوکە و دانیشــتوانێکی کەمی هەیە، ڕەنگە ڕووبەڕەکەی لە شاری بەغدا بچوکتر بێت و دانیشــتوانەکەی لە چــوار ملیۆن کەمترە، هەروەها پەیوەندییگەلێکی دۆستانەی لەگەڵ چین و ئەمەریکادا هەیە.

**• زۆرێك لە چاودێران پێیان وایە ســەنگافورە وڵاتێکی دواکەوتوو بوو لە رووی کشــتوکاڵەوە و هەمیشــە لە ژێر هەڕەشەی دەرەکیدا بوو، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوە بوو گەشــەپێدانی ئابووری بکاتە ئەولەوییەت، مەبەستمان ئەوەیە ئایا ئەمە تەفسیری ئەوە دەکات کە حکومەتی سەنگافورە لە بواری حکومڕانێتی باشدا سەرکەوتوو بوو نەك دیموکراسی؟**

- ئــەو حزبــەی حاڵی حــازر حکومڕانێتی ســەنگافور دەکات، هــەر ئەو حزبەیە کە لە ســاڵی ١٩٥٩دا ئەم وڵاتــەی دامەزراند، کەواتە بۆ نزیکەی پەنجا ســاڵە لە حکومدایە، ئەمەش ماوەیەکی دوورودرێــژە، ئەم پارتــە کارا بووە لە کارەکانیــدا و توانیوویەتی بەردەوامی بدات بە دابینکردنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی خەڵکی وڵاتەکە، خەڵکی ســەنگافورە دەزانن کە نابێت تەحەددای ئەم حزبە حوکمڕانــە بکەن، لەبەر ئەوەی زۆر بــە توندی مامەڵەی لەگەڵ پارتە بەرهەڵســتکارەکاندا کردووە. بەو پێیە بە شــێوەیەکی گشتی هاووڵاتییــان ئەم وڵاتە رازین بە حوکمــی ئەم پارتە و ئەم پارتەش بەردەوامە لەســەر دابینکردنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانییان، واتە ئەم تێکەڵە ســەیرە لە سەرمایەداری و تاکڕەوییە بەردەوام دەبێت لە ســەنگافور، بەڵام من پێم وایە ئەمــە بارووودۆخە بۆ هەتا هەتایە درێژەناکێشــێت، لەبەر ئــەوەی بە حوکمــدان و تێڕوانین لە هەل و مەرجە ئابوورییەکەوە، ئەوا هاوڵاتیانی سەنگافور لە هاووڵاتییانی ئەمەریکا یان بەریتانیا دەوڵەمەندترن، کەواتە دیموکراسی لەو وڵاتەدا زۆر لە کاتی خۆی زیاتر دواکەتووە.

**لە کۆریای باشوور و تایوان حوکمێکی دیکتاتۆری لە ئارادابوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئابووری وڵاتەکە دەستی بەگەشەکردن کرد، هەروەها سەرهەڵدانی چینی ناوەڕاست هۆکارێک بو بۆ سەرکەوتنی قۆناغی ئینتیقالی بەرەو دیموکراسی**

**چینییەکان بایەخێکی زۆر بە مۆدێلی سەنگافورە دەدەن، لەبەر ئەوەی ئەم مۆدێلە تێکەڵەیەک لە ئابوورییەکی سەمایەداری، سیاسەتێکی تاکڕەوانە و دەزگایەکی بیرۆکراسی کارا و خاوێنی لە خۆ گرتووە**




**گۆستاڤ راینز بۆ گوڵان:**

# تایوان لە ژێر سایەی حکومڕانی تاکحزبیدا گەشەی کرد بەڵام بایەخی بەسەرمایەی مرۆیی و پێشخستنی لادێکاندا

■ ■ ■

**پرۆفیسۆر گۆستاڤ راینز ئوستادی ئابوورییە لە زانکۆی یەل Yale پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ئاسیا کە بە پڵنگەکانی ئاسیا ناسراون، هەروەها پرۆفیسۆر گۆستاڤ شارەزایە لەسەر رۆڵی بانکی نێودەوڵەتی IMF، لەناو دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ئاسایشدا گۆستاڤ بایەخێکی گرنگی بە تایوان داوە، بۆ قسەکردن لەسەر گەشەسەندنی ئابووری تایوان و چۆنییەتی سوود وەرگرتن لەم ئەزموونە پەیوەندیمان بە گۆشتاڤ راینز کردو بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

■ ■ ■



***تایوان وڵاتێکی سەربەخۆ نییە، بەڵام لە رووی ئابوورییەوە لە زۆرێك لە وڵاتانی دیکە سەرکەوتووترە، پرسیارەکە ئەوەیە هۆکارەکانی ئەم سەرکەوتنە ئابوورییەی تایوان چین؟**

- لە راستیدا تایوان لە ساڵی ١٩٤٩ەوە وڵاتێکی سەربەخۆیە دوای ئەوەی سەربەخۆیی لە هەردوو وڵاتی چین و یابان وەرگرت و دواتر لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو و رۆژئاواوە پشتگیری لێکرا. هۆکاری سەرکەوتنەکەی تایوان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەر لە سەرەتاوە بایەخی بە سەرمایەی مرۆییدا، بە بەروپێشبردنی پەروەردە، پێشخستنی ژێرخانی ئابووری ناوچە گوندنشینەکان و بە پرۆژەکانی ئاودێری، بۆ ئەوەی تێکڕای سەرمایییەکان لە ناوچە شارنشینەکاندا چڕنەبنەوە.

*** زۆرێك لە چاودێران پێیان وایە تایوان وڵاتێکی دواکەوتووی کشتوکاڵی بوو، هەروەها هەمیشە لە ژێر هەڕەشەی کۆماری چیندا بوو، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوە بوو گەشەپێدانی ئابووری بکاتە ئەولەوییەت، مەبەستمان ئەوەیە ئایا ئەمە تەفسیری ئەوە دەکات کە حکومەتی تایوان لە بواری حکومڕانێتی باشدا سەرکەوتوو بوو نەك دیموکراسی؟**

- لە سەرەتادا حکومڕانێتیەکە حکومڕانێتیەکی دیموکراسی نەبوو، بەڵکو تاکڕەوی بوو، لەبەر ئەوەی لە سەرەتادا بایەخ به بەرەوپێشبردنی ئابووری و بەرەوپێشبردنی مرۆیی درا و دواتر بە پرۆسەیەکی هەنگاو بە هەنگاو بەرەو دیموکراسی رێچکەی گرت.

*** بەڵام لە تایواندا تاوەکو ساڵی ١٩٨٩ تەنیا یەك حزب حکومڕانێتی دەکرد، کە ئەویش حزبی کۆمینگ تانگ، بوو، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو سەرکەوتنەی بەدەستهێنرا بەرهەمی دیموکراسی نییە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا چۆن حکومڕانی تاکحزبی ئەم دەرئەنجام و سەرکەوتنەی لێدەکەوێتەوە؟**

- زۆرجار حوکمی تاکحزبی دەرئەنجامی باشی لێدەکەوێتەوە و زۆرجاریش بەپێچەوانەوە، رەنگە مەسەلەکە پتر پەیوەست بێت بە ئاستی ئەو بیرۆکراسییەتەی لە ئارادایە، ئایا دەرفەت بە تەفزیلکردنی پەیوەندییە شەخسییەکان دەدات و رێگە بە بوونی رێژەیەکی بەرزی گەندەڵی دەدات یاخود نا، هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد جەختکردنەوە لە سەر پەرەپێدانی پەروەردە و سەرمایەی مرۆیی هۆکاری گرنگە بۆ هێنانەدی بەرەپێشچوونی ئابووری و ئەمەش سەردەکێشێت بۆ ئازادبوونی ئابووری کە ئەمەش دەبێتەهۆی ئازادبوونی سیاسی، کە لە کۆتاییدا چەند پارتێکی سیاسی بەشداری دەکەن لە ژیانی سیاسی کۆمەڵگەکەدا.

***ئایا جیاوازییەکانی پرۆسەی پەرەپێدانی لە هەردوو وڵاتی چین و تایواندا چین، ئەمە لە کاتێکدا رادده و رێژەی گەندەڵی**

**لە چیندا زۆر بەرزترە لە وڵاتی چین؟**

- ڕێژەی گەندەڵی لە چیندا بەرزە، بەڵام پێشبینی من ئەوەیە لەگەڵ ئەنجامدانـــی هەڵبژاردنەکان بۆ دیاریکردنی حکومەتە مەحەلییەکان لە چیندا ئەو وڵاتە وردە وردە بەرەو دیموکراســـی هەنگاو دەنێت. لە راســـتیدا دەتوانین چەند لێکچونێك لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا دەستنیشـــان بکەین، لەبەر ئـــەوەی تایوانیش لە ســـەرەتادا بە حوکمی تاکحزبیدا تێپەڕی، بە هەمان شـــێوە حزبی کۆمۆنیستی چینیش بۆ ماوەیەکی دیکە دەستڕۆیشتوو کاریگەر دەبێت، بەڵام لەگەڵ زیادبوونی بەشداری هاووڵاتییان لـــە چالاکییە ئابوورییەکانـــدا داواکارییەکانیان زیاد دەگات بۆ بەشداری کردن لە پرۆسەی بڕیارسازیدا

*** بـــەڵام ئایا لەو باوەڕەدایت کە تایوان دەیتوانی هاوشـــان بە ســـەرکەوتنە ئابوورییەکەی لە بواری پەرەپێدانی دیموکراسیشدا سەرکەوتنی بەدەست بهێنایە؟**

- رەنگە پەلەکردن و دەستپێکردن بە پرۆسەی بە دیموکراتیکردن لـــە کاتێکی زوودا گرفت بۆ پەرەپێدان بخوڵقێنێت، لەبەر ئەوەی رەنگە خەڵکی پێشبینی دەرئەنجامگەلێکی دیاری کراو بکەن کە رەنگە کاتێکی زیاتریان پێویست بێت. پەرەپێدان سەردەکێشێت بۆ دیموکراسی، بەڵام مەرج نییە دیموکراسی ببێتەهۆی هێنانەدی دیموکراسی بە شێوەیەکی راستەوخۆ.

*** ئەگـــەر خەڵکی عێـــراق بیەوێت هەمـــان ئەزموونی تایوان دووبارە بکاتەوە، ئایا دەکرێت لە چ روویەوە ســـوود لە ئەزمونی ئەو وڵاتە وەربگرین، یاخود ئایا ئەگەری ئەوە بتوانین ئەزموونی ئەو وڵاتە دووبارە بکەینەوە؟**

- من ئـــاگاداری وردەکارییەکانی بارودۆخی عێراق نیم، بەڵام دەمەوێت ئەوە بڵێم دەبێت دیموکراســـی هەڵقوڵاوی کۆمەڵگەکە خۆی بێت، هەروەها دیموکراسی لە شەو و رۆژێکدا نایەتەدی و لە دەرەوە ڕا ناسەپێنرێت، هەروەك ئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریـــکا لەگەڵ عێراقدا کـــردی، هەروەها نابێت ئومێدێکی زۆرمان بـــەو هەڵبژاردنانـــە هەبێت کە لەســـەرەوە بۆ خوارەوە دەسەپێنرێن نە بەپێچەوانەوە.

*** بەڵام ئەگەر عێراق بیەوێت ئەزموونی تایوان دووبارە بکاتەوە، ئـــەوا دەبێت ئەوەمـــان لەبەرچاو بێت کە لـــە عێراقدا گەندەڵی لە ئاســـتێکی بەرزدایە، وڵاتێکی ناســـەقامگیرە، هێشتا تەواو دیموکراتی نییە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا لە سەرەتادا ئەولەوییەت بـــۆ چ بوارێکـــە، دەبێت حکومەتی عێـــراق هەوڵەکانی بۆ چ لایەنێك بخاتەگەڕ لە سەرەتادا؟**

- من پێموایە شـــەڕکردن و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی رەنگە گرنگییەکی زیاتـــری هەبێت، لەبەر ئەوەی تەشەنەســـەندنی گەندەڵی بێ متمانەی لە ئاســـت حکومەتدا دروســـت دەکات، کاتێکیـــش هاووڵاتییـــان متمانەیان بە حکومـــەت نەبوو، ئەوا ئەنجامدانی هەڵبژاردن چ سودێکی هەیە.

*** هەروەك ئاماژەمان پێکرد تایوان وڵاتێکی کشـــتوکاڵی بوو، چـــۆن توانیوێتی ببێتـــە وڵاتێکی پیشەســـازی، یاخود چۆن توانیوێتی کشـــتوکاڵ بکاتە بناغەیـــەك بۆ ئەو گۆڕانکاری و بەرەوپێشچوونانەی لەو وڵاتەدا هاتنەدی؟**

- مـــن پێموایـــە ئەو دەرســـەی دەکرێت لـــە ئەزموونی وڵاتە ســـەرکەوتووەکانەوە لە بواری پەرەپێدانـــی ئابووریدا ئاماژەی پێبکەیـــن ئەوەیـــە دەبێـــت چالاکی پیشەســـازی لـــە ناوچە گوندنشینەکانیشـــدا ئەنجـــام بدەین، نەك تەنیا لە شـــارەکاندا، بـــۆ نموونە تایوان لەم رووەوە ســـەرمایەیەکی زۆری لە ناوچە گوندنشینەکاندا خســـتەگەڕ، ئەمە بۆ زیادکردنی هەلی کار و دامەزراندن سوودی هەبوو، هەروەها ئەمەش گرنگی هەبوو لە هێنانەدی ئاڵوگۆڕی نێوان کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازیدا.

*** ئایـــا هیچ راســـپاردەیەکت هەیە بۆ حکومەتـــی ئێمە لەم رووەوە؟**

- من پێموایە سەرەتا پێویســـتە پتر بایەخ بە هەناردەکردن بدەن و دواتر گرنگە بـــە ئازادکردنی بـــواری هاوردەکردن بدەن، بە پێچەوانەوە ئەمە دەبێتەهۆی تێکشـــکاندنی ئەو پیشەسازییەی هەتانـــە، هەروەها دەبێت حیکمەت و ژیـــری خۆتان بەکاربهێنن بۆ بڕیاردان لەســـەر چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو سەرچاوانەی هەتانە و بۆ چۆنییەتی درێژەپێدانی بەرنامەی چاکســـازی لەم رووەوە زۆر پشت بە راســـپاردەی شارەزا دەرەکییەکان مەبەستن، ئەمەش پێگەتان بەهێـــز دەکات لە کاتی گفتوگۆکردن لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا لە مەسەلەکانی پەیوەست بەم بوارەوە.



●●●

**تایوان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەر لە سەرەتاوە بایەخی بە سەرمایەی مرۆییدا، بە بەروپێشبردنی پەروەردە، پێشخستنی ژێرخانی ئابووری ناوچە گوندنشینەکان و بە پرۆژەکانی ئاودێری، بۆ ئەوەی تێکڕای سەرماییەکان لە ناوچە شارنشینەکاندا چڕنەبنەوە**

●●●

●●●

**ڕێژەی گەندەڵی لە چیندا بەرزە، بەڵام پێشبینی من ئەوەیە لەگەڵ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بۆ دیاریکردنی حکومەتە مەحەلییەکان لە چیندا ئەو وڵاتە وردە وردە بەرەو دیموکراسی هەنگاو دەنێت**

●●●

●●●

**پەرەپێدان سەردەکێشێت بۆ دیموکراسی، بەڵام مەرج نییە دیموکراسی ببێتەهۆی هێنانەدی دیموکراسی بە شێوەیەکی راستەوخۆ**

●●●

**مایکل گۆردن**
**ڕۆژنامەنووس لە نیویۆرک تایمز بۆ گوڵان:**

# ساڵی ٢٠٠٩ ساڵێکی هەستیارە بۆ عێراقییەکان و یەکلاییکردنەوەی کێشەکانی پەیوەست بە ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراقەوە



**مایکل گۆردن بێجگە لەوەی سەرۆکی تیمی پەیامنێرانی میلیتارییە، تۆژەریشە لە ئامۆژگای ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ ئاشتی، پسپۆڕو تایبەتمەندە لەسەر عێراق و پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی مەدەنی و عەسکەری و هێزی سەربازی ئەمەریکا و سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا، هەروەها گۆردن خاوەنی ئەو پێشنیارەشە بۆ ئەوەی مێژووی هەوڵەکانی ئەمەریکا لە ٢٠٠٦-٢٠٠٩ بۆ سەقامگیری عێراق بنووسرێتەوە، سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای عێراق و تیرِوانینی بۆ ئایندە پەیوەندیمان بە مایکل گۆردن کرد و بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

***تیرِوانینتان بۆ بارودۆخی ئێستای عێراق و ئایندەی سیاسی عێراق چییە؟**

- باوردۆخی عێراق بە بەراورد بە ساڵێك یان دو ساڵ پێش ئێستا لە رووی ئەمنییەوە بەرەوپێشچوونێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە، هەروەها هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان باشتر بەڕێوەچوون لەوەی پێشبینی دەکرا، بەڵام هێشتا کێشەگەلێکی سیاسی سەخت لە نێو پێکهاتەکاندا یەکلانەکراونەتەوە، بەتایبەتی لە نێوان کورد و عەرەبەکاندا. ئەوەی پەیوەندی هەبێت بە ئایندەی عێراقەوە، ئەوا هێشتا ئایندەیەکی نادیاری لەبەردەمدایە، ئەم ساڵ ساڵێکی هەستیار دەبێت، بە تایبەتی لە چۆنییەتی یەکلاکردنەوەی کێشەکانی پەیوەست بە ماددەی ١٤٠ و کێشەی کەرکووك و چۆنییەتی بەشداری سیاسی ئەمەریکا لەم مەسەلەیەدا، هەروەها چۆنییەتی کشاندنەوەی هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کە تا ئێستا لەم رووەوە بڕیاری نەداوە.

*** راستە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییە بۆ دیاری کردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بوو، بەڵام بووە هۆی گۆڕینی هاوپەیمانێتییەکان و نەخشەی سیاسی داهاتووی عێراقیش دەگۆڕێت، راوبۆچونی ئێوە چییە لەم رووەوە؟**

- هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لەو رووەوە سەرنجراکێش بوو کە بووە هۆی کەمکردنەوەی سەنگ و دەسەڵاتی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی و مالیکی توانی دەسەڵاتی سیاسی خۆی بەرفراوان بکات و سوننەکانیش نوێنەرایەتییەکی باشتریان دەبێت لە پارێزگای موسڵدا، بەڵام ئەمە تەنیا هەنگاوێکە لە پرۆسە سیاسییەکەدا کە پێویست بە چەندین هەنگاوی دیکە دەکات، بۆ نموونە من پێموایە دەبێت پێش پاشەکشەی هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا کێشە و گرفتەکانی نێوان کورد و عەرەبەکان یەکلابکرێنەوە، چونکە دواخستنی ئەم ناکۆکییانە بۆ دوای کشانەوەی ئەمەریکییەکان ئەگەرەکانی هەڵکشانی توندوتیژی و ناسەقامگیری زیاد دەکات.

***هەروەك لە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە ئاشکرابوو کە هیچ لایەنێك زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست نەهێناوە، ئەمەش لایەنەکانی ناچاردەکات هاوپەیمانێتیتی پێکبهێنن، پرسیارەکە ئەوەیە بەلەبەرچاوگرتنی مێژووی پڕ لە خوێنڕێژی عێراقییەکان، ئایا چۆن دەتوانن هاوپەیمانێتییەکی سەرکەوتوو پێکبهێنن؟**

- من وەڵامی ئەم پرسیارە نازانم، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خوازیارە عێراق سەرکەوتووبێت و لەم رووەوە قوربانییەکی زۆریدا بۆ ئەوەی عێراق ببێتە وڵاتێکی دیموکراتی و سەقامگیر، بەڵام ئایا عێراقییەکان تا چ رادەیەك سەرکەوتوو دەبن لە هێنانەدی ئەم ئامانجانەدا من ناتوانم وەڵامی ئەمە بدەمەوە.

*** بەڵام ئایا تا چەند ئەمەریکا باوەڕی بە توانای عێراقییەکان**

**هەیە بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتییانە؟**
- لــە ئەمەریکادا راوبۆچونی جیــاواز هەیە، من ئومێدەوارم عێراق ســەرکەوتوو بێت، بەڵام ناتوانم پێشــبینی ئایندەی ئەم وڵاتە بکەم، ١٢ تــا ١٤ مانگی داهاتوو ماوەیەکی گرنگ و هەســتیار دەبێت، لەبەر ئەوەی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی تێــدا ئەنجام دەدرێت و چەندین کێشــە هەیــە کە چاوەڕێی یەکلاکردنــەوە دەکەن بەتایبەتی لە نێوان کورد و عەرەبەکاندا، بەو پێیە هێشــتا ئایندەی ئەم وڵاتە نادیارە و پێویســتی بە بەرەوپێشــچوونی زیاتر هەیە و ئەگەری ئەوەش هەیە دووبارە باوردۆخەکە ئاڵۆزبێتەوە.

***کەواتە لەم ســاتەوەختەدا ئێوە گەشبین نین بە ئایندەی ئەم وڵاتە؟**
- هەلومەرجــی عێــراق بــە بــەراورد بە مــاوەی رابردوو بەرەوپێشچووە، بەڵام هەموو مەسەلەکان دەوەستنەسەر ئەوەی لەم ســاڵەدا چی روودەدات، هەنگاوی پێویســت لە عێراقدا هێنانەدی ئاشتەواییە لە نێوان کورد و عەرەبەکاندا، بەڕێوەبردنی هەڵبژارنە پەرلەمانییەکانە بە شــێوەیەکی رێك و پێك، ئەمانە بەرپرسیارێتی عێراقییەکان خۆیانن نەك لایەنی ئەمەریکی.
عێراق رێگایەکی دورودرێژی لە پێشە و هێشتا هەنگاوگەلێکی زۆری لە پێشــە و رەنگە هێشتا کاتی ئەوە نەبێت لەم رووەوە حوکــم بدەین و دەبێت چاوەڕوێی رەوتی رووداوەکان بکەین، بۆ ئەوەی بزانین بە چ ئاڕاستەیەکدا دەڕۆن.

*** ئایا کە رێککەوتــن و هاوپەیمانێتی لە نێو عێراقییەکاندا زەحمەت بێت، ئەمە بە مانای ئەوە نایەت ئەگەری سەرهەڵدانی شەڕ و توندوتیژی زیاتر دەبن؟**
- مــن پێموایە عێراقییەکان دەتوانن بگەنە رێککەوتن لەگەڵ یەکدا، زۆرێك لەو کەســایەتی و لایەنانەی لە یاخیبوونەکەوە تێوەگلابوون، ئێستا بەشداری لە پرۆسە سیاسییەکەدا دەکەن، ئــەو لایەنانەی پێشــتر دوژمنایەتی یەکیان دەکرد، ئێســتا دوژمنی یەکتری نین، بــەڵام توندوتیژی لە ئابی ٢٠٠٧ەوە بەرەو داکشــان چووە و ئەمەش ماوەیەکی زۆر نییە بۆ ئەوەی بەرەوپێشــچوونی سیاســی بەدی بهێنرێن، لەبــەر ئەوە من دووپاتی دەکەمەوە ئەم ســاڵ ساڵێکی گرنگ دەبێت و دەبێت چاوەڕێ بکەین و جارێ پەلەنەکەین لە حوکمداندا.

***مالیکــی هەوڵــی بەهێزکردنی حکومەتــی مەرکەزی و پێشــێلکردنی دەســتوور دەدات، کە ئەمەش سەردەکێشێت بۆ تاکڕەوی، ئایا ئایندەی عێراق چی دەبێت ئەگەر حکومەتێکی مەرکەزی بگەڕێنرێتەوە و سوپا باڵادەست بێت تێیدا؟**
- ئاشکرایە هەڵوێست و تێڕوانینی کوردەکان لەگەڵ مالیکیدا جیــاوازە، کە پێویســتە ئەم کێشــە و ناکۆکییانــەی نێوان چارەســەربکرێت، بەتایبەتی پێش ئەوەی هێزەکانی ئەمەریکا عێراق جێبهێڵن، چونکە دواخستنی ئەم کێشانە سەردەکێشن بۆ ناسەقامگیری.

*** ئۆبامــا لە لێدوانێکــدا باس لەوە دەکات بە شــێوەیەکی بەرپرســیارانە هەڵدەستێت بە کشــاندنەوە و کۆتایی هێنان بە شــەڕی عێراق، لە حاڵەتی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکادا و گۆڕانــی عێراق بۆ دەوڵەتێکی ئاینی و ئیســلامی، ئایا ئەمەریکا بە دۆڕاو شکستخواردو دانانرێت؟**
- مەبەستی ئۆباما لەم لێدوان و لێدوانەکانی دیکەی لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا کشاندنەوەی هێزە جەنگاوەرییەکانی ســوپای ئەمەریکا بوو نەك تێکڕای هێزەکانــی ئەمەریکا، هەروەها هێشتا دەستی نەکردووە بە کشانەوەی ئەم هێزانەش و لەم رووەوە پێداچوونەوە دەکات، بەڵام ئەگەر ئەمەریکا هێزەکانی لە عێراقدا پاشەکشەپێکرد و بارودۆخی عێراق بەرەو ئاڵۆزی و پشێوی چوو، ئەوا ئەمە بە شکستێك بۆ ئەمەریکا دادەنرێت.
بۆیە من هەر ئەوەنــدە دەڵێم کە خەڵکی ئەمەریکا خوازیاری ئەوەنییە رۆژێك زیاتر هێزەکانی وڵاتەکەیان لە عێراقدا بمێننەوە، ئەگەر پێویســت نەبن، بەڵام لە هەمان کاتدا خوازیاری ئەوەن عێراقییەکان لە هەوڵەکانیاندا بۆ بنیاتنانی وڵاتێکی دیموکراتی و سەقامگیر سەرکەوتن بەدەست بهێنن.

●●●

**ئەم ساڵ ساڵێکی هەستیار دەبێت، بە تایبەتی لە چۆنییەتی یەکلاکردنەوەی کێشەکانی پەیوەست بە ماددەی ١٤٠ و کێشەی کەرکووک و چۆنییەتی بەشداری سیاسی ئەمەریکا لەم مەسەلەیەدا**

●●●

●●●

**دەبێت پێش پاشەکشەی هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا کێشە و گرفتەکانی نێوان کورد و عەرەبەکان یەکلابکرێنەوە، چونکە دواخستنی ئەم ناکۆکییانە بۆ دوای کشانەوەی ئەمەریکییەکان ئەگەرەکانی هەڵکشانی توندوتیژی و ناسەقامگیری زیاد دەکات**

●●●

**راستکردنەوە**

**روونکردنەوەیەك لەپێشمەرگەیەکی دێرینی بزووتنەوەی ئیسلامیەوە**

لەژمارە ((٧٢٠))ی رۆژی (٩)ی شــوباتی ٢٠٠٩ی گۆڤاری (گوڵان) لەمیانی دیدارێکی ئیحسان مەلا عەلی ئەندامی ســەرکردایەتی بزووتنەوەی ئیسلامیدا لەلاپەڕە (٢٦) وێنەیەکتان بڵاوکردۆتەوە و وانیشاندراوە کە ئیحسان یەکێکە لەئەندامانی ئەو مەفرەزەیەی بزووتنەوەی ئیسلامی، من وەك پێشمەرگەیەکی دێرینی بزووتنەوەی ئیسلامی نامەوێت بەرگری لەمامۆستا عەلــی باپیــر بکەم و ببمە پارێزەری ئەو . ئەوەی لەوێنەکەدا هاتوون مەفرەزەیەکی هێزی حەمزەی بزووتنەوەی ئیســلامیە کە مامۆســتا عەلی باپیر بەرپرســی بوو، ئەو کەسەیش ئێوە وەك" مامۆستا ئیحســان مەلا عەلی" ئاماژەو بۆ کردووە ناوی (هێرش مامەنداوایی)ە و لەشــارۆچکەی حاجیاوا دادەنیشــێت، منیش کەئەم راستکردنەوەتان ئاراستە دەکەم لەوێنەکەدا یەکەم کەســم لەدەستە راستی کاك هێرشەوە، ئێوە دەتانتوانی وێنەی دیکەی جوانی کاك ئیحسان زۆرە تا لەگەڵ دیمانەکەدا بڵاوتان بکردایەتەوە تا ئەو هەڵەیە روونەدایە.
وەك مافێکی پێشمەرگەکانی ئەو مەفرەزەیە بڵاوکردنەوەی ئەم روونکردنەوەیەم بەپێویست زانی و بەهیوام بڵاوی بکەنەوە.

**لەگەڵ رێزمدا تەهای حاجی زاهیر**
**پێشمەرگەی دێرینی بزووتنەوەی ئیسلامی**



# ئینتمای نەتەوەیی و هەستی نیشتمانپەروەری دووفاکتەری گرنگ بۆ بوونیادی ئاینده

کە سەردانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا دەکەیت بەگشتی و کۆریای باشوور بە تایبەتی، کۆرییەکان پێش ئەوەی باسی ئێستا بکەن ڕابردووی خۆیانت بۆ باس دەکەن و پێش ئەوەی بتبات بۆ سەردانی سیئۆل پاڵاس یان سیئۆل تاوەر، بەسەردان یان فیلمی دیکۆمێنتی مێژووی خوێناوی و کاولکراوی کۆریات پیشاندەدا، ئەمە جۆرێکە لە ئینتمای هاوڵاتییانی کۆریا بۆ خاکەکەیان بۆ مێژووییان و هەر ئەم ئینتیمایەش وایلێکردوون ئەو ئایینده گەشە بوونیاد بنێن، یان لەدوای کۆتایهاتنی شەری دووەمی جیهان راوێژکاری ئەڵمانیا بە گەلی ئەڵمانیای ڕۆژئاوای ئەو کاتەی گوت ئەمڕۆ ئەڵمانیا ناتوانێت داری کریسمیستان بۆ دابین بکات، بەڵام گەلی ئەڵمانیا زیاتر پابەند بوون بە نەتەوەییبوونی جەرمانی و زیاتر قۆڵیان لێهەڵکرد و توانیان ئەڵمانییەکی جوانتر و ژیانێکی خۆشگوزەرانتر بۆ نەتەوەی جەرمەنی بوونیاد بنێنەوە، لە ڕاپۆرتێکی پێشتری گوڵان و سەبارەت بە چۆنیەتی بوونیادنانەوەی وڵات لەدوای شەڕ و کاریگەری پلانی مارشاڵ لەسەر بونیادنانەوەی ئەڵمانیا، پرۆفیسۆرێکی ئەڵمانی بە گوڵانی ڕاگەیاند، پلانی مارشال چەند سوودی هەبوو بۆ بونیادنانەوەی ئەڵمانیا، هێندەش خراپ بوو بۆ هەستی نەتەوەیی ئەڵمانییەکان، پلانەکە بۆ کاتێکی دیاریکراوبوو، بەڵام بەردەوام نەتەوەی جەرمانی پێویستی بەوە هەیە پشت بەخۆی ببەستێت، کەواتە ئەو ئەڵمانییایەی ئەمڕۆ دەیبینی کە یەکێکە لە ٧ دەوڵەتە پیشەسازییە گەورەکەی جیهان و دوای ئەندامیەتی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەکات، بە هەستکردن بە ئینتمایی نیشتمانی ئەو دەوڵەتە بونیادنرایەوە و ئاسەواری شەڕو کاولکاری هیتلەر سڕایەوە، لەمەش گرنگتر خاتوونی پرۆفیسۆر کاسرینا فێرلبیك کەیەکێکە لەو بەڕێزانەی لەم ڕاپۆرتە بەتایبەت بەشداری کردووین دەڵێت : هەستی نەتەوەیی لای من سەرمایەی کۆمەڵایەتییە، لە باشووری ئیتاڵیا ئەم سەرمایەیە کەمە واتە هەستی نەتەوەیی لاوازە و ئاستی گەندەڵی بەرزە، لە باکووری ئیتالیا لەبەر ئەوەی هەستی نەتەوەیی بەرزە ئاستی گەندەڵی نزمە، باشە لێرەوە ئەگەر قسەی خاتوو کاسرینا بکەینە پێوانییەك لەسەر وڵاتی خۆمان پیادەی بکەین، ئایا چەند گرفت لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بوونی هەیە، بە هۆشیارکردنەوەی هەستی نیشتمانی نەتەوەیی لە کۆڵمان دەبێتەوە، لەسەر هەمووشییانەوە گەندەڵی، ئەگەر هەستی نەتەوەیی بەرز بێت و ئینتما بۆ کوردستان ڕاستگۆیانە بێت ئایا کێ ڕێگە بە خۆی دەدات هەست بە بەرپرسیارییەتی نەکات، پرۆفیسۆرێکی دیکە کە دیسان بە خۆشحاڵییەوە لەم



راپۆرتە بەشداری کردووین، پرۆفیسۆر جۆناسان داڤید مارشاڵە، هەموو ئەو کارەساتانەی بە سەر سۆماڵ هاتوون و تەنانەت ئەمەریکاش بەجێهێشتن هۆکارەکەی دەگێڕێتەوە بۆ لاوازی ئینتمای نەتەوەیی سۆماڵییەکان، کەواتە لە وڵاتێکدا کە هەستی نەتەوەیی و ئینتمایی نیشتمانی لاواز بوو، ئەوا لەبری ئەوەی سەیری پێشکەوتنەکانی ژاپۆن و ئەڵمانیا بکات، دەبێت خۆی حاز بکات پێشوازی لە کارەساتی هاوشێوەی سۆماڵ بکات.

## تیکەڵاوکردنی ئایین و سیاسەت هۆکاری سەرەکییە بۆ لاوازی هەستی نەتەوەیی

کە ئایین کرا بە سیاسەت هەموو شتێك کۆتایی دێت و ئەوجا ئەگەر لەناو ئاینەکەشدا دەستە و تاقم لەسەر بنەمای مەزهەبگەرای دروست بێت ئەوا خراپتریش دەبێت، دوای کوشتنی خاتوو ئەدوار بەهجەتی پەیامنێری کەناڵی ئەلعربیە لە سامەرا،پیتەر گالبرێس کتێبێکی لەسەر عێراق نووسیی و ناونیشانی کۆتایی عێراقی بۆ هەڵبژارد، گالبرێس بۆیە ئەم ناوەی بۆ هەڵبژارد لەبەر ئەوەی ئەدوار بەهجەت هەم شیعە بوو هەمیش سوننە بوو، لە دایك و باوکێکی سونە و شیعە لە دایك بوو بوو، بێگومان بۆچوونەکەی گالبرێس لە ١٠٠٪ مەبەستی پێکاوە، دوای ئەو کارەساتە کە بەسەدان کارەساتی هاوشێوەی کوشتنی ئەدوار لەسەر ناکۆکی مەزهەبی روویداوە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەوانەی کە ئەدواریان شەهید کرد دژی ئیرادەی خوا راوەستاون خوا رێگەی داوە سونە وشیعە پێکەوە زەواج بکەن و پێکەوە ماڵ دروست بکەن و لە ماڵێکدا پێکەوە بژین، بەڵام کە ئەم مەسەلەیە دەبێتە سیاسەت قبوڵناکرێت لە شارێك و لە وڵاتێکدا پێکەوە بژین، تازە لە عێراقیشدا سیاسەت و ئایین لیکجیانەکرێتەوە، کەواتە تەنیا رێگە ئەوەیە سوننە لە شیعە و کورد لەعەرەب جیابکرێتەوە، ئەم جیاکردنەوەیەش ئەگەر بەدابەشبوونی عێراقیش نەبێت ئەوا دەبێت لە چوارچێوەی عێراقدا لێکجیابکرێتەوە، خاتوو پاولینا پارکەر سەرۆکی سندوقی ئاشتی جیهانی لە ساڵی ٢٠٠٧ پێشنیاری یەکێتی دەوڵەتەکانی عێراقی کرد بۆئەوەی ئەم حاڵەتە رابگیرێت، تەواو کە ئایینن تێکەڵی سیاسەت کرا، ژیان هیچ نرخێکی نامێنێت، ئەمە بۆ ئایینەکانی دیکەش وایە لێرەدا باسی سەردەمی رێنیسانس ناکەین کە ملی چەند کەس بە مەقسەڵە برایەوە هەتا ئایین و سیاسەت لێکجیاکرایەوە، تێکەڵاوکردنی ئایین و سیاسەت یان کەنیسە و دەوڵەت لەسەدەکانی ناوەڕاست، کە هەتا ئێستاش ئەوروپییەکان بەسەدە رەشەکان ناو زەدی دەکەن، بەرادەیەك هەستی نەتەوەیی سریبۆوە، کە ئیتاڵییەك یان فەرەنسییەك پێی شەرم بوو بەزمانی دایك بنووسێت، هەر بۆیە کاتێك روناکبیرانی سەردەمی رێنیسانس دەچوونە بەردەمی مەقسەڵەکانی کەنیسە، بێباك بوون لەوەی سەریان بپەڕێنرێت، لەبەر ئەوەی سەربڕینیان لە مانەوە لەبەردەم زۆرداری و بێڕێزکردنی نەتەوە لەلایەن کەنیسەوە پێ باشتر بوو، ئێستاش لە هەتا ئەم سالانەی دواییش لە ئێرلەندا ئێرلەندییەکان بەشێوەیەك دابەشبووبوون لەسەر بنەمای مەزهەبی کاسۆلیك و پرۆتستانت، ئەوەی کاسۆلیکی بوایە نەیدەوێرا بەگەرەکێکدا بڕوات کە برۆتستاند بێت و بەپێچەوانەشەوە، لەسەردەمی ئیدارەی بیل کلینتۆن هەوڵێکی زۆر زۆر خرایە گەڕ بۆ ئەوەی ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت و ئەوانەشی وەك میانگیر بەشداری ئەو رێککەوتنە بوون، پاشان خەڵاتی نۆبڵی ئاشتییان پێدرا، لەماوەی گەیشتن بەو رێککەوتنەی نێوانیان زۆر جاری دیکە دەگەیشتنە رێککەوتن و بۆ بەیانی رێککەوتنەکە پێشێلدەکرایەوە، هەتا کار گەیشتە ئەوەی بیل کلینتۆن نائومێد بێت و بڵێت ئیرلەندیەکان دەڵێی سەرخۆشن بە شەو قسەیەك دەکەن و بە رۆژ پێچەوانەی قسەکانی شەوانیان رەفتاردەکەن .

بۆ ئەم قۆناخەی ئەمڕۆش ئێمە وەك هەرێمی کوردستان پیایدا تێدەپەرین زۆر گرنگە هۆشیاری نەتەوەییمان لە ئاستی پێویستدا بێت، دەبێت هەموو هەوڵێکمان بۆ ئەوەبێت ئایین تێکەڵی سیاسەت نەکرێت و ئەوەی بڕوای بەدیموکراسی بێت، دەبێت بە بڕواشی بە جیاکردنەوەی ئایین و سیاسەت هەبێت بە پێچەوانەوە رێسای گەمە دیموکراتییەکە تێکدەچێت، ئەو کاتەش تەنیا مەترسییەکە لەسەر بوونیادی دیموکراسی نابێت، بەڵکو رووبەڕووی ئایندەی نەتەوەکەشمان دەبێتەوە. هەر بۆیە ئەوەی ئامادە نەبێت لە گەڵمان ئەی رەقیب بڵێتەوە نابێت مافی ئەوەشی هەبێت لەپرۆسەی دیموکراتییدا جێگەیان ببێتەوە .

●●●

**هەستی نەتەوەیی لای من سەرمایەی کۆمەڵایەتییە، لە باشووری ئیتاڵیا ئەم سەرمایەیە کەمە واتە هەستی نەتەوەیی لاوازە و ئاستی گەندەڵی بەرزە، لە باکووری ئیتاڵیا لەبەر ئەوەی هەستی نەتەوەیی بەرزە ئاستی گەندەڵی نزمە**

●●●

●●●

**لە وڵاتێکدا کە هەستی نەتەوەیی و ئینتمایی نیشتمانی لاواز بوو، ئەوا لەبری ئەوەی سەیری پێشکەوتنەکانی ژاپۆن و ئەڵمانیا بکات، دەبێت خۆی حاز بکات پێشوازی لە کارەساتی هاوشێوەی سۆماڵ بکات**

●●●

●●●

**ئەوەی ئامادە نەبێت لە گەڵمان ئەی رەقیب بڵێتەوە نابێت مافی ئەوەشی هەبێت لە پرۆسەی دیموکراتییدا جێگەیان ببێتەوە**

●●●

جۆناسان داڤید مارشاڵ ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی کارسج و پسپۆڕ تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی ژاپۆن و چین و کاریگەری هەستی نەتەوەیی لەسەر پیادەکردنی سیاسەتی لە رۆژهەڵاتی ئاسیا، هەر ئەم هەستە نەتەوەیەش فاکتەری گرنگ بووە بۆ بەرەو پێشەوە چوونی ئەو دەوڵەتانە لە رووی پەرەپێدانی ئابوورییەوە بۆ شرۆڤەی ئەم چەکە پرۆفیسۆر مارشاڵ بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.

## جۆناسان داڤید مارشاڵ بۆ گوڵان:

# هەموو ئەو کارەساتەی بەسەر سۆماڵ هاتووە هۆکارەکەی لاوازی ئینتمای نەتەوەییە



**• ئینتما بۆ نەتەوە بۆ خاك بۆ نیشتمان فاکتەرێکی گرنگە بۆ بوونیادنانەوە ئایا چۆن دەتوانین هەڵبستین بە هاندانی ئەم هەستە بۆ ئەوەی پرۆسەی بنیاتنانەوەی دەوڵەت سەرکەوتوویێت؟**

- لە رووی مێژووییەوە، بە تایبەتی لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئاسیادا، رەوتی نەتەوەخوازی مۆدێرن درەنگترە سەریهەڵدا، بەڵام هەستی نەتەوەی لە رێی سیستەمی پەروەردەییەوە چەسپێنرا، هەروەها لە رێی دامەزراوەی سەربازییەوە بە تایبەتی بە هۆی تەجنیدی سەربازییەوە. واتە دروستکردنی هەستی نەتەوەی پرۆژەییەکی حکومی بوو، بە تایبەتی حکومەتە ریفۆرمخوازەکان. زۆرجار ئەم هەستی نەتەوەییە پتر قوڵ دەبووەوە بەهۆی بوونی دوژمنەوە، بۆ نموونە لە یاباندا کە لە ژێر هەڕەشەی هێزە رۆژئاواییەکاندا بوو، لە حاڵەتی کۆریادا، یەکەم بریتی بوو لە خەباتی کۆڵۆنیاڵی لە دژی یابان و دواتر شەڕی ناوخۆیی. واتە لە زۆربەی ئەم وڵاتانەدا دروستکردنی ئەم هەستە پرۆژەیەکی حکومی بوو، هەروەها ئەم پرۆسەیە لەم وڵاتانەدا ئاسانتر هاتنەدی بەهۆی نەبوونی جیاوازیگەلێکی ئایینی و زمانەوانی گەورەوە.

**• ئایا حکومەت و پارتە سیاسییەکان دەتوانن لەم رووەوە چ رۆڵێك ببینن؟**

- ئەوەی بە لای منەوە گرنگە ئەوەیە سەرمایەیەکی گەورە بۆ پەرەپێدانی کەرتی پەروەردە بخرێتەگەڕ بە چەشنێك ئەو هەستە دروست بکرێت کە خەڵکی بەرژەوەندییان لە سەرکەوتنی حکومەتدا هەیە، واتە هەست بکەن سەرکەوتنی حکومەت دەبێتە هۆی ئەوەی ئەوان پتر سەرکەوتووبن.

**• هۆکاری سەرکەوتنی پرۆسەی بنیاتنانەوە لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئاسیادا بوونی هەستی نەتەوەی بوو، ئەمە لە کاتێکدا لە هەندێ وڵاتی دیکەدا ئەم پرۆسەیە شکستی هێنا، ئایا بوونی ئەم هەستە رۆڵێکی ئەوەندە گەورە دەبینێت لە سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیەدا؟**

- هەستکردن بە ئینتیماکردن بۆ کۆمەڵگەیەك کە ئامانجی هاوبەشییان هەبێت گرنگە بۆ پرۆسەی بنیاتنانەوە، با باس لە حاڵەتێکی دیکە بکەین، هیندستان، کە لەم وڵاتەدا هەستی نەتەوەیی و بوونی ناسنامەی نەتەوەی بەدی دەکەین، ئەگەرچی گرووپگەلێکی ئایینی و زمانەوانی جیاواز لەو وڵاتەدا دەژین، بەڵام سەرکەوتووبووە لەم پرۆژەیەدا هەر لە ساڵی ١٩٤٧ەوە.

*** ئایا پەیوەندی نێوان دیموکراسی و ئینتمای نەتەوەیی چییە؟**

- ئەگەر ئەو هەست و تێڕوانینە بەربڵاوبوو لە ناو هاووڵاتییاندا کە دەبێت بەشداری و رۆڵیان هەبێت لە پرۆسەی حکومڕانییدا، ئەوا ئەمە سەردەکێشێت بۆ پەرەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکان، لە لایەکی دیکەوە ئەگەر پارت و لایەنە دۆڕاوەکان لە هەڵبژاردندا باوەڕیان وابوو کە دەرفەت و ئەگەرەیان لە بەردەمدایە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە سەرکەوتن بەدەست بهێننەوە، ئەوا ئەمە یارمەتیدەر دەبێت لە گەڵاڵەکردنی ئەو هەستەدا کە هەر یەکەیان بەشێکن لە پرۆژەیەکی هاوبەش. رەنگە ئەمە لە کۆمەڵگەیەکی وەك هیندستاندا بەهۆی بوونی جیاوازیگەلێکی ئاینی و زمانەوانی گەورەوە زەحمەت بێت، بەڵام رەنگە لە عێراقدا بەهۆی بوونی ئاستێکی بەرز و بەربڵاوی پەروەردەوە ئاسانتر بێت، مەسەلە سەرەکییەکە ئەوەیە ئەگەر ئەو تێڕوانینە باڵادەست بوو کە هەموو لایەن سەر بە یەك نەتەوەن ئەوا پارتە سیاسییەکان پتر

ئامادەی دانووستاندن و دۆڕاندن و بردنەوە دەبن لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی دیموکراسییدا.

*** باس لەوەدەکرێت لاوازی هەســتی نەتــەوەی دەرئەنجامی فەرامۆشــکردنی بەرژەوەنــدی گشــتییە و بایەخدانـــە بە بەرژەوەندییە تایبەتییــەکان، لێرەدا ئایا تا چەند بەرزکردنەوەی ئاســتی هۆشــیاری نەتەوەی رۆڵی هەیە لە کەمکردنەوەی گەندەڵیدا؟**

- رەنگــە پەیوەندییەکەی نێوان ئەوەبێت هەر کاتێك بەرپرســە حکومییەکان هەســت بکەن ئامانجێکی هاوبەشــییان لەگەڵ هاوڵاتییاندا ئــەوا ئەمە دەبێتەهۆی کەمکردنەوەی ئاســتی گەندەڵــی. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەزموونی تایوان و کۆریای باشــوور، ئەوا لە کۆتای چلــەکان و ســەرەتای پەنجاکاندا هەســتکردن بە ئامانجە نەتەوەییە هاوبەشــەکان هەبوو، بەڵام ئەمەش کاتی ویســت بۆ ئەوەی بچەسپێت، ئەمەش پێویستی بە دووبارە راهێنانەوەی بەرپرســە حکومییــەکان و خوڵقاندنی حکومەتێکی نوێ کرد بۆ کۆتایی هێنان بە گەندەڵی.

*** لە سەرەتای پرۆسەی بنیاتناندا، ئینتیمای حزبی زاڵ دەبێت بەسەر ئینتیمای نەتەوەییدا، ئایا مەترسی ئەم حاڵەتە لە چیدا دەبینیتەوە؟**

- گرنگی پارتە سیاســییەکان بە تایبەتی لەو کۆمەڵگەیاندا کە جیاوازی ئایینی و زمانەوانییان تێدایە، وەك هیندســتان، ئەوەیە کە پارتە سیاســییەکان ململانێ لەسەر بەدەستهێنانی زۆرینــە دەکــەن، بۆ نموونــە پارتی کۆنگرە بــۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ســەرکەوتوبوو لەبەر ئەوەی توانێتی دەنگی گرووپە جیاوازەکان بەدەست بهێنێت، سەرکەوتنی ئەم پارتەش بووەهۆی پاراســتنی دیموکراســی لەو وڵاتەدا، بە چەشــنێك کاتێك حزبێکی هیندۆسی هاتەسەر دەسەڵات خەڵکی باوەڕیان وابوو کە دیموکراســی بــەردەوام دەبێت و سیاســەتەکانی ئەم حزبە نابێتەهــۆی لە ناوبردنــی بەرژەوەندییەکانیــان، بەو پێیە من پێموایە کار و ئەرکی پارتە سیاســییەکان بەهێزکردنی هەستی نەتەوەییە، لە راستیدا پێویستە پارتە سیاسییەکان پارتگەلێکی نەتــەوەی بن و تەنیا خۆیان لە چوارچێوەی گرووپێکی ئاینی یان ئیتنیدا حەسرنەکەن.

*** بەڵام ئایا مەترسی ئەوە لە ئارادانییە کە پارتە سیاسییەکان ئەم جیاوازییانە ئیستیغلال بکەن و ببنە پارتێکی دیکتاتۆری؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەم مەترســییە لە ئارادایە، بە تایبەتی ئەگەر جیــاوازی ئایینی یان رەگــەزی لە کۆمەڵگەکــەدا هەبوو، ووردتــر بڵێین ئەگــەر گرووپێکی ئاینی یــان ئیتنی گەورە لە کۆمەڵگەکەدا هەبوو ئەوا مەترســی ئــەوە هەیە کە پارتە سیاسییەکان ئەمە ئیستیغلال بکەن بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکاندا، چارەسەرەکە ئەوەیە زەمانەت لە دەستووری وڵاتەکــەدا دابنرێت بۆ پاراســتنی گرووپە کەمینەکان، یاخود ئەو میکانیزمانە لە دەســتووردا بچەســپێنرێن کە مافی ڤیتۆ دەدەن بەو گرووپانە، ئەمە لە حاڵەتی بەلژیکادا بەدی دەکرێت، هەروەها لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش کە لە سەرەتادا کۆششیان بۆ ئەوە کرد ویلایەتەکانی باشوور ئاوێتەی ئەو یەکە نەتەوەییە بن کە هەوڵی پێکهێنانی دەدرا.

***لە حاڵەتی بوونی هەستی نەتەوەییدا لە ناو هاووڵاتییاندا ئەوا رێژەی بەشداریکردنی هاووڵاتییان لە پرۆسە سیاسییەکەدا زیاتر دەبێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ رادەیەك بوونی ئەم هەستە هۆکارە بۆ سەقامگیری سیستەمە سیاسییەکە؟**

- ئەگــەر ئینتیماییەکی بەهێز هەبوو لە نــاو هاوڵاتیاندا بۆ کۆمەڵگەیەکــی سیاســی، بۆ نەتــەوە، ئەوا بــە دڵنیاییەوە بەشداریکردنییان لە پرۆسە سیاسییەکەدا زیاتر دەبێت و ئەمەش بە قازانجی دیموکراسی دەشکێتەوە. بە پێچەوانەشەوە نەبوونی ئەم هەســتە نەك هەر زیان بە دیموکراســی دەگەیەنێت بەڵکو مەترسییە بۆ سەر بوون و مانەوەی کۆمەڵگەکەش، بۆ نموونە، بڕوانە وڵاتی ســۆمال کە لەو وڵاتــدا یەك زمان و یەك ئایین هەیــە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئینتیما بــۆ نەتەوەیەکی یەکگرتوو نییە لە نێو ســەرکردەکاندا، ئەوا ناســەقامگیری و پشێوی و پاشاگەردانی باڵی بەسەر وڵاتەکەدا کێشاوە.

***سەبارەت بە تێکەڵکردنی ئایین و سیاسەت، ئێستا لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاســتدا ئایین تێکەڵ بە سیاسەت و دەسەڵات کراوە، ئەمەش بۆتەهۆی لاوازکردنی هەســتی نەتەوەی، ئایا تــا چ رادەیــەك جیاکردنەوەیان دەبێتەهــۆی زیادکردنی ئەم هەستە؟**

- مــن پێم وایــە تێکەڵکردنییان دەرئەنجامــی خراپی دەبێت لەســەر دروستبوونی هەســت و ئینتیما نەتەوەیی، ئەگەر لەو کۆمەڵگایانە بڕوانین کە فرەیی ئایینییان تێدایە و سەرکەوتنیان بەدەســت هێناوە، ئایین لە دەرەوەی سیاســەتدا هێشتۆتەوە، بۆ نموونە لە وڵاتی هیندســتاندا کە بــە لای کەمەوە بۆ ماوەی چل ساڵ تەمەنی ئەم وڵاتەدا، ئایین لە سیاسەت دوورخرایەوە، هەروەها خەڵکی هیندســتان باوەڕیــان وایە کە دەبێت ئایین لە سیاسەت جیابکرێتەوە، تەنانەت پارتە ئایینیەکانیش ناچاربوونە هەڵوێســتەکانییان میانڕەوتر بکەن بۆ ئەوەی سەرکەوتووبن لە هەڵبژاردنەکاندا. لەبەر ئەوە گرنگە حکومەت پشــتگیری لە هیچ ئایینێکی دیاری کراو نــەکات. هەروەها نابێت رێگە لە خەڵــك بگرێت لە پیادەکردنی ئاینێکــی دیاری کراودا، ئەمە دەبێتەهۆی سەقامگیرکردنی دیموکراسی ئەگەرچی دابەشبونی ئاینیش لە کۆمەڵگەکەدا بوونی هەبێت.

*** دوا وتەت چییە؟**

- ئەگەری ئەوەیە عێراق ببێتە وڵاتێکی دیموکراتی و سەقامگیر، لەبەر ئەوەی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژە یەکەیەکی سیاسی بوونی هەیــە ناوی عێراقە و خەڵکانێك هەن بە ناوی عێراقییەکان کە دەتوانن حوکمــی خۆیان بکەن و دەبێت حوکمی خۆیان بکەن و ئەگەر هاوکاری لە ناو یەکدا بکەن ســەرکەوتوو دەبن، ئەگەر بە پێچەوانەشــەوە رەفتار بکەن ئەوا رەنگە وڵاتەکەیان بوونی نەمێنێت.

●●●

**سەرمایەیەکی گەورە بۆ پەروەپێدانی کەرتی پەروەردە بخرێتەگەڕ بە چەشنێك ئەو هەستە دروست بکرێت کە خەڵکی بەرژەوەندییان لە سەرکەوتنی حکومەتدا هەیە**

●●●

●●●


**کار و ئەرکی پارتە سیاسییەکان بەهێزکردنی هەستی نەتەوەییە، پێویستە پارتە سیاسییەکان پارتگەلێکی نەتەوەیی بن و تەنیا خۆیان لە چوارچێوەی گرووپێکی ئاینی یان ئیتنیدا حەسرنەکەن**

●●●

**پرۆفیسۆر کاسرینا فێرلیبک ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی دالهاوس و پسپۆرە لە دیراساتی ئەوربی بە تایبەتی ئیتالیا، هەروەها پەرەپێدانی نیودەوڵەتی و چەندین کتێبی لەسەر تایبەتمەندییەکانی دیموکراتی نووسیوە لەوانە شەرعییەت و چەمکی دیموکراسی، وەرچەخانی دیموکراسی و وانەیەك بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی، هەروەها بە دەیان توێژینەوەشی لەم بوارە کردووە، سەبارەت بە چەمکی هەستی نیشتمانی یان هەستی نەتەوەیی و کاریگەری لە پرۆسەی بونیادنانەوەدا، خاتوو کاسرینا بەمجۆرە رای خۆی بۆ گولان دەربڕی.**

## کاسرینا فێرلیبک بۆ گوڵان:

# لای من هەستی نیشتمانی سەرمایەی کۆمەڵایەتییە و سەرمایەی کۆمەڵایەتیش فاکتەری سەرەکییە بۆ بونیادی کۆمەڵگایەکی سەقامگیر



***زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە دوای شەڕ توانیویانە لە بونیادنانەوە سەربکەون، هۆکاری سەرەکی ئەوە بووە، کە هاووڵاتییان خاوەنی هەستێکی بەرزی نیشتمانی وەك هاووڵاتییانی ژاپۆن و ئەڵمانیا، بەڵام بەدەیان وڵاتی دیکەش لە ئەفریقیا نەیانتوانی سەرکەوتوو بن، ئایا تا ئەو ئاستە هەستی نیشتمانی بایەخی هەیە؟**

- ڕەنگە کارێکی سوودبەخش بێت جیاوازییەك بکەین لە نێوان ئەوەی پێی دەوترێت "سەرمایەی کۆمەڵایەتی" و "نەتەوەخوازی_ناسیونالیزم_" بە مانای کلاسیکییەکەی. "سەرمایەی کۆمەڵایەتی" (هەروەها کە وەك "کۆمەڵگەی مەدەنی"ش ئاماژەی پێدەکرێت) بریتییە لەو پەیوەندی و رایەڵانەی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا هەیە، کە متمانە و ئامادەی بۆ قوربانیدان لە خۆدەگرێت کە بە هەمان شێوەیە دەبێت ئەم قوربانیدانە لە لایەنی ئەوانی دیکەشەوە بێت، بایەخدان بەوانی دیکە، چاوپۆشین و لێبوردەیی و هتد. دەبێت ئەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانە پتەوبکرێن و پەرەیان پێبدرێت، ئەگەر بمانەوێت پرۆسەی بنیاتنانی دەوڵەت سەرکەوتووبێت، کە ئەمەش تەنیا بە گرتنەبەری شێوازی "لەخوارەوە بۆ سەرەوە" بەرەوپێشدەچێت. گەورەترین گرفتی تیۆرزانەکانی بواری پەرەپێدان بریتییە لەوەی چۆن ئەو شتە بخولقێنین کە عەفەوی و سروشتی بێت. "نەتەوەخوازی_ناسیونالیزم_" بە مانای کلاسیکییەکەی بە شێوەی لە "سەرەوە بۆ خوارەوە"دروست دەکرێت یان دەچێنرێت، کە چیرۆکە دێرین و خەسڵەتە نەتەوەییەکان بەکاردەهێنرێن بۆ مەبەستی جیاکردنەوەی پانتایی نێوان "ئێمە" و "ئەوان"دا. ئێمە پێی دەوترێت ئەو" کۆمەڵگەیانەی لە خەیاڵدا بوونیان هەیە"، لەبەر ئەوەی خەسڵەتە نەتەوەییەکان پتر لە هزری هاووڵاتییاندا بوونی هەیە نەك لە واقیعی راستەقینەدا.

کێشەکە ئەوەیە، ئەو سەرمایە کۆمەڵایەتییەی کە پێویستە بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی سەقامگیر تەنیا لەسەر ئاستی مەحەلی بوونی هەیە، کە خەڵکی بە باشی یەکتری دەناسین، یان زۆرتر هاوشێوەی یەکن. دەوڵەتە گەورەکان ناتوانن پشت بەم هەستی لێکنزیکی و ئاشنابوونە ببەستن، لەبەر ئەوەی کارێکی سوودبەخشە کە جۆرێك لە هەستی یەکبوون و یەکگرتوویی لەسەرەوە بۆ خوارەوە بسەپێنرێت. کێشەکە گەورەتر دەبێت کاتێك دەبێت دەوڵەت گرووپە لێکجیاوازەکان ئاوێتەبکات، کە نەبوونی هەستی لێکنزیکبوونە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە سەقامگیرەکان لاواز دەکات.

کەواتە: دەبێت چی بکەین؟ ئەوە لە بەشێکیدا دەوەستێتە سەر ئەوەی دەمانەوێت چی بەدەست بهێنین. ئێوە باس لە یابان و ئەڵمانیا دەکەن، کە ئەم دوو وڵاتە دوو دەوڵەتی ئمپریالی بەهێزبوون، هەروەها هەردوولایان خاوەنی "چیرۆك گەلێك"ی نەتەوەیی زۆر بەهێز بوون. بەڵام ئەگەر لە ناسیۆنالیزمی ئەڵمانی بڕوانی، ئەوا زۆر بە وریاییەوە لە دوای داگیرکردنی ناپلیۆنەوە بۆ پرۆسیا، لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا دەست بە پەرەپێدانی کرا، هەروەها بە توندی پەیوەست کرا بە ئامانجە

سیاسییە سەربازییەکانەوە (کە بەلای کەمەوە بریتی بوو لەوەی لە لایەن فەرەنساوە داگیرنەکریت)، بەڵام زۆرێك لە دەوڵەتانی دیکە توانیان درێژە بە بوون و بەردەوامی خۆیان بدەن بێ ئەوەی هەستێکی روون و بەهێزی ناسیۆنالیستیان هەبێت. ئەگەر لەگەڵ کەنەدییەکاندا بدوێت ئەم راستییەت بۆ روون دەبێتەوە، من لێرەدا نموونەی کەنەدا دەهێنمەوە. کەنەدییەکان هەستێکی زۆر لاوازیان هەیە لە ئاست ئەوەی کەنەدی بوونی مانای چییە ( تەنیا ئەوەنەبێت بە دڵنیاییەوە بە مانای ئەوە دێت کە ئەمریکی نین، ئیتر ئەمە "هەرچییەك" لە خۆبگرێت). بەڵام چەندین، ئەگەر نەڵێین زۆرینەی کەنەدییەکان بایەخ بەوەنادەن بایەخ بە مەسەلەگەلێکی وەك ناسنامەی نەتەوەی نادەن_ئەوەندە بەسە بۆ ئەوان لە کۆمەڵگەیەکی ئارام، بۆرجوازی و چینی ناوەڕاستدا دەژین. ئەمەش سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، لە بەشێکیدا لەبەر ئەوەی کەنەدا هیچ خواست و نیازێکی ئیمپریالی نییە (ئەگەرچی ناکۆکییەکی دیبلۆماسی هەیە لەگەڵ دانیمارکدا لەسەر خاوەندارێتی دوورگەیەکی چۆڵ و بچوك لە جەمسەری باکووردا. بە شێوەیەکی نوکتەئامێز باس لەوەکراوە کە پێویستە پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی نێوان کەنەدا و دانیمارك بپچڕێنرێن، چونکە دەکرێت خاوەندارێتی ئەم دوورگەیە بە هۆی ئەنجامدانی یاریەکی "ئایس_هۆکی"وە یەکلابکرێتەوە لە نێوان ئەم دوو دەوڵەتەدا). مەسەلەکە ئەوەیە رەنگە مومکین بێت پەرە بە ناسنامەی نەتەوەی و شانازی نەتەوەی بدرێت بە شێوازێکی سیاسی/دەستووری و لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی ئاشتیخوازدا نەك بە هۆی بەرزکردنەوەی ئەو دروشمانەوە کە بۆنی دوژمنایەتیان لێدێت ("ئێمە شانازی دەکەین بەوەی بەشێکین لەم وڵاتە کە باوەڕێکی قووڵی هەیە بە سەروەری یاسا، کە باوەڕی بە بایەخدان بە تێکڕای هاوڵاتییەکانی هەیە، هتد.). رەنگە کارێکی چێژبەخش و سەرنجراکێش بێت، باس لە پاڵەوانێتییەکانی باو و باپیرانت بکەین لە گۆڕەپان و بەرەکانی شەڕ و بەرەنگاریدا. بەڵام ئەگەر دەبێت ناسنامەی نەتەوەی بخولقێنێت، بۆچی بەو شێوەیە هەوڵی خولقاندنی نادەیت کە خەسڵەتەکانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی پتەوتربکات؟

*** لە پرۆسەی بونیادی دیموکراسیشدا هەستی نەتەوەیی هۆکارێکی گرنگە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکە، هەر بۆنموونە ئەگەر هەستی نیشمانی بەرز نەبێت، ئەوا ئاژاوە جێگەی ئاشتی و سەقامگیری دەگرێتەوە، بێگومان کە ئاژاوەش هەبوو دیموکراتی بونیاد نانرێت، ئایا پەیوەندی نێوان دیموکراتی و ناسنامەی نیشتمانی چۆنە؟**

- ئەمە خاڵێکی باشە کە وروژاندتان، کە دەوەستێتەسەر جۆری ئەو ناسنامە نەتەوەییەی کە هەوڵی پەرەپێدانی دەدەین. فەیلەسوفی فەرەنسی رۆسۆ، دەقاودەق ئەو خاڵەی شیکردەوە کە ئێوە ئاماژەتان پێکرد: کە دیموکراسی لە کۆمەڵگەیەکدا سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت کە تێکڕای تاکەکان تەنیا بایەخ بە بەرژەوەندییەکانی خۆیان بدەن، هەروەها لەو کۆمەڵگەیانەی کە جیاوازیگەلێکی قووڵ هەیە لە نێوان ئەندامەکانیدا. هەروەها ئەوەی روون کردەوە کە دەبێت خەڵکی فێربکرێن کە پێویستە بیر لە بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەکەیان بکەنەوە، هەروەها دەبێت ئەو دامەزراوانە بنیات بنێین کە " دیموکراسی" بەو مانایە نەیەت لایەنی براوە دەتوانێت پێداوێستی و خەون و ئامانجەکانی کەمینە پێشێل و پشتگوێ بخات. ئەگەرچی لیبراڵەکان زۆر هاوڕانین لەگەڵ رۆسۆدا، بەڵام خاڵێکی گرنگی وروژاند کە دیموکراسی تەنیا جێبەجێکردنی خواست و ویستی زۆرینە نۆیە، بەڵکو موماڕەسەکردنی پێویستی بە کامڵبوون و بەرپرسارێتی هەیە. بۆ نمونە، فۆرمێکی " نابەرپرسیاری" ناسیۆنالیزم، کە نالێبوردەبێت لە ئاست کەمینە ناوخۆییەکاندا، یاخود لە ئاست دەوڵەتە دراوسێکاندا، هەرگیز نابێتە بناغە بۆ دیموکراسییەتێکی بەرپرس.

*** لاوازی هەستی نیشتمانی هۆکارێکە بۆ گۆێنەدان بە بەرژەندی گشتی، بایەخدان بە بەرژەوەندی تایبەتی ئایا ئەگەر هەڵمەتی هۆشیاری نیشتمانی دەستی پێبکرێت، تا چەند هۆشیاری نیشتمانی هۆکارێکە بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵی؟**

- لێکۆڵینەوەی کلاسیکی دەربارەی سەرمایەی کۆمەڵایەتی، کە لەلایەن رۆبەرت پوتنامەوە نووسراوە، ئەم خاڵە تاوتوێ دەکات. پوتنام لێکۆڵینەوەی لەسەر ئیتاڵیا کرد، هەروەها ئەوەی خستەڕوو کە هەر کاتێك پەیوەندییە بنەڕەتییە کۆمەڵایەتییەکان لاوازبن (باشووری ئیتاڵیا)، ئەوا ئاستی گەندەڵی زیاتر دەبێت، لە کاتێکدا بوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە بەهێزەکان (باکووری ئیتاڵیا)، بووە هۆی ئەوەی کەمتر چاوپۆشی لە گەندەڵی بکرێت. من دووبارە لێرەدا دەستەواژەی "سەرمایەی کۆمەڵایەتی" بەکاردەهێنم لەبەر ئەوەی ئەم خەسڵەتە تایبەتیانە بناغەی ئاوێتەبوونێکی کۆمەڵایەتی سەقامگیرن. کاتێك فۆرمێکی دوژمنکارانە و شۆفێنیانەی ناسیۆنالیزم بەکاردەهێنرێت، ئەوا دەکرێت ئامرازێك بۆ سەرقاڵکردنی هاووڵاتییانە لە کاتێکدا دەسەڵات خراپ بەکاردەهێنرێت. بوونی "هۆشیاریەکی نەتەوەی" یان هەستێکی نەتەوەی میانڕەو بەشێکە لە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە. بەڵام دەکرێت ئەمە بە ئاسانی بگۆڕێت بۆ بنەماگەلێکی نالێبوردە کە تەنیا دەبێتەهۆی ئەوەی سەرکردە بەهێزەکان دەسەڵاتەکانیان خراپ بەکاربهێنن (" ئەگەر گومان لە کولتووری نەتەوەی ئێمە دەکەیت، ئەوا تۆ تەنیا چەکێك دەدەیتە دەستی دوژمنەکانمان، کەواتە بێدەنگ بە و پشتگیری لە سەرکردە مەزنەکەمان بکەن.")

**رەنگە مومکین بێت پەرە بە ناسنامەی نەتەوەی و شانازی نەتەوەی بدرێت بە شێوازێکی سیاسی/ دەستووری و لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی ئاشتیخوازدا نەک بە هۆی بەرزکردنەوەی ئەو دروشمانەوە کە بۆنی دوژمنایەتیان لێدێت**

**دیموکراسی لە کۆمەڵگەیەکدا سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت کە تێکڕای تاکەکان تەنیا بایەخ بە بەرژەوەندییەکانی خۆیان بدەن**


***دەوڵەت واتە ئینتمای نیشـــتمانی لای هاووڵاتییان، کە هاووڵاتییان هەستی نیشتمانیان بەرز بێت ئاستی بەشداری سیاســـیش بەرز دەبێت، ئایا تاچەند هەســـتی نیشـــتمانی کاریگەری لەســـەر بەشـــداری سیاســـیی هاووڵاتییان و سەقامگیری دەوڵەت هەیە،؟**

- دەبێت پارتە سیاســـییەکان لەو راستییە تێبگەن کە ئەوان لە کۆتاییدا نەك تەنیا نوێنەری ئەو کەســـانەن کە دەنگیان پێداون، بەڵکو نوێنەری تێکڕای وڵاتەکەن. بەڵام دەبێت دان بەوەدا بنێم کە ئەمە لە واقیعدا کارێکی قورســـە_تەنانەت بەلجیـــکا کە وڵاتێکـــی بچوك و ئارامە لە ســـەر لێواری قەیرانێکی دەستوورییە لەبەر ئەوەی فەرەنسی و فلێمیشەکان دووچـــاری زەحمەتی بوونە لە دۆزینـــەوەی زەمینەیەك بۆ بەرژەوەندییە هاوبەشـــەکانیان. هەروەها ژیانی سیاســـەتی لە کەنـــەدا دووچاری دژواری بۆتـــەوە لەبەر ئەوەی پارتە سیاســـییەکان پتر خۆیان پەیوەست دەکەنەوە بە بەرژەوەندییە ناوچەییەکانەوە. وەڵامی کلاسیکی زانستی سیاسەت ئەوەیە یان دەبێت چەند پارتێکی سیاســـی گەورەمان هەبێت، هەر یەکەیان هەوڵی بەدەستهێنانی گەورەترین رێژەی دەنگدەران بدات، بەمەش توندڕەوەکان گۆشـــەگیربکەن، یاخود چەند پارتێکمان هەبێت لە بەرژەوەندییە گۆڕاوەکان پێکهاتبن، بەو پێیە هیچ پارتێکیان ناتوانێت باڵادەست بێت.

زۆرێك لە نیشـــتمانپەروەرترین خەڵکی وڵاتەکە خەڵکانێکی خەمســـاردن ("بۆچی دەنگ بدەم؟ من لە هەمو کارەکانی حکومـــەت رازیم")، لـــە کاتێکدا زۆرێك لـــەو خەڵکانەی بەشـــداری ژیانی سیاسی دەکەن هەســـت دەکەن لە لایەن خەڵکـــەوە پەراوێزکـــراون (" ئەگەر ئێمـــە کارێك نەکەین، ئەوا هەمیشـــە مامەڵەی خراپمان لەگەڵدا دەکرێت"). من باوەڕم وایە کە مەســـەلەی ئاسایش گرنگترە لە مەسەلەی هەســـتکردن بە کولتـــووری نەتەوەی، هیچ کەســـێك لەم پرۆســـەیەدا بەشدارنابێت ئەگەر هەســـت بکات دووچاری مەترســـی دەبێتەوە. بوونی ئازادی رادەربڕین بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە گرنگە. بەڵام تەنیا ئەو کاتە بەشـــداری دەکەن کە هەست بکەن بەشداری کردنەکەیان جیاوازی دەخولقێنێت. لـــەم رووەوە یاســـا و دامەزراوەکان لە پەرەپێدانی هەســـتی نەتەوەی گرنگترە.

*** لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئایین و دەوڵەت، ئایین وسیاسەت تیکەڵ کراون، ئایا تاچەند ئەم تێکەڵاوکردنە هۆکارێکە بۆ لاوازی هەستی نیشـــتمانی و تاچەند جیاکردنەوەیان دەبێتە هۆکاری بەرزبونەوەی ئاستی نیشتمانی ؟**

- بەڵێ، ئیســـلام زۆر جیاوازە لـــە لیبراڵیزمی رۆژئاوایی لە مەســـەلەی جیاکردنەوەی نێوان "دەســـەڵاتی دەوڵەت" و "دەسەڵاتی ئایینی". لە رابردووشدا لە ئەوروپا جیاوازییەکی راســـتەقینە نەبوو لە نێـــوان ئەم دوو دەســـەڵاتەدا تاوەکو سەدەی شـــانزە، بەڵام لە کۆتاییدا بە هۆی پەرتەوازەبوونی مەسیحییەتەوە ئەم جیاکردنەوەیە دروست بوو. کە خوێنێکی زۆریش لەم پرۆســـەیەدا رژا. رەنگە بتوانین پرسیاری ئەوە بکەین ئایا دابەشـــبوونی ئیســـلام بە مانـــای ئەوەدێت کە توندوتیژی سیاسی بەردەوام دەبێت تا ئەو کاتەی حکومەت خۆی بە "بێلایـــەن" دابنێت لە نێوان لایەنـــە ناکۆکەکاندا. (ئەمـــە مانای ئەوەنییە کە بوونی پەیوەندییەکی رەســـمی لە نێوان دەوڵـــەت و ئایندا بـــەردەوام نابێت_ئایا پێدەچێت " هەرگیز" کەســـێکی بێباوەڕ دەســـەڵات بگرێتەدەست لە کۆشکی ســـپی لە واشنتۆن؟ ئەمەریکییەکان ئایین زۆر بە جیددی وەردەگرن!)




**بوونی "هۆشیاریەکی نەتەوەیی" یان هەستێکی نەتەوەیی میانڕەو بەشێکە لە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە. بەڵام دەکرێت ئەمە بە ئاسانی بگۆڕێت بۆ بنەماگەلێکی نالێبوردە کە تەنیا دەبێتەهۆی ئەوەی سەرکردە بەهێزەکان دەسەڵاتەکانیان خراپ بەکاربهێنن**

**پرۆفیسـۆر مایکل میتچل ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی ئەریزۆنا و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر پرۆسەی بوونیادنەوەی دەوڵەت لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، وەك ئەمەریکای لاتینی، ئەورووپای رۆژهەڵات و ئەفریقییا، بێگومان هۆکار و فاکتەرەکان بۆ بوونیادنانەوەی دەوڵەت و نەتەوە زۆرن، لە ناویاندا ناسـنامەی نیشـتمانی یەکێك لە فاکتەرەگرنگەکانییەتی و لەوانەیە بۆ ئەمڕۆی عێراق ئەم فاکتەرە بە فاکتەری سەرەکی لەقەڵەم بدرێت، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گرنگە پەیوەندییمان بە پرۆفیسۆر مایکل کرد و بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

## مایکل میتچل بۆ گوڵان:

# لە عێراقدا ناسنامەی نیشتمانی نییە بۆیە دیموکراسیەتی تەوافقی پیادەدەکرێت



**• لە وڵاتێکدا ناسنامەی نیشتمانی نەبێت بۆ نموونە عێراق، ئایا رێگە چارە بۆنیادنانەوەی دەوڵەت و دیموکراتی چین ؟**

- چەند تیورێك هەیە بۆ چۆنییەتی بنیاتانی دیموکراسی، یەکێك لەو تیورانەی کە رەنگە پتر پەیوەسـت بێت بە عێراقەوە، لەلایەن زانایەکی زانستی سیاسەتەوە سی ساڵ پێش ئێستا دارِژێراوە، بە ناوە "رۆستاو"، ئـەم زانایە پێی وایە لە وڵاتێکدا کە گرووپە جیاوازەکانی ئەو وڵاتە لە شەڕ و ناکۆکی بەردەوامدابن دەگەنە ئەو خاڵەی کە شەکەت بن و بگەنە قەناعەت کە درێژەپێدانی شەڕ و ناکۆکییەکە بە مانای خۆتێکشکاندن دێت و دیموکراسـی بەدیلێکی باشـترە لە درێژەپێدانی ناکۆکییەکە و دەبێت بگەنە جۆرە سازشـێك لەگەڵ یەکدا، بۆ نموونە حاڵی حازر لە عێراقدا سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی ئەو وڵاتە، هەوڵی ئەوەدەدەن بگەنە جۆرێك لە رێککەوتن بۆ بنیاتنانی دامەزراوە دیموکراسییەکان.

**• مەبەست لە نەبوونی ناسـنامەی نیشتمانی تەنها بوونی نەتەوەی جیاواز نییـە لە چوارچێـوەی دەوڵەتێکدا، بەڵکو مەبەسـت ئەوەیە نەتەوەکان وڵاتەکە بە ناسنامەی خۆیان نازانن، ئەمە جیاوازە لە وڵاتیك فرە نەتەوە بێت و هەموو نەتەوەکان ناسـنامەی ئەو وڵاتە بەهی خۆیان بزانن، ئایا کاریگەر سلبییەکانی ئەم حاڵەتە چین؟**

- چەند رێگایـەك هەیە بۆ ئەو وڵاتانەی کە ناسـنامەی نەتەوەی جیاوازییان تێدایە و هەوڵی بنیاتنانی حکومەتێکی مەرکەزی یەکگرتوو دەدەن، یەکێك لەو رێگایانە بریتییە لە دیموکراسییەتی تەوافوقی، کە تێیدا پۆسـتە سـەرەکییەکانی حکومەت لە نێو گرووپەکاندا دابەش دەکرێت، بۆ نموونە لە هۆڵەندا لە سـەرەتای سـەدەی بیسـتدا ئەم حاڵەتەمان بەدی کرد، کاتێك ناکۆکییەکی دژوار و سـەخت لە نێوان کاسۆلیکی و پرۆتسـتانتەکاندا هەبوو، بڕیاریاندا پۆستە گشتییەکان لە نێوانیاندا دابەش بکەن، بە چەشنێك پرۆتستانتەکان لە سەدا ٦٠ی پۆسـتەکانییان پێدرا و کاسـۆلیکەکان لە سـەدا ٤٠. لە عێراقیشدا هەوڵـدراوە ئەم مۆدێلـە پیادە بکرێت، بۆ نمونە سـەرۆك کۆمار لە کوردەکانە، سەرۆك وەزیرانە سەر بە شیعەکانە و سەرۆکی پەرلەمانیش دراوە بە سوننەکان. واتە لە عێراقدا هەوڵی بنیاتنانی ئەم دیموکراسییە دەدرێت ئەگەرچی هەسـتێکی ناوچـەی و ئاینی بەهێز هەیە لە نێو خەڵکی عێراقدا.

***لە پرۆسـەی بونیادی دیموکراسیشدا هەستی نەتەوەیی هۆکارێکی گرنگە بۆ سـەرکەوتنی پرۆسـەکە، هەر بۆنموونە ئەگەر هەسـتی نیشـمانی بەرز نەبێت، ئەوا ئاژاوە جێگەی ئاشـتی و سەقامگیری دەگرێتەوە، بێگومان کە ئاژاوەش هەبوو دیموکراتی بونیاد نانرێت، ئایا پەیوەندی نێوان دیموکراتی و ناسنامەی نیشتمانی چۆنە؟**

- لە هەندێ رووەوە پێویسـت بە بنیاتنان و بەهێزکردنی ناسـنامەی نەتـەوەی دەکات، بەڵام رەنگە لە هەمان کاتدا گروپە ئاینی و ئیتنیە جیاوازەکانیش ناسنامەی تایبەت بە خۆیان هەبێت، کە دەکرێت ئەوانیش بەشداری بکەن لە پرۆسەی بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوەییدا، ئەگەر ئەو تێڕوانین و قەناعەتەیان لادروست بوو کە دامەزراوە دیموکراسیەکان دامەزراوەگەلێکی نەتەوەیین و لەبەرژەوەندی ئەواندا دامەزراون.

*** تا چەند هۆشیاری نیشتمانی هۆکارێکە بۆ بەهێزکردنی سیستەمی دامەزراوەیی و بوونیادی حکومەتێکی بەهێز ؟**

- لە راستیدا ئەوەی دەبێتەهۆی گەشەکردنی دامەزراوە دەستوریەکان پابەندبوونی تێکڕای گرووپەکانە بەم دامەزراوانەوە و لەبەرچاوگرتنی ئەو راستییەیە کە بەدیلی دیموکراسی دیکتاتۆرێکی بە زەبروزەنگە و کەسیش خوازیاری گەڕانەوەی دیکتاتۆرێکی لەم چەشنەی نییە.

*** لـە وڵاتانی دوای شـەر و لە دەسـتپێکی دیموکراتیدا کە پارتە سیاسییەکان دەکەونە ململانێی دیموکراتی، ئینتمای حزبی دەکەوێتە پێش ئینتمای نیشـتمانی، ئایـا مەترسـییەکانی بوونی ئینتمای نیشتمانی بە ئینتمای حزبی چییە ؟**

- ئەوەی ئێوە دەیڵێن تەواو راسـت و دروسـتە، بەڵام گرنگە ئەوەیە پارتە سیاسـییەکان تەنیا پەیوەسـت نەبن بە ناوچەیەك یان ئاینێکی دیاری کراوەوە.

*** ئەی سـەبارەت بە تیکـەڵاو کردنی ئایین و سیاسـەت کە بۆتە مۆرکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئایا ئەم تیکەڵاوکردنە مەترسییەکەی لە چیدایە؟**

- ئەوە کێشەیەکی زۆر سەختە کە دەبێت زۆربەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت پێیدا تێپەڕن، بەڵام من وەك کەسێکی دەرەکی تەنیا دەتوانم ئومێدی ئەوە بخوازم کە پارتەکان دابەشـبوونە ئایینیەکان تێپەڕێن و تێکڕای گرووپەکان لە خۆبگرن، لەبەر ئەوەی دیموکراسـی لەسـەر بنەمای زۆرینە بنیاتنراوە، و دەبێت پارتەکان هەوڵی بەدەسـتهێنانی زۆرترین دەنگ بدەن بۆ ئەوەی لە پێگەیەکی باشتر و بەهێزتردابن، کە من پێم وانییە بـە خۆگرێدانەوەیان بە گرووپێکی ئاینی یان ئیتنییەوە بتوانن ئەم دەرئەنجامە بەدەست بهێنن.

**لە وڵاتێکدا کە گرووپە جیاوازەکانی ئەو وڵاتە لە شەڕ و ناکۆکی بەردەوامدابن دەگەنە ئەو خاڵەی کە شەکەت بن و بگەنە قەناعەت کە درێژەپێدانی شەڕ و ناکۆکییەکە بە مانای خۆتێکشکاندن دێت و دیموکراسی بەدیلێکی باشترە لە درێژەپێدانی ناکۆکییەکە**

**د.پریتیس فلاوەرز ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی هاوای ئەتمۆنا وپسپۆرو تایبەتمەندە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و تۆژەرە لە سەنتەری UHM بۆ دیراساتی ژاپۆنی، لەم بوارەشدا و لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی ژاپۆن کتێبیکی نووسیووە (Shaping State Identity: International Law and Whaling in Japan) و ماوەیەکیش لە زانکۆکانی ژاپۆن وانەی وتۆتەوە، سەبارەت بە کاریگەری هەستی نەتەوەیی و ئینتمایی نیشتمانی وەك فاکتەریك بۆ بونیادی دیموکراسی و بونیادنانەوەی نەتەوە پەیوەندیمان بە خاتوو پریتیس کردو بەرێزی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

پریتیس فلاوەرز بۆ گوڵان:

# ئینتمای نەتەوەیی ئەو کاتە رۆڵی خۆی دەبینێت کە هەستی هاوبەش لای هاوولاتییان دروست بکات و ببێتە ئایندەیەکی هاوبەش



*** ئایا چۆن دەتوانین هەستی نیشتمانی بە ئاستێك بەرزبکەینەوە کە پرۆسەی بونیادنەوەی دەوڵەت سەرکەوتوو بێت؟**

- ئەوە پرسیارێکی قورسە، هەست و ئینتیمای نەتەوەیی ئەندامانی کۆمەڵگە پێکەوە گرێدەدات و زۆرجار لە ئەزموون و مێژووی هاوبەشەوە سەرچاوە دەگرێت، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا دەبێت ئەم ناسنامەیە دروست بکرێت، بخوڵقێنرێت، لە رابردودا ئامرازگەلێکی دیاریکراو بەکاردەهێنران بۆ ئەم مەبەستە، بۆ نموونە زمان بەکاردەهێنرا بۆ پێکهێنانی ناسنامەیەکی نەتەوەی، بەلام دەکرێت لەم رۆژگارەدا ئامرِاز و هۆکاری دیکەش بەکاربهێنین، بۆ ئەوەی خەڵکی هەست بکەن ئایندەیەکی هاوبەشیان هەیە.

*** زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە دوای شەڕ توانیویانە لە بونیادنانەوە سەربکەون، هۆکاری سەرەکی ئەوە بووە، کە هاوولاتییان خاوەنی هەستێکی بەرزی نیشتمانی وەك هاوولاتییانی ژاپۆن و ئەڵمانیا، بەڵام بەدەیان وڵاتی دیکەش لە ئەفریقیا نەیانتوانی سەرکەوتوو بن، ئایا تا ئەو ئاستە هەستی نیشتمانی بایەخی هەیە؟**

- کاتێك باس لە ئینتیما و ناسنامەی نەتەوەیی دەکەین، مەبەستمان ئەوەیە خەڵکی هەست دەکەن کۆمەڵە ئامانجێکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە و ئایندە و چارەنووسێکی هاوبەشیشیان هەیە، پێموایە ئەم خاڵە بنەڕەتییە و گرنگەکەیە، واتە خەڵکی هەست بکەن سەرکەوتن و خۆشگوزەرانیان پێکەوە گرێدراوە.

*** ئەگەر هەستی نیشمانی بەرز نەبێت، ئەوا ئاژاوە جێگەی ئاشتی و سەقامگیری دەگریتەوە، بێگومان کە ئاژاوەش هەبوو دیموکراتی بونیاد نانرێت، ئایا پەیوەندی نێوان دیموکراتی و ناسنامەی نیشتمانی چۆنە؟**

- ئەمە پرسیارێکی قورس و ئاڵۆزە، ئەوە دەوەستێتە سەر تێگەیشتنی خەڵك و پەرۆشی و خواستیان بۆ دیموکراسی، ئەگەر خەڵکی خواستی هێنانەدی دیموکراسی و هەنگاونانیان هەبێت بەم ئاراستەیەدا، ئەوا دەبێت لەو راستییە تێبگەن کە دەبێت سەرەتا ئاسایش و سەقامگیری بچەسپێنرێن، هەروەها دەبێت وەك گروپێکی نەتەوەی لەسەر ئەوە رێکبکەون کە دیموکراسی چی لە خۆدەگرێت. بۆ ئەوەی بگەنە ئیجماعێکی نەتەوەیی لەسەر ئەم مەسەلەیە و هەنگاو بەرەو هێنانەدی ئەم سیستەمە بنێن، کە دەکرێت لەم رووەوە سوود لە لایەنەکانی مێژوی هاوبەش وەربگرن، ئەو کاتە خەڵکی متمانەیان بۆ دروست دەبێت کە ئەو سیستەمەی بنیاتیان ناوە دەگونجێت لەگەڵ ئەو تێڕوانینە کە لەسەر خۆیان هەیانە وەك گروپێکی نەتەوەیی، واتە پەیوەندی نێوان دیموکراسی و ناسنامەی نەتەوەی ئەوەیە ئەگەر خەڵکی ئینتیمای نەتەوەییان هەبێت، ئەوا دەگەڕێنەوە بۆ رابردووی خۆیان و سوود لەو لایەنانە لە مێژووی هاوبەشیان وەردەگرن کە یارمەتی دەریان دەبێت لە بنیاتنانی سیستەمی دیموکراسی.

*** لەسەر ئاستی ئابووریش لاوازی هەستی نیشتمانی هۆکارێکە بۆ گۆێنەدان بە بەرژەوەندی گشتی، بایەخدان بە بەرژەوەندی تایبەتی ئایا ئەگەر هەڵمەتی هۆشیاری نیشتمانی دەستی پێبکرێت، تا چەند هۆشیاری نیشتمانی هۆکارێکە بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵی؟**

- لە راستیدا مەسەلەکە بەو شێوەیە نییە کە ئایا چارەسەرکردنی کێشەی گەندەڵی دەکەوێتە پێش پرۆسەی بنیاتنانی دیموکراسییەوە یان نا. هەروەها مەسەلەی بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی پرۆسەیە، بۆ نموونە رەنگە لە کاتێکی دیاری کراودا زیادکردنی بەرپرسیارێتی لایەنێکی گرنگ بێت لەم پرۆسەیەدا، واتە ئایا بەرپرسە حکومییەکان لەبەردەم کێدا بەرپرسیارن، ئەوە زانراوە کە لە دیموکراسیدا ئەم کاربەدەستانە لەبەردەم خەڵکی و هاووڵاتییاندا بەرپرسیارن، بنیاتنان و چەسپاندنی دیموکراسی پرۆسەیەکی دوورودرێژە، هەر کاتێك توانیمان بناغەیەکی پتەو بۆ دیموکراسی دابڕێژین، ئەوا دەتوانین مەسەلەی بەرپرسیارێتی کاربەدەستەکان کارا بکەین، ئەوە دەستنیشان بکەین کە خواست و پێشبینییەکانی هاووڵاتییان چین، ئەو کاتە دەتوانین رووبەرووی کێشەکانی وەك کێشەی گەندەڵی ببینەوە.

*** لە زۆر وڵاتی تازە پێگەیشتوو ئینتمای حزبی دەکەوێتە پێش ئینتمای نیشتمانی، ئایا مەترسییەکانی بوونی ئینتمای نیشتمانی بە ئینتمای حزبی چییە ؟**

- بەشێك لە کێشەکە ئەوەیە کاتێك هاووڵاتییان متمانەیان بە پارتە سیاسییەکان زیاترێت وەك لە حکومەت، ئەو کاتە ئینتیما و وەلائیان بۆ پارتە سیاسییەکان لە دڵسۆزیان بۆ قەوارە سیاسییەکە، بۆ حکومەت زیاتر دەبێت، بوونی پارتە سیاسییەکان گرنگییەکی بنەڕەتی هەیە بۆ ئەوەی حکومەت بتوانێت بە شێوەیەکی کاراتر ئەرکەکانی ئەدابکات، بەڵام گرفتەکە ئەو کاتە دروست دەبێت کە پارتێکی سیاسی بەهێز و حکومەتێکی لاوازمان هەبێت، لەم حاڵەتەدا پتر بایەخ بە بەرژەوەندییەکانی ئەو پارتە یان بەرژەوەندییە بەرتەسکەکان دەدرێت، نەك بە بەرژەوەندییە گشتییەکان. لێرەدا گرنگە ئەو میکانیزمانە دابنرێن کە دەبنەهۆی ئەوەی حکومەت بە شێوەیەکی کارا کارەکانی هەڵسوڕێنێت، بە چاوپۆشین لەوەی چ پارتێکی سیاسی لە دەسەڵاتدایە، واتە راستە پارتە سیاسییەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە بەرنامەکانیان باشتر خزمەت بە هاووڵاتییان دەکەن و بەرژەوەندییەکانیان دەهێننەدی، بەڵام دەبێت تێڕوانینەکە ئەوەبێت کە حکومەت ئەم ئامانجانە دەهێنێتەدی. واتە کارای و سەرکەوتنی حکومەت پشت بە پارتە سیاسییەکان نابەستێت. بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٩٣دا پارتی لیبراڵ دیموکراتی کە زۆرینە بوو و بە درێژای رۆژگاری دوای شەڕ لە دەسەڵاتدا بوو بۆ ماوەی ٤٠ ساڵ، لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنی بەدەست نەهێنایەوە، ئەو هاوپەیمانێتییەی پێکهات خۆیان لە دۆخێکی دژواردا بینیەوە، لەبەر ئەوەی حزبی حوکمرانی پێشوو چەندین میکانیزمی روونی خستبووە گەڕ بۆ دارشتنی سیاسەت و پەرەپێدانی دەزگای بیرۆکراسی وڵاتەکە، بەڵام ئەوان نەیانتوانی بە رەوتێکی خێرا ئەو میکانیزمانە گەڵاڵەبکەن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەزگای بیرۆکراسیدا، مەبەستم ئەوەیە نابێت ئەو میکانیزمانە پەیوەست بن بە پارتێکی دیاری کراوەوە، بەڵکو دەبێت گرێدراوی حکومەت بن، بە چاوپۆشین لەوەی چ پارتێك زۆرینە بەدەست دەهێنێت.

*** دەوڵەت واتە ئینتمای نیشتمانی لای هاووڵاتییان، کە هاووڵاتییان هەستی نیشتمانیان بەرز بێت ئاستی بەشداری سیاسیش بەرز دەبێت، ئایا تاچەند هەستی نیشتمانی کاریگەری لەسەر بەشداری سیاسیی هاووڵاتییان و سەقامگیری دەوڵەت هەیە؟**

- ناسنامەی نەتەوەیی ئەو کاتە رۆڵی خۆی دەبینێت کە هەستی هاوبەش لای هاووڵاتییان دروست بکات و بیکاتە بە ئایندەیەکی هاوبەش، هەروەها لەو کۆمەڵگەیانەی کە فرەیی ئیتنی و ئاینیان تێدایە، گرنگە ئاینێکی دیاری کراو، یاخود ئیتنێکی دیاری کراو نەکەینە بناغە و ریشەی دروستکردنی ئەم ناسنامایە، بەڵکو پتر جەخت لەسەر ئەو بەهایانە بکەینەوە کە لە نێو تێکڕای گرووپەکانی وڵاتەکەدا هاوبەشن. لێرەدا پەرەپێدانی بەرپرسیارێتی گرنگییەکی سەرەکی هەیە، واتە بۆ ئەوەی حکومەتی بە باشی کاربکات، بۆ ئەوەی دیموکراسی بە باشی کاربکات، پێویست بە بەشداریکردن و رۆڵبینینی هاووڵاتییان دەکات، بەڵام ئەگەر ئەو هەستە لای هاووڵاتییان دروست بوو کە بەشداری کردنی ئەوان کاریگەرییەکی گرنگی نابێت، ئەوا ئەمە دەبێتە کۆسپ و ئاستەنگە لە بەردەم چەسپاندن و پتەوکردنی بنەما و بناغە دیموکراتییەکاندا.

*** ئایا تاچەند تێکەڵاوکردنی ئایین و سیاسەت هۆکارێکە بۆ لاوازی هەستی نیشتمانی و تاچەند جیاکردنەویان دەبێتە هۆکاری بەرزبوونەوەی ئاستی نیشتمانی؟**

- زۆرجار جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت یارمەتیدەر دەبێت لە پرۆسەی دروستکردنی ناسنامەی نەتەوەییدا، ئەگەر ئەو ناسنامەیە لەسەر بنەمای بەها مەدەنییەکان بنیات نرابێت، ئەوەی خەڵکی پێکەوە پەیوەست دەکات بەها هاوبەشەکانە و زۆرجار ئەم بەهایانەش لە خەلفییەتێکی ئایینیەوە دێن، رەنگە لێرەدا پەیوەندییەك لە نێوان ئایین و سیاسەتدا دروست بێت، بەڵام دەبێت زۆر وریابین لەم رووەوە کە ئەمە نەبێتەهۆی پەراوێزکردنی ئایینەکانی دیکە، واتە ئەمە نەبێتەهۆی سەپاندنی ئاینێکی دیاری کراو بەسەر هاووڵاتییاندا، بەڵکو ئەو بەها ئایینیانە بەشێوەیەکە بەکاربهێنرێن کە ببنەهۆی بەهێزکردنی حکومەت، دیموکراسی و ئینتیما نەتەوەییەکە.

*** دوا وتەت بۆ ئێمە چییە؟**

- من ئەوەندە دڵێم ئەوانەی ئاماژەمان پێکردن پرۆسەن و کاتێکی زۆر دەخایەنن، سروشتی پرۆسەش ئەوەیە هەندێ جار پاشەکشەی تێدایە، هەروەها کۆمەڵگەکان دەتوانن رێگای جیاواز بگرنەبەر بۆ بنیاتنانی دیموکراسی، بە هەمان شێوە فۆرمی جیاوازی دیموکراسیش لە ئارادایە بەڵام گرنگە ئەوەیە لە چوارچێوەیەکدا بن کە رێز لە کولتوور و ئایینەکانی کۆمەڵگە بگرن، ئەمە شتێکی مومکینە.

**ئەگەر خەڵکی خواستی هێنانەدی دیموکراسی و هەنگاونانیان هەبێت بەم ئاراستەیەدا، ئەوا دەبێت لەو راستییە تێبگەن کە دەبێت سەرەتا ئاسایش و سەقامگیری بچەسپێنرێن، هەروەها دەبێت وەک گروپێکی نەتەوەیی لەسەر ئەوە رێکبکەون کە دیموکراسی چی لە خۆدەگرێت. بۆ ئەوەی بگەنە ئێجماعێکی نەتەوەیی لەسەر ئەم مەسەلەیە و هەنگاو بەرەو هێنانەدی ئەم سیستەمە بنێن**

**ناسنامەی نەتەوەیی ئەو کاتە رۆڵی خۆی دەبینێت کە هەستی هاوبەش لای هاووڵاتییان دروست بکات و بیکات بە ئایندەیەکی هاوبەش**




# ئابووری کوردستان لەناو توونێلی داخراوی ناوەند

**ڕێژەی بێکاری لەهەرێمی کوردستان بۆ٦٪ دابەزی، لە کاتێکدا لە خوارووی عێراق ١١٪و لە ناوەڕاست ٨و٢ ٪**




**بودجەی عێراق بە شێوەیەکی نایاسایی و نادەستوری خەرج دەکرێت، بە ئاشکراش دزەپێکردنی نەوت هەیە و داهاتەکەی دیار نییە**

دەربازبوونی کوردستان لە پاشکەوتەیی ئابووری حکومەتی ناوەندی لە بەغدا، بە ئامانجی ئابووریناسـان و حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی هەرێـم دادەنرێت، بەڵام تاکو ئەمڕۆ پەیڕەوکردنی لامەرکەزی ئابووری کـە لەگەڵ پێکهاتـەی ئابووری و بگرە رۆشـنبیری و کۆمەڵایەتی عێـراق دەگونجێت هەنگاوی جیددی بۆ نەنـراوە، بۆیە دەربازبوون لەو پاشکەوتەیی یە زۆر بەلاوازی و سنووردار دەڕوات بەڕێوەو لەچوارچێوەی داخراوی خواسـت و ئومێدەکان تێنەبەڕیوە، بەڕادەیەك بودجەو داهاتی هەرێم و زۆر کەرەستەو سوتەمەنی و بەنزین و کارەباو کەلوپەلی خۆراکی لـە ژێر کۆنترۆڵی ناوەندی بەغدا ماوەتەوە، ئـەو ناوەندەی بەدرێژایی مێژوو تاکو ئەمرۆش بەدەسـت کێشـە ئیتەنی و سیاسییەکان گیری خواردووە و، کاریگەری بەسـەر هەموو بڕیارو بەرنامەیەکی ئابوورییەوە هەبووە، لەلایەکی ترەوە لە دەستوورو یاساکانیش دەیان ئاستەنك دانراوە بۆ مۆرکردنی ڕێکەوتنامـەی بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی بیانی، وەکو ئاسـتەنگەکانی بـەردەم دەرهێنان و ناردنی نەوت وگازو گرێبەسـتە بازرگانییەکانی تر کە لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەرو بیانی مۆردەکرێت .

بەمشێوەیە کاتێك سەیری دەستووری عێراقی فیدراڵ دەکرێت، دەبینرێت دەسـەڵات و ئازادییەکانـی کەمە، لەگەڵ ئەمەشـدا لـە کاروباری پەیڕەوکردنی بڕگە یاسـاییەکانی ناو دەسـتور دەستێوەردانی سیاسیش هەیە، بۆ نموونە دەسەڵاتەکانی ناوەندی دەیەوێت لە هەموو دەسەڵاتەکان تایبەتمەندی هەبێت و لە ژێر دەست و جێبەجێکردنی خۆیدا بێت، تەنانەت جگە لەم دەسـەڵاتانە ناوەند دەیەوێت هەندێك لـە تایبەتمەندییەکانی هەرێمی کوردستانیش بۆخۆی کۆنترۆڵ بکات، حکومەتەکەی مالیکی بـە پێچەوانەی ئەو مەقوولەیە دەچوڵێتەوە کـە ((تا ماف و وەزیفەی هەرێمەکان زیاتر بن، ناوەند بە هێزتر دەبێت )) .

هەست کردن بە گرینگیدانی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی ئابووری و پشت بەسـتن بە توانا ناوخۆییەکانی هەرێم، جگە لە مەبەستە ئابوورییەکەی بۆ ئـەو واقیعە سیاسـییە دەگەڕێتەوە کە عێـراق و حکومەتەکانی ناوچەکە تێـی کەوتوون، کە ئابووری لە خزمەت مەرامە سیاسـی و ئیتەنی و حزبییەکان دایە، تاکو ئەمڕۆ ئابووری لە ناوەندەکانی (بەغداو ئەنقەرەو تەهران و دیمەشـق )کراوەتە قوربانی بۆ سیاسەتێکی داخراوی چەقبەسـتوو کە عەقڵییەتە شۆفێنی و میلیتارییەکان دایدەڕێژن و، لە دژی بوونی نەتەوەی کوردو پێگەیشتنی ئابوورییەکەی پەیڕەوی دەکەن، بەبەردەوامیش دەسـەڵاتەکانی مالیکی وەزیران و خەرجییە سەربازی و ئەمنییەکان رووی لە زیادبوون کردووە، ئەمەش لەسەر حسابی خەرجی یە مەدەنییەکان، ئەوەتا پێکهێنان و بەڕێوەبردنی ئەنجومەنەکانی سەحوەو ئیسـناد بە ملیۆنەها دۆلاری بەفیڕۆ داوە، لە پڕ چەککردنی سوپای عێراق کە هەندێك سـەرچاوە بە تێچوونی دەیان ملیۆن دۆلار مەزەندەی دەکـەن، بۆ نموونە تەنیا لە یەك سـەفقەی کڕینی چەکی ئەمەریکی ١٠ ملیـار و ٧٠٠ ملیۆن دۆلار تێچوونی بـووە، ئەمانە هەمووی لە چوارچێوەی ئەو دەسـەڵاتە خەرجکردنە زۆرەیە کە دەسـتووری عێراق بەسـەرۆك وەزیرانـی داوە، ئەمە جگە لە کێشـەکانی مادەی ١٤٠ و بەشـی١٧٪ی بودجەی هەرێم و گرێبەستە نەوتییەکان و هاتنی سوپا بۆ ناوچە دابڕاوەکانی کوردسـتان و بودجەی هێزی پێشـمەرگەوە، کە هەموو ئەو خاڵانە وایکردووە دەربازبوون لە پاشکەوتەیی بەغدا گرنگ بێت، لە لایەکی دیکەوە نەبوونی پێشبینییەك بۆ گۆڕانکاری بنەڕەتی ئەو مەترسییانە زیاتر دەکات کە حکومەتی عێراق وابەئاسانی دەربازی نەبێت لە کێشە ئابووری و سیاسییەکان، ئەوەتا عومەرکەربولی جێگری سەرۆکی لیژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی عێراق رایگەیاندووە(( بودجەی عێراق بە شێوەیەکی نایاسایی و نادەستوری خەرج دەکرێت و بە ئاشکراش دزەپێکردنی نەوت هەیە و داهاتەکەی دیار نییە . ))، تەشـەنەکردنی

گەندەڵی و نەبوونی شەفافییەت لە وەزارەت و دامـــودەزگا حکومییەکان ئاســـتەنگێکی تری بـــەردەم پرۆســـەی گۆڕانکارییە، بە تایبەتی دوای ئەو راپۆرتە نێودەوڵەتییانەی کـــە عێراقیان بە دووەمیـــن وڵاتی گەندەڵ و ســـێیەمین وڵات دانا کە شـــەفافییەتی تێـــدا نییـــە، **ریچارد نـــاپ Richard naab بەرپرســـی گروپی کۆمپانیاکانی ئەمەریـــکا (وینترا)، دوای جەنك لە ٢٠٠٣ بەشداری لەپرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی عێراق کردووە،ســـەبارەت بە فیدرالییەت و حوکمی لامەرکەزی دەڵێت :**

من لە ئەرکـــی ئاوەدانکردنەوەو ســـەختی چارەســـەرەکان تێدەگەم، بـــەڵام ئەم ئەرکە بەباشـــی بەڕێوە ناچێت ئەگەر بێت و عێراق بەشـــێوەیەکی فیدرالیزم کاروبارەکانی نەبات بەڕێوە، خوازیاریـــن حکومەتی هەرێمەکان دەســـەڵاتی زیاتریـــان پێ بدرێـــت، بوونی هەرێمێکی فیدرال و ناوەندێکی بەهێز عێراق لەدەستێوەردانی دەرەکی دەپارێزێت..

لە ناوخۆی هەرێمیشدا بەدرێژایی ٢٧ساڵ ئامانجی پێشخستنی ئابووری و گەیشتن بە گەشەکردن و دەربازبوون لە پاشکەوتەیی ئابووری حکومەتی ناوەندی نەهاتە بەرهەم، بەهۆی شەڕی ناوخۆو گەمارۆی ئابووری و نەبوون و جێبەجێ نەکردنی پلان لە رووی پراکتیکییەوە، بەڵام لەدوای رزگارکردنی عێراقـــی دیکتاتـــۆری هەنـــگاو بەرەو وەبەرهێنان و رزگاربوون لە پاشـــکەوتەیی ئابووری نراوە، رێژەی بێکاری لەهەرێمی کوردســـتان بۆ٦٪ دابەزی، لە کاتێکدا لە خوارووی عێراق ١١٪و لە ناوەراست ٨,٢ ٪ لە *[1]،ئەمە لەکاتێکدا کەرتی پیشەسازی عێراق بە پێی راپۆرتێکی پیشەسازیکارانی عێراقی لـــە ٨٠٪ی کارگەکان داخراون)، بودجەی عێراق بە شێوەیەکی نایاسایی و نادەستوری خەرج دەکرێت و بە ئاشکراش دزەپێکردنـــی نەوت هەیـــە و داهاتەکەی دیار ئەمـــەش کارێکی ئاســـان نەبوو لە وڵاتێکدا بـــە ناوچەیەکی نائارام و پڕ لە مەترســـی دادەنرێت و زۆربەی کۆمپانیا ئەمەریکییـــەکان و بیانییـــەکان هەرێـــم و عێراقیـــان لەیەکتـــر جیانەکردۆتـــەوە، ئەمەریکـــی و کۆرییەکان بـــڕە پارەیەکی کەمیـــان بـــۆ ئاوەدانکردنـــەوە خـــەرج کـــردووە، لە هەولێـــر ٥٠٠ ملیۆن دۆلارو کۆرییەکانیش ٧٠ ملیۆن، کە زۆربەی لە پـــرۆژە خزمەتگوزارییەکانی ئاوو ئاوەڕۆو دروســـتکردنی قوتابخانەو نەخۆشخانە و کتێبخانە خەرجکراوە *[2].

**دکتۆر جۆن سولیڤان بەڕێوەبەری کارگێڕی لە سەنتەری پڕۆژەی تایبەتی نێودەوڵەتی (center for international private enterprise) کە سەر بە ژووری بازرگانی ئەمەریکایە (بۆگوڵان):**

# لەڕێگای پەیوەندییەکانتانەوە زیاتر داوای یارمەتی و هاوکاری بکەن، کە بۆ کەرتی وەبەرهێنان و گەشەی ئابووری پێویستە

**دکتۆر جۆن ســـولیڤان شـــارەزا لە پەیوەندی ئابووری نێودەوڵەتـــی و کەرتەکانی بازرگانی و وەبەرهێنان، ناوبراو لەلایەن سەنتەری پڕۆژەی تایبەتی نێودەوڵەتی راسپێردرابوو بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی تایبەت ســـەبارەت بە چۆنیەتی راکێشـــانی وەبەرهێنـــەری بیانی بۆ ناو عێراق، بۆچوون و پێشـــنیارەکانی ســـولیڤان لە کۆنفرانســـێکدا خرایە روو، کـــە لەلایەن حکومەتی ئەمەریکاوە سەرپەرشـــتی کرا . سولیڤان لایەنگری دابەشـــکردنی دەسەڵاتەکانی وەبەرهێنانە لە نێوان پارێزگاکاندا، کە لە ڕێگای لیژنەیەکی هاوبەشـــەوە دەتوانرێت بە ســـوود وەرگرتن لە نووسینگەکانی وەبەرهێنان لە پارێزگاکان عێراق ببێتە خاوەنی ستراتیژییەتێك بۆ وەبەرهێنان. لێرەدا پووختەی وەڵامەکانی دکتۆر جۆن سولیڤان بڵاودەکەینەوە.**

- ئێستا وەك دەبینین فرسەتی وەبەرهێنان لە شاری هەولێر و بەگشتی لە کوردستان زۆر باشە، ئێســـتا ژمارەیەکی زۆری کۆمپانیا ناوخۆیـــی و بیانییەکان ئامادەی کارکردن و وەبەرهێنانن، ئەمەش جێگای خۆشـــحاڵی یە، ئەوەی منی نائومێد کـــردووە ئەوەیە کە ژمارەی کۆمپانیا نێودەوڵەتییە ئەمریکی و ئەوروپییەکان هێندە زۆر نییە، بەڵام ئەوەش نیشـــانەیەکی زۆر خراپ نییـــە مـــادام کۆمپانیای تری نێودەوڵەتی لە کوردســـتان بوونیان هەیە ئـــەوا مانای ئەوەیە کۆمپانیای دیکەی ئەمەریکی و ئەوروپایی بەڕێوەن بۆ شاری هەولێر و هەرێمی کوردستان و بەدوای هەلدا دەگەڕێن. ئەو دەمەی ســـەردانی کوردستانم کردبوو لەگەڵ ئەندامێکی ژووری بازرگانی سلێمانی کۆبوومەوە و وتی: تا ئێستا ٢٠٠ کۆمپانیا وەبەرهێنانیان کردووە کە بەشی هەرە زۆریان نێودەوڵەتین، ئەمەش نیشانەیەکی زۆر باشە،ئەم واقیعە بێ بوونی فیدرالییەت و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان نایەتە بەرهەم، من زۆر لەگەڵ ئەو بۆچوونەدام کە ئابووری لە یەك ناوەند قۆرخ نەکرێت و دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبردن لە نێوان هەرێم و پارێزگاکان دابەش بێت .

کاتـــی ئەوەش هاتـــووە لەڕێـــگای پەیوەندییەکانتانەوە زیاتـــر داوای یارمەتی و هاوکاری هەماهەنگی بکەن کە بۆ کەرتی وەبەرهێنان و گەشـــەی ئابووری پێویســـتە، هەموو کەسێك پێویستی بە یارمەتی دەرەکی هەیە، ئەمە دژی بەیرەوکردنی فیدرالییەت نییە و پێشخستنی هەرێم کاریگەری باشـــی لەسەر پێشخستنی سەرجەم عێراق هەیە، لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کەرتی تایبەت پێویســـتی بە هێنانی خەڵکی شارەزای هیندستان بوو، پێویستی بە نەخشە و پلانی ئەوروپا بوو، پێویستی بە پارەیە لە کەنداو. کەواتە هەموو کەرتێکی تایبەت لە سەرتاســـەری جیهان بە جیاوازی ئاستی گەشەو پێشکەوتنی پێویستی بە هاریکاری دەرەکی هەیە.

**گوڵان: ئایا قەیرانە ئابووریە جیهانیەکان کاریگەریان لەســـەر ئابووری ناوخۆی کوردســـتان دەبێت؟**

بێ گومان هەندێ کاریگەری دەبێت. کەس نازانێت ئەو قەیرانان چەندە دەخایەنێت. هەرچەندە من ناوی نانێم قەیران چونکە تەنها شێوانێکی کاتییە کە دوایین شێوان لە ساڵی ١٩٨٠ ڕووی دا و تەنها دوو ساڵی خایاند. بۆیە پێم وایە ئەو شێوانەی ئێستا هەیە ڕەنگە تا پاییزی ساڵی ٢٠٠٩ کۆتایی پێ بێت، یان تا مانگی ســـێپتەمبەر و ئۆکتۆبەری ســـاڵی ٢٠٠٩. سەرەڕای ئەوەش پێم وایە هەرێمی کوردســـتان لەبەرئەوەی نەوتێکی زۆری هەیە بە باشـــی کارەکانی دەڕواتە پێش.

**سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە :**

**١- خەمڵاندنێکی وەزارەتی پلاندانانی عێراقی .**

**٢- دیمانەیەکی ژمارە٧١٣ گۆڤاری گوڵان لەگەڵ نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر.**



●●●

**کاتێک سەیری دەستووری عێراقی فیدراڵ دەکرێت، دەبینرێت دەسەڵات و ئازادییەکانی کەمە، لەگەڵ ئەمەشدا دەستێوەردانی سیاسیش هەیە لە کاروباری پەیڕەوکردنی بڕگە یاساییەکانی ناو دەستوور**

●●●

●●●

**کەرتی پیشەسازی عێراق بەرەو چارەسەر نەڕۆشتووەو بە پێی راپۆرتێکی پیشەسازیکارانی عێراقی لە ٨٠٪ی کارگەکان داخراون**

●●●